پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی هەشتەم

# هاوسەنگیەکی ڕێك بۆ پاراستنی دین و ئەحواڵەکان

بەشی پێنجەم (خۆشویستراوەکان)

نوسینی

شێخ عباس سەید فازڵ حەسەنی

وەرگێڕانی

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان



بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی وەرگێڕ

بسم الله، والصلاة والسلام على حبيب الله، سيدنا محمد وأله وصحبه وسلم تسليما كثيرا.

أما بعد:

دڵ و دەروون کە خاڵی ئەبێ لە خۆشەویستی دونیاو ڕق و کینەو نەخۆشیە دەروونیەکانی تر ئیتر دەبێتە جێگای درەوشانەوەی نوورەکانی خۆشەویستی، دواتر ئەندامەکانی دەدرەوشێنەوەو دەوروبەری خۆی ڕووناك دەکات، ئیتر خەڵك لەبەری دەحەسێتەوەو کۆمەڵگا بەرەو شارستانیەتێکی خۆشەویستی دەڕوا.

خۆشەویستی شتێك نیە مرۆڤ بە پارەو سامان بیکڕێ، بەڵکوو نرخەکەی لە زاتی خۆتدایە، بەڵام ئەوەندە هەیە دەبێ بگەڕێی لە جیهانی ژوورەوەی خۆتدا، کاتێك دەیدۆزیتەوە ئیتر لە هەموو لایەکەوە ئەنواری ئیلاهی بەو جیهانەی تۆ دەگات، وە کاتێکیش پێت دەگات مەست و مەجزوبی هۆگری و شەیدایی ئەو دەبیت، وە کاتێکیش ئەمە پەیدابوو ئیتر خۆشویستراو خۆشەویستی خۆی جەوەلان پێ دەکات لە مەملەکەتی خۆی، چونکە خێرایی خۆشەویستی ڕووح مەزندە ناکرێ لە کاتی ئەو گەڕانەیدا، خۆشەویست خۆشەویستی خۆی ڕادەکێشێ نەك ڕاکێشانی دووری بۆ دووری بەڵکوو ڕاکێشانی ڕێزلێنان، بۆیە لەو مەقام و پلەی خۆشەویستیەدا ئەم مرۆڤە هەم بە عیرفانی خودا دەگات، وە هەمیش بە مەعریفەی مرۆڤێتی زاتی خۆی دەگات، وە هەمیش بە مەعریفەی باقی مرۆڤەکان دەگات.

خۆشەویستان لە کۆن و نوێوە شت زۆر نوسراوە لەسەر خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم، وە هەم لەسەر خۆشەویستی ئیمانداران و

دۆستانی خواو خۆشەویستی مرۆڤ بوون (إنسانیەت)، جا لەو بوارەدا جەنابی شێخی پایە بەرزمان شێخ عباس سەید فازڵ حەسەنی سامەڕائی خوای گەورە بیپارێزێ هەڵساوە بە نوسینی کتێبی (میزان الإعتدال لحفظ الدین والأحوال ـ جزء الخامس ـ المحبوبات) واتە: هاوسەنگیەکی ڕێك بۆ پاراستنی دین و ئەحواڵەکان ـ بەرگی پێنجەم ـ خۆشویستراوەکان) جا ئێمەش پێمان باش بوو دەست بە وەرگێڕانی بکەین، بۆ گەیاندنی ئەو حەق و نوورە بە میللەتەکەمان، وە سوپاسی بێ هەژماری خوا دەکەین کە یارمەتیداین لە وەرگێڕانەکەدا، ئێمە بەو جۆرە کارمان لەسەر ئەو کتێبە کردووە: جەنابی شێخ وتەی هەر زانایەکی هێنابێ بەپێی توانا هەوڵمانداوە کەوا کورتە پێناسەیەکی ئەو کەسە بکەین لە پەراوێزدا، وە هەروەها تەخریجاتی شێخمان هێناوە لەسەر فەرموودەکان، لەگەڵ ئەوەش ئێمەش هەڵساوین تەخریجاتی زیاترمان کردووەو حوکمی زانایانمان لەبارەی فەرموودەکانەوە هێناوە.

**خوێنەری بەڕێز ئاگاداری ئەمانە بە!**

١ـ پەراوێزی شێخ عباسمان هێناوە لە بەرامبەری (دانەرمان) داناوە، وە پەراوێزەکانی بەندەش (وەرگێڕمان) داناوە.

٢ـ هەر کاتێ لە پەراوێز ئەم هێمایانەت بینی مەبەستمان پێی ئەوەیە (ب/بەرگی کتێب/ ل/ لاپەڕە/ ژ/ ژمارەی فەرموودە). وە (و/هـ/وەفاتی ئەو کەسە/د/لە دایکبوون/ك/هـ ساڵی کۆچی یان هیجری).

٣ـ جەنابی شێخ هیچ سەرە بابەتێکی نەنوسیوە چونکە عادەتی نوسینی ریسالە هەروایە، بەڵام بەندە هەڵساوە، ناونیشانی بۆ بابەتەکان داناوە، وە پێشەکی جەنابی

شێخ و بابەتەکانی تێکەڵاوەو لێکی جیا نەکردووەتەوە هەروەك گوتمان عادەتی ریسالە نوسین هەروایە، ئێمەش هەڵساوین کورتەیەك لە وتەکانی جەنابیان بۆ پێشەکی دامانناوە هەر لە خودی وتەکانی سەرەتای.

٤ـ جێگا هەیە جەنابی شێخ ئایەتێك یاخود فەرموودەیەکی هێناوە کەچی شەرحی نەکردووە، ئێمەش بەگەڕانەوەمان بۆ تەفسیرەکان و شەرحی فەرموودەکان هەڵساوین شەرحەکانمان لەدوای ئایەت یاخود فەرموودەکە داناوە، ئەمەش زیاتر بۆ زیاتر تێگەیشتنی خوێنەر.

هیواخوازم ئەم کتێبە ببێتە مایەی شانازی نووری چاوم سەروەرم فەخری کائینات حەزرەتی رسول الله صلی الله علیه وسلم، وە بووبێتە جێگای ڕەزامەندی خۆشەویستی هەموو خۆشەویستەکان بەدیهێنەری هەموو بوونەوەران رب العالمین جل جلاله. وە بووبێتە مایەی خۆشحاڵی و ڕەزامەندی گشت ئەولیاکانی خوای گەورەو ئیمانداران، خوایەگیان بیکەیتە توێشوویەکی نەبڕاوە بۆ هەموو ئیمانداران، ئامین، ئامین

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان

٢٠٢٠/٦/١٥ هەولێر

## کورتەیەك لە ژیاننامەی دانەر

ئەو زاتە ناوی تەواوی: شێخ عباس فازڵ سەید عەلی سامەڕائی حەسەنی یە. لە ساڵی (١٣٧١ کۆچی - بەرانبەر ١٩٥١ زایینی) لە قەڵای سامەرا لە دەوروبەری عێراق لە خێزانێکی بەناوبانگی تەقوادارو خاوەن ڕێزەوە لەدایکبووە. لە ڕەچەڵەکی گەورەمان حەسەنی موجتەبای کوڕی عەلی مورتەزایە (سەلامی خوا لە هەردووکیان بێ). لە ساڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ز لە قوتابخانەی "قەڵای کوڕان" خوێندویەتی، پاشان لە ناوەندی "المعتصم" لە سامەڕا خوێندویەتی، دوای ئەوە چۆتە قوتابخانەی خوێندنی ئایینی لە سامەڕاو لەوێ دەرچووە. ئەو کاتە خوێندنەکەی (١٢) ساڵی خایاندوە. گەیشتووە بە زانای گەورە "ئەحمەدی ڕاوی" و، لەسەر دەستی گەورە زانا شێخ "ئەیوب خەطیب" و "شێخ موخلێصی ڕاوی" و گەورە زانایانی شاری سامەڕا خوێندویەتی. لەوانە: شێخ مەهدی سەید محمود کازم و شێخ حوسێن محمد عەرەب و شێخ ماجد سەید أحمد عەبد پەروەردە بووە. پاشان لەوێ دەرچووەو چووەتە کۆلێژی شەریعە لە شاری بەغدا. بەکالۆریۆسی بەدەست هێناوە لە بەشی بنەماکانی ئایین (بیروباوەڕو فەلسەفە). لەوێ لەسەر دەستی دکتۆر بەرەکەی ئەزهەری و شێخ دکتور شافعی ئەزهەری و شێخ و زانا محمد نەمری خەطیبی لوبنانی فەڵەستینی و لەسەر دەستی زانای گەورە بەڕێزەکانی شاری بەغدا خوێندوویەتی. هەروەها هاوەڵێتی شێخ مصطفی کوڕی شێخ ئەبوبەکری هەڕشەمی نەقشبەندی کردووەو لە ساڵی ١٩٧٨-١٩٨٠ز، وە ئیجازەی زانستی قورئان و سوننەتیشی لەو وەرگرتووە، لە نەقلی و عەقلیەکاندا - دراية ورواية - والإجازة الروحية — والتوجه - والخرقة الروحية. پاشان گەیشت بە هاوەڵێتی زانای ڕەببانی دکتور شێخ عبدالله کوڕی شێخ مصطفی کوڕی شێخ ئەبوبەکری هەڕشەمی (خوای گەورە لێیان خۆش بێت)، ئیجازەی ڕەهاو خیرقەی ڕووحی لای ئەو لە ساڵی ١٤١٢ کۆچی وەرگرتووە. پاشان لە ڕێچکەی زانست و

زانیارییدا لەگەڵ  زانای خوایی شێخ موشەڕڕەف ئۆزجان بەرواری — کە یەکێکە لە گەورە زاناو عاریفەکانی کوردەکانی تورکیا - ئیجازەو خیرقەی ڕووحی و جێنشینی گشتی ڕەهایی لە ساڵی ١٤٢٧ کۆچی بەرامبەر بە ٢٠٠٤ زایینی وەرگرتووە. هەروەها ئیجازەی ئیرشادی سەربەخۆیی لەلایەن شێخ و زانای پایەبەرز محمد پیر شاهی قورەیشی عەباسی لە ساڵی ١٤٤٢ کۆچی بەرامبەر بە ٢٠٢٠ زاینی وەرگرتووە (خوای گەورە بیپارێزێ). ئەم زاتە یەکێکە لە گەورە زانا عاریفەکانی پاکستان. جەنابی شێخ چەندین کتێب و نووسراوی هەیە لە ژێرناوی (پەیامەکانی حەق و نوور) لە بارەی (زانست و بانگەوازو چاکسازی، وە پایەمەکانیشی زۆرە لەبارەی زانست و مەعریفەتی خوایی). کاری پێش نوێژی و وتاربێژی و ئامۆژگاری لە چەندین مزگەوت و شوێنی تری دەوروبەری عێراق کردووە لە ساڵانی ١٩٧٨ز یەوە تاوەکوو ئێستاکە. مامۆستاکەمان وانەی زانستەکانی ئایینی دەڵێتەوەو سەرقاڵی ئامۆژگاری و ئیرشادە لە مزگەوتەکەیدا (مزگەوتی ڕیباط کە لکاوە بە ڕیباطی بەرێزیان لە گەڕەکی قەلعە)[1] لە دەوروبەری شاری سامەڕا لە عێراق. هەروەها بووەتە ئەندام لە چاودێرانی گەورە نەسەبی هاشمی لە عێراق لە سالی ٢٠٠٤ز، دواتر بووەتە لێکۆڵەری نەسەبی پیرۆز. خاوەنی غیرەت و شەهامەتێکی گەورەیە لە نێو دڵی خەڵکیدا. سوورە لەسەر یەك بوونی ئوممەت و یەکڕیزی. زۆر ئەوە دووبارە دەکاتەوە دەڵێت: ئیلاهی ڕەوشتم بەندەییە. کارو پیشەشم خزمەتکردنی دڵەکان و ئوممەتە. لە وەڕع و تەقوادا زۆر توندو خۆپارێزو خاکییە. کاتەکانی نێوان زیکرو بیرکردنەوەو خوێندنەوەو وانە وتنەوەیە. سەدان زاناو قوتابی و بانگخوازو وتاربێژی لە دەوروبەری عێراق و دەرەوەی عێراق پێگەیاندووە. مزگەوتەکەشی بەشەو و بەڕۆژ کراوەیە بۆ فێرخوازان و خوێندکاراندا.

[1] رباط: مەبەست بەو ناوە خانەقای جەنابی شێخە، کە هەردووکی بەیەکەوەن و لەناو یەکن هەم مزگەوتەکەی، وە هەم خانەقاکەی. وەرگێڕ

له نوسراوەکانی:

١- الشخصية الإسلامية العالمية.

٢- صرخة للدين والأمة.

٣- العمل الروحي الإسلامي (التصوف).

٤- الهدي والنور في الرسالة والخاتمية والوارثية.

٥- الموازنة بعقيدة الغيب.

٦- آية الصلاة علي النبِي محمد (صلى الله عليه وسلم) وفوائدهافي الدنيا والآخرة.

٧- من أحوال رمضان وليلته المباركة.

٨- ميزان الاعتدال لحفظ الدين والأحوال (٦بەشە).

٩- حنين الفؤاد لأهل العقيدة والدلالة والصلاح.

١٠- مراتب الكمال بدين الله الإسلام.

ئەم پەیامانەش وەرگێڕدراون بۆ زمانی کوردی

١ـ خواپەرستی ئەهلی ویصاڵ.

٢ـ فیتەنەکانی ڕۆژگار.

٣ـ سەری ساڵی کۆچی و پیرۆزبایی.

٤ـ ئیسلام و پایەکانی کاملبوون.

**٥ـ هاوسەنگیەکی ڕێك بۆ پاراستنی دین و ئەحواڵەکان** (ئەمانە گشتی باوکی غەزالی وەریگێڕاون).

٦ـ هاوسەنگی ڕاگرتن لە باوەڕبوون بە غەیب (مامۆستا **محمد عبد الله** بەرزنجی).

## پێشەکی دانەر

أحمد الله لذاته، حمداً كما ينبغي لجلال وجهه، وعظيم سلطانه، اللهم لا أحصي ثناءاً عليك، أنت كما أثنيت على نفسك، فلك الحمد حتى ترضى، ولك الحمد بعد الرضا، ولك الحمد دوما وأبدا ـ حمداً يليق بكمال جلالك، وجمال كمالك، ﴿رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَصْلِحْ لِى فِى ذُرِّيَّتِىٓ ۖ إِنِّى تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٥﴾﴾[٢]، والصلاة والسلام على حبيب رب العالمين، وخاتم الأنبياء والمرسلين، وعلى آل بيت النبي الأطهار المكرمين، وأصحاب رسول الله الأتقياء الغر الميامين، وتابعيهم بإحسان الى يوم الدين، فهم السادة الهداة المهتدون ـ فرضوان الله تعالى عليهم أجمعين.

**أَمَّا بَعْدُ:**

خۆشەویستان ئەم پەیامە پایەی شەشەمە لە پایەکانی تەقوا، وە بەشێکە لە پەیامی هەشتەم، کە ناوبراوە: بە "هاوسەنگیەکی رێك بۆ پاراستنی دین و ئەحوالەکان"ـ ئەمە بەشی پێنجەمێتی کە بریتیە: لە کردنی "خۆشویستراوەکان"، ئەمەش بۆ خۆشەویستانی خوایی نوسراوە، ئەوانەی کە دۆستی خوان لە ئەولیاکان و چاکەکارەکان ـ رەزای خوایان لێ بێ، خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّى وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِىٓ ﴿٣٩﴾﴾[٣]، واتە: (تاوەکوو لە ژێر چاودێری و

---

[٢] سورة الأحقاف آية ١٥.

[٣] سورة طه آية ٣٩

**پارێزگاری خۆم تۆ پەروەردە بکەم، واتە: تۆم خۆش ویستووە، بۆیە هەرکەسێکیش خوای گەورە خۆشی بووێ ئەوە غەیری خوای گەورەش ئەویان خۆش ئەوێت)[٤].**

[٤] ئەم ڕوونکردنەوەیە هی دانەرە، وە گوفتارەکەش سەبارەت بە حەزرەتی موسایە سەلامی خوای لەسەر بێ کە کاتێ خوای گەورە ئیلهامی دایکی موسای کرد کە بیخاتە نێو سندوقێکەوە دواتر فڕێی بداتە نێو دەریاوە، ئینجا دوای ئەمە چۆن خۆشەویستی حەزرەتی موسای خستە نێو خانەوادەی فیرعەون و ئەویان هەڵگرتەوەو دواتر هەر خۆیان بەخێویان کرد، ئەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ تەفسیرەکان. وەرگێڕ

## خۆشەویستانی خوای گەورە

"بەڕێزان": خۆشەویستانی خوای گەورە ئەوانەن "کە لە ژێر چاودێری خوای گەورەدان، وە کەسانێکن ئامادەی شتگەلێك دەبن لە مەقامی ئیحساندا" ئەمەش بۆ پێغەمبەران و ئەولیاکان و خواناسەکانە، کە سانێکن خاوەن پلەن لای خوای مەزن ـ سبحانە وتعالی، وە پایەی ئەوانیشی بەرزکردووەتەوە، جا ئیمام و پێشەشنگی هەموویان لە خۆشەویستی و پلەو پایە ئەوە سەیدو مەولامان محمدە ﷺ، کە خۆشەویستی پەروەردگاری جیهانیانە، وە کۆتا پێغەمبەرە لە نێردراوەکان ـ صەلات و سەلامی خوای گەورە لەسەر ئەو و گشت پێغەمبەران بێت، هەروەکوو خوای گەورە لەبارەیەوە ئەفەرموویێت: ﴿تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُ ۖ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَٰتٍ ۚ ﴿٢٥٣﴾﴾[5]، واتە: (ئەمانەی کە لە پێش تۆدا ڕەوانەمان کرد ئەی محمد ﷺ کۆمەڵە پێغەمبەرانێك بوون لە لایەن ئێمەوە ڕاوانەمان کردن، جا هەندێکیمان بەسەر هەندێکیاندا گەورەتر کرد، ئەمەش بەوە کە هەندێك لەو پێغەمبەرانە هەبوون خوای گەورە گوفتاری لەگەڵ کردن، وەکوو حەزرەتی موسا، وە هەندێکیش لەوان پلەو پایەمان بەرزکردووەتەوە کە مەبەستی پێغەمبەرمانە ﷺ هەروەکوو ڕاڤەوانانی قورئان ئەفەرموون)[6]. جا ئیمامی بەغەوی[7]

---

[5] سورة البقرة آية ٢٥٣.

[6] ڕوونکردنەوەی وەرگێڕە.

[7] ئەبو محمد حوسێنی کوڕی مەسعودی کوڕی محمد فەڕڕائی بەغەوی شافیعیە، وە ناسناویشی (ڕوکنی دینە)، (د٤٣٦هـ_ و٥١٦هـ)، بەغەوی شارێکە لە خۆراسان لە نێوان (مەرو و هیراتە)، یەکێکە لە ئیمامەکانی ئەهلی سوننە، وە حافیزو ڕاڤەوان و شەرعناس و نوێکەرەوەی دین بووە، وە خزمەتێکی زۆری بەو ئیسلامە کردووە. وە یەکێکە لە قوتابییەکانی شەیخی صۆفیەکان (عبد الکریم کوڕی هەوازن کە بەناوبانگە، بە ئیمامی قوشەیری(و٤٦٥هـ))، وە یەکێکە لە شێرەکانی ئەهلی سوونەو جەماعە لە مەزهەبی ئەشعەریەکان.

ڕەزای خوای لیٚ بیٚ ئەفەرموویٚت: هەر ئایەت و موعجیزەیەك بۆ پیٚغەمبەریٚك هاتبیٚت مەگەر بۆ پیٚغەمبەری خواش هاتووە ﷺ، وە بە چەند موعجیزەیەكیش گەورەتر كراوە بەسەر غەیری خۆیدا، وەكوو: لەتبوونی مانگ بە ئاماژەكردنی پەنجەكانی، وە نالّەو ئەنینی دارەكە لەو كاتەی پیٚغەمبەری خوا ﷺ كە لیٚی جیابوویەوە، وە سەلام كردنی دارو بەرد لە بەریٚزیان، وە قسەكردنی ئاژەلّەكان لەگەلّی و شایەتیدانیان لەسەر پەیامەكەی، وە هەلّقولاّنی ئاو لە نیٚو پەنجە پیرۆزەكانی، وە غەیری ئەمانەش لە موعجیزەكان و ئایەتەكان كە لە هەژماردن نایەن، وە لە هەمووشیان دیارترو گەورەتر قورئانی پیرۆزە، هەر بۆیەش ئەوانەی كە لە ئاسمانەكان و زەویدا بوون بیٚ دەسەلاّت بوون لەوەی كەوا بتوان ویٚنەیەكی لەم قورئانە بیٚنن)[8]. هەروەكوو كاملّترینی پیٚغەمبەرانیش ئەفەرموویٚت: (مَا مِنَ الأَنْبِيَاءِ نَبِيٌّ إِلاَّ أُعْطِيَ مَا مِثْلَهُ آمَنَ عَلَيْهِ البَشَرُ، وَإِنَّمَا كَانَ الَّذِي أُوتِيتُ وَحْياً أَوْحَاهُ اللهُ إِلَّيَّ فَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَكْثَرُهُمْ تَابِعاً يَوْمَ القِيَامَةِ)[9]، واتە: هەر پیٚغەمبەریٚك لەو پیٚغەمبەرانەی پیٚشە من كە هاتبیٚ مەگەر موعجیزەی خۆی پیٚدراوە تاوەكوو خەلّكانی سەردەمانی خۆیان بڕوا بەخواو پیٚغەمبەرەكەی بهیٚنن، وە ئەوەی كە بە منیش بەخشراوەو پیٚی ڕەوانەكراوم ئەوە موعجیزەی قورئان و غەیری قورئانیشە كە لە لایەن خوای گەورەوە وەحی كراوە بۆم، هەر بۆیەش تكام وایە كەوا لە ڕۆژی دواییدا زۆرترین شویٚنكەوتەم هەبیٚت لە بەهەشتی پان و بەریندا.

---

لە دوای خۆشی چەندین كتیٚبی بەجیٚ هیٚشتووە، لەوانە: (تفسير البغوي، شرح السنة، مصابيح السنة...هتد)، بڕوانە: (مقدمة تفسير البغوي)(ب١_ل١٥) طبعة دار الطيبة.

[8] (معالم التنزيل في تفسير القرآن)(ب١_ل٣٤٢).

[9] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٤٩٨١). وە ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٣٩). لە ئەبو هوڕەیڕەوە ڕیوایەتیان كردووە.

وە هەروەها لە ئیبن و عەباسەوە[10] ڕەزای خوایان لیّ بیّ گێڕدراوەتەوە کەوا ئەفەرمووێت: کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشت بوون، بۆ خۆیان چاوەڕێی پێغەمبەریان ئەکرد ﷺ، ئەوەبوو پێغەمبەری خواش ﷺ دەرچوو لێیانەوە نزیك کەوتەوەو گوێی لە دەنگیان بوو کەوا باسی پێغەمبەرەکانیان ئەکرد، هەندێکیان ئەیانگوت: "جێگای سەرسامیە کەوا خوای گەورە لە نێو بوونەوەرانیدا ئیبراهیمی کردووەتە دۆستی خۆی"، یەکێکی تریان گوتی: "لەمە سارسامتر نیە کەوا خوای گەورە قسەو گوفتاری لەگەڵ حەزرەتی موسایە کردووە"، وە کەسێکی تریان گوتی: "حەزرەتی عیسا وتەو ڕۆحی خوای گەورەیە[11]، وە یەکێکی تریش گوتی: "خوای گەورە حەزرەتی ئادەمی هەڵبژاردووە"، ئەوەبوو پێغەمبەری خواش ﷺ هاتە لایان و سەلامی لیّ کردن، وە فەرمووی: "گوێبیستی قسەکان و سەرسامیەکانی ئێوە بووم، بێگومان ئیبراهیم دۆستی خوایە، هەر بەو جۆرەشە، وە

---

[10] عبد الله کوڕی عەباسی کوڕی عبد المطلبی هاشمی قوڕەیشیە، سیّ ساڵ بەر لە کۆچی هاوەڵان بۆ شاری مەدینە لە مەککەی پیرۆز لە دایك بووە، وە ساڵی وەفاتیشی (٦٧ھ یاخود ٦٨ھ)، بە خزمەت پێغەمبەری خوا گەیشتووەﷺ، وە ئامۆزایەتی، جا لەو کاتەی کە پێغەمبەری خواﷺ وەفاتی کرد ئەو تەمەنی سیانزە ساڵان بوو، وە یەکێکە لە زانا هەرە بەزرەکان لە نێو هاوەڵانی پێغەمبەری خواﷺ، وە بە (حَبْرُ الأمَّة) کەڵە زانای ئەم ئومە بەناوبانگە، وە شەرعناس و ڕاڤەوانی قوڕئان بووە، پێغەمبەری خواﷺ نزای بۆ کردووە، (پەروەردگارم شارەزای بکەی لە دین و فێری تەئویلیشی بکەی)، وە هەزارو شەشسەدو شەش فەرموودەشی لێوە ڕیوایەت کراوە، لە کۆتایی تەمەنیشیدا چاوەکانی لە دەستداو لە شاری طائیفیش کە لە نزیك شاری مەککەیە لەویّ وەفاتی کردووە، بڕوانە: (سیر الأعلام النبلاء)(ب٣_ل٣٣٢) طبعة مؤسسة الرسالة. وەرگێڕ

[11] ئاگاداربە! مەبەست لێرە کە ئەڵیّ: ڕۆحی خوای گەورەیە، ئەوە خستنە پاڵێکی ڕێزلیّ نانە بۆ حەزرەتی عیسا، وەکوو (بیت الله، ناقة الله (ماڵی خوا، حوشترەکەی خوا کە صالح پێغەمبەر بە گەلەکەی فەرموو، وە وێنەی ئەمانەش)، ئەگینا بەو مانایە نایێت کە عیسا ڕۆحی خۆی بێت واتە: بەشێك بێت لە خۆی، چونکە ڕۆح لە جیهانی ئەمرەوە هاتووە، بۆیە چیەتی و ماهیەتەکەی نازانین، بەڵام شێوەی دەرەوەی کە بەبەر مرۆڤدا کراوە ئەوە دروستکراوە بە کۆی زانا لێکۆڵەرەکان، بۆ ئەوەی زیاتر لەم بابەتە شارەزا بیت بڕوانە ئەم دانراوەی ئێمە: (ژیانەوەی دڵی ئیمانداران)(ل٨٢). وەرگێڕ

**موساش ڕازو نهێنی خوای گەورەیە[١٢]، هەر بەو جۆرەشە، وە عیسا وتەو ڕۆحی خوای گەورەیە، هەر بەو جۆرەشە، وە ئادەمیش هەڵبژێردراوی خوای گەورەیە، ئەمیش هەر بەو جۆرەیە، جا ئاگاداربن! منیش خۆشەویستی خوام، بێ ئەوەی شانازیش بەخۆمەوە بکەم، وە من هەڵگری ئاڵای سوپاسم لە ڕۆژی دوایی، بێ ئەوەی شانازیش بەخۆمەوە بکەم، وە من یەکەم کەسێکم کەوا حەڵقەی دەرگای بەهەشت ئەجوڵێنێ[١٣]، جا دەرگاکەم بۆ ئەکەنەوەو ئەم خەنە نێو بەهەشتەوە، وە لەگەڵ منیشدا هەژارە ئیماندارەکانیش ئەهێننە ژوورەوە، بێ ئەوەی شانازی بەخۆمەوە بکەم، وە من یەکەم کەسم کە شەفاعەت ئەکەم، وە یەکەم کەسیشم کە شەفاعەتم وەرگیراوە، بێ ئەوەش شانازی بەخۆمەوە بکەم، وە لە نێو مرۆڤایەتیشدا من ڕێزدارترین کەسم لای خوای گەورە، بێ ئەوەی شانازیش بەخۆمەوە بکەم)[١٤].**

---

[١٢] لە فەرموودەکە (نَجِيُّ اللهِ) هاتووە: ئیمامی ڕازی ئەفەرمووێت: (نَجِيٌّ) لەسەر وەزنی فەعیلە کە بەنهێنی ڕازی خۆی لا ئەدرکێنێ، وە کۆکەشی (الأنْجِيَةُ)، جا ئەخفەش ئەفەرمووێت: "ئەکرێ وشەی (نَجِيٌّ) لە نێوان کۆمەڵێك بێ وەکوو هاوەڵێتی هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێت ﴿خَلَصُواْ نَجِيًّا﴾ سورة يوسف آية ٨٠، واتە: هەر یەکەیان خۆیان یەکلا کردەوەو بەنهێنی قسەیان لەگەڵ یەکتر ئەکرد"، وە فەڕڕائیش ئەفەرمووێت: "ئەکرێ وشەی (نَجِيٌّ) لەگەڵ (نَجْوى) ناو بێت یاخود چاووگ". بڕوانە: (مختار الصحاح)(ل٥٥٧_حرف النون_نجا). وەرگێڕ

[١٣] واتە: هەروەك چۆن دەرگا کۆنەکان و ئەوانەی ئێستاکە حەڵقەیان هەبووە لە بری زەنگ لێدان ئەمەیان بەکاریان هێناوە، ئیتر ئەمەش بۆ تێگەیشتنی هاوەڵەکان ئەم گوفتارەی بەکارهێناوە، چونکە لە دونیا زانست وا پێشکەوتووە کەوا جۆرەها زەنگی دەرگا دروستکراوە، وە بگرە ئامێری کامێراو قسەکردنیش ئێستا لەبەر دەرگای ماڵەکان دانراوە، لەوانەیە لە داهاتوو لەوانەش پێشکەوتوو تر دروست بکرێت، ئەمە ئەگەر لە دونیا بەو جۆرە بێت ئەی ئەبێ ئەوانەی دەرگاکانی بەهەشت چۆن بێت، کە هیچ چاوێك نەیبینوەو هیچ گوێچکەیەك نەیبیستووەو هیچ دڵێکیش خەیاڵی بۆ نەکردووە تاوەکوو بزانێ چۆنەو چۆن نیە. وەرگێڕ

[١٤] سەنەدەکەی زەعیفەو شاهێدیشی هەیە. ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٦١٦). وە داڕەمی لە (سنن الدرامی)(ژ٤٨)، ڕیوایەتیان کردووە، ئیمامی ترمذی ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی غەریبە". وە حافیزی عێڕاقی لەسەری بێ دەنگە بەڵام شاهێدەکانی لەسەر هێناوە لە ڕیوایەتەکانی تر، بڕوانە: (تخريج الأحاديث الإحياء)(ب٦_ل٢٧١٢_ژ٤١٢٣) طبعة دار العاصمة. بەڵام ئەلبانی بە زەعیفی داناوە، بڕوانە: (ضعيف

**جا مانای ئەو فەرموودەیە صەحیحەو چەندین شاهێدیشی هەیە، لەوانە: ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خواﷺ کە ئەفەرمووێت: (أَنَا سَيِّدُ وَلَدِ آدَمَ يَوْمَ القِيَامَةِ، وَأَوَّلُ مَنْ يَنْشَقُّ عَنْهُ الْقَبْرُ، وَأَوَّلُ شَافِعٍ، وَأَوَّلُ مُشَفَّعٍ)[١٥] واتە: لە ڕۆژی دواییدا من گەورەی هەموو نەوەکانی ئادەمم، وە من یەکەم کەسم کەوا گۆڕەکەم لەت ئەبێت و دێمە دەرەوە، وە یەکەم کەسیشم کەوا شافەعەت ئەکەم و شەفاعەتیشم وەرگیراوە. وە لە ڕیوایەتی تردا هاتووە ئەفەرمووێت: (أَنَا قَائِدُ الْمُرْسَلِينَ وَلا فَخْرَ، وَأَنَا خَاتَمُ النَّبِيِّنَ وَلا فَخْرَ، وَأَنَا أَوَّلُ شَافِعٍ وَمُشَفَّعٍ وَلا فَخْرَ)[١٦]، واتە: من گەورەی**

---

الترمذي)(ژ٧٤٢). سەبارەت بە پیاوەکانی سەنەدەکە منیش ئەڵێم: ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: "عبيد الله کوڕی عبد المجيدو سەلەمەی کوڕی وەهرام پیاوانێکی ڕاستگۆن، وە زەمعەی کوڕی صالّحی جەنەدی زەعیفە" بڕوانە: (التقريب التهذيب)(ب١_ل٦٤٢/ل٤٠٢/ل٣٤٠) طبعة دار العاصمة. وە ئیبن و حەجەری هەیثەمی لە چەند فەرموودەیەکی تردا کە پەیوەندی بەم فەرموودەوە نیە جا لە سەنەدەکانیاندا ئەم زەمعەی کوڕی صالّحی جەندی تێدایە لە بارەیەوە ئەفەرمووێت: "خەڵکی بە زەعیفیان داناوە"، وە لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێت: "قسە هەیە لە بارەیەوە، وە هەندێکیش متامنەیان پێداوە"، وە لەو فەرموودەشدا ئەفەرمووێت: (خوای گەورە لە ئاستی حەق شەرم نایگرێ، بۆیە لە دواوەیانەوە مەچوونە لای ئافرەتەکانتان، واتە: جووت مەبن لەگەڵیان لە ڕێگای کۆمەوە چونکە حەرامە) ئەبو یەعلاو بەزارو تەبەڕانیش لە (کبیر) ڕیوایەتیان کردووە، جا پیاوەکانی ئەبو یەعلا پیاوانێکی صەحیحن جگە لە یەعلای کوڕی یەمان نەبێت کە متمانە پێکراوە". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١_ل٣٣٤_ب٣_ل٢٢٠_ب٤_٢٩٨) طبعة دار الكتب العربي. یاخود (جامع المسانيد والسنن)(ب١٨_ل٢٩٨_ژ٥٤٤) هی ئیبن و کەثیر، طبعة دار الفكر. وەرگێڕ

[١٥] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٢٧٨) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە. دانەر

[١٦] حەسەنە. داڕەمی لە (سنن الدارمي)(ژ٥٠). وە تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ب١_ل٦١). وە بەیهەقی لە (الإعتقاد والهداية إلى سبيل الرشاد)(ل١٩٢) لە جابری کوڕی عبد الله ڕیوایەتیان کردووە. دانەر. منیش ئەڵێم: فەرموودەناس حوسێن سەلیم دارانی ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی (جيد) چاکە، بوخاری لە (تاريخ الكبير)(ب٤_ل٢٨٤). وە تەبەڕانی لە (الأوسط)(ب١_ل١٤٢_ژ١٧٢)، وە لە (مجمع البحرين)(ب٦_ل١٥٠_ژ٣٥١٧). وە بەیهەقی لە (دلائل النبوة)(ب٥_ل٤٨٠) لە ڕێگای بەکری کوڕی موضەڕەوە بەو سەنەدەوە ڕیوایەتیان کردووە، وە هەیثەمیش ئەفەرمووێت: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووەو لە سەنەدەکەی صالّحی کوڕی عەطای کوڕی خەبابی تێدایە ناینانسم، وە باقی پیاوەکانی تر باوەڕپێکراون"، بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب٨_ل٢٥٨)، جا هەر حوسێن دارانی وەڵام ئەداتەوەو ئەفەرمووێت: "بوخاری لە

پێغەمبەرانم و شانازیش بەوەوە ناکەم، وە من کۆتایی هەموو پێغەمبەرانم و شانازیش بەوەوە ناکەم، وە من یەکەم کەسێکم کە شەفاعەت ئەکەم و شەفاعەتیشم وەرگیراو ئەبێت بێ ئەوەی شانازیش بەخۆمەوە بکەم و کەیفم بەخۆ بێت.

وە هەروەها لە ڕیوایەتی تردا هاتووە: (أَنَا سَيِّدُ وَلَدِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلا فَخْرَ، وَبِيَدِي لِوَاءُ الْحَمْدِ وَلا فَخْرَ، وَمَا مِنْ نَبِيٍّ يَوْمَئِذٍ آدَمَ فَمَنْ سِوَاهُ الاَّ تَحْتَ لِوَائِي، وَأَنَا أَوَّلُ مَنْ تَنْشَقُّ عَنْهُ الأَرْضُ وَلا فَخْرَ)[17]، واتە: لە ڕۆژی دواییدا من گەورەی هەموو ڕۆڵەکانی ئادەمم بێ ئەوەی شانازی بەخۆمەوە بکەم، وە ئاڵای حەمدو سوپاسیش بە دەستی منەوەیە بێ ئەوەش شانازی بەخۆمەوە بکەم، وە هەموو پێغەمبەرەکانیش لەو ڕۆژەدا بە ئادەمەوە سەلامی خوایان لەسەر بێ لە ژێر ئاڵای مندان، وە من یەکەم کەسم کەوا گۆڕەکەم لەت ئەبێت و دێمە دەرەوە بێ ئەوەش شانازی بەخۆمەوە بکەم.

---

(کبیر) ڕیوایەتی لێوە کردووەو جەڕح و تەعدیلی نەکردووە، وە ئیبن حیبانیش لە کتێبی (الثقات) لە باوەڕپێکراوەکانی هەژمارکردووە". بڕوانە: (سنن الدارمی بتحقیق حسین سلیم أسد الداراني)(ب١_ل١٩١_ژ٥٠) طبعة دار المغني. وەرگێڕ

[17] صەحیحە. ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٦١٥) لە ئەبو سەعیدەوە ڕیوایەتی کردووەو ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی حەسەنە". دانەر. منیش ئەڵێم: ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٢٦٩٢). وە ئیبن و ماجە لە (سنن إبن ماجە)(ژ٤٣٠٨) لە ئەبو سەعیدەوە ڕیوایەتیان کردووە، وە ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (صحیح الجامع)(ژ١٤٦٤). وەرگێڕ

## شوێنکەوتن و خۆشەویستی

خۆشەویستان خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣١﴾[18]، ئەی محمدﷺ تۆ بەو خەڵکە بڵێ: ئەگەر ئێوە بەڕاستی خوای گەورەتان خۆش ئەوێت ئەوە شوێن من ئەکەون تاوەکوو بەهۆیەوە خوای گەورەش ئێوەی خۆش بووێت، وە هەم لە گوناهەکانیشتان ببورێت[19]، جا بەڕاستی خوای گەورە زۆر لێبوردەو میهرەبانە. وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ٥٤﴾[20]، واتە: سیفەتی ئەو کەسانەی کەوا شوێن پێغەمبەری خوا ئەکەون ﷺ ئەوەیە کەوا ئەمان خوای گەورەیان زۆر خۆش ئەوێت، بۆیە لەبری ئەوەش خوای گەورەش ئەوانی زۆر خۆش ئەوێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يَكُونَ اللهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا)[21]، واتە: هیچ کەسێك لە ئێوە ئیمانی کامڵ نابێت هەتاوەکوو خوای گەورەو منی لە هەمووی کەسێك خۆشتر ئەوێت. ئومەتی

---

[18] سورة آل عمران آية ٣١.

[19] هەر چەندە مرۆڤ بانگەشەی خۆشەویستی خوایی بکات کەچی گوناهو تاوان هەر بە گەردەنیایەتی و نابێ لە خۆی ئەمین بێ، وە لەبەر ئەوەش هەر چەندە مرۆڤ بگاتە مەقامی خواناسین و کەماڵی ئیمان هەر کەمتەرخەمە لە ئاستی خوایا، بۆیە داخوازی لێخۆشبوونی خوای گەورە ئەکات تاوەکوو بەو لێخۆشبوونە بیخاتە پلەی کەماڵی ئیمانی نەزەری و شهودی، بیرکەرەوە. وەرگێڕ

[20] سورة آل عمران آية ٥٤.

[21] صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٢٠_ل٣٩٧_ژ١٣١٥١) لە ئەنەسەوە ڕیوایەتی کردووە، شوعەیب ئەڕنائوت ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە لەسەر شەرتی شەیخەین". دانەر. منیش ئەڵێم: ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ١٦_ ژ٦٩٤١). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٤٣) لە ئەنەسەوە ڕیوایەتیان کردووە. بەڵام لە فزەکەی سەرەوە هی ئەحمەدە. وەرگێڕ

ئیسلام لەسەر ئەوە یەکدەنگن کەوا خۆشەویستی خواو پێغەمبەر ﷺ واجیبێکی شەرعیە، وە نیشانەی مەزنێتی ئیمانە، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبّٗا لِّلَّهِۗ ١٦٥﴾[٢٢]، واتە: ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە بە خواو پێغەمبەرەکەی، وە گوێڕایەڵن بە دڵ و ئەندامەکانیانەوە بەڕاستی زۆر خوای گەورەیان خۆش ویستووە. لەبەر ئەوەی خوای گەورە یەکەمجار ئەوانی خۆش ویستووە، ئینجا ئەوان ئەویان خۆش ویستووە، ـ جلَّ جلاله وعم فضله ونواله ـ وتقدست أسمائه وصفاته.

ـ کەم خۆشەویستی نیشانەی بێ هێزی ئیمانە، وە ئەکرێ نزیکتر بێ لە پێ ناخۆش بوون و ناپەسەندیەوە، وە پێ ناپەسەندیش لە دینی خوای گەورە کوفرە یاخود دووڕوویە، پەنا بەخوای گەورە. جا هەر کەسێك تەحقیقی خۆشەویستی بکات ئەوە لەسەر یەکتاپەرستیە لە ڕووی خۆیەکلایی کردنەوەو بەتاك گرتن، جا یەکتاپەرستیش بەمانای: دانپیادانان، وە خۆیەکلایی کردنەوەش بەمانای: ئیخلاص و نیەت پاکی دێت، وە بەتاکگرتنیش بەمانای: خۆداڕنین لە هەموو شتێك تەنیا بۆ لای ئەو ـ سبحانە وتعالی، لە هەموو حاڵەتەکان بە تەواوێتی.

هەرچی خۆشەویستیە، ئەوە: ویست و هەڵبژاردنە لە لایەن خوای گەورەوە، وە خۆشەویستیش چەند پایەکی هەیە هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿فَٱجۡتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَجَعَلَهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ٥٠﴾[٢٣]، واتە: پەروەردگار حەزرەتی نوحی

[٢٢] سورة البقرة آية ١٦٥.

[٢٣] سورة القلم آية ٥٠. خوای گەورە ویست کردو ئەو بەندە چاکەی خۆی هەڵبژارد بۆ پێشەوایەتی کردنی خەڵکی، واتە: ویست و هەڵبژاردن، جا خۆشبەختی بۆ ئەوکەسەی کەوا هەڵئەبژێردرێت. وەرگێڕ

هەڵبژاردو گێڕای بە یەکێك لە پیاوچاکان و پێغەمبەرانی خۆی، واتە: هەڵیبژارد، ئەمەش لەبەر پایە بەرزەکەی.

## مەزنێتی خۆشەویستی

خۆشەویستی مەزنترین پلەوپایە، وە گرینگترینی گرینگیەکانە، "وە هیچ تام چێژەکیش نیە لە خۆشەویستی و مەعریفەتی خوایی مەزنتر بێت"، خۆشەویستی بریتیە: لەبەردەوام بوون لەسەر گوێڕایەڵی و ئاداب ـ لە گوفتارو کردارو ئەحواڵەکان[٢٤]، "وە مەزنترین دەرگاشە بۆ چوونە ژوورەوە بۆ مەعریفەتی خوایی"، بۆیە ئەگەر کەسێك خۆی تێکەڵی دەریای مەعریفەت نەکات و سوودی لیٚ وەرنەگرێت ئیتر چۆن دان بە حەقیقەتی مەعریفەت دائەنێت؟!!، کە مەزنترین ڕوکنی خواپەرستیە، وە مەیلێکی بەردەوامیشە بە دڵێکی شەیداو جۆش وخرۆش، وە شوێنکەوتنی شەرعیشە بەبیٚ وەستاوی[٢٥]، یەکەم جار ئەم مەیلە لەسەر ئەندامەکانی دەرەوە دەرئەکەوێت بەشوێنکەوتن، "کە هەر ئەمەش بنچینەیە". وە دوەمیشیان: لەسەر دڵە ڕاستگۆیەکان دەرئەکەوێت، ئەمەش بەهۆی پاڵفتەکردن و هەژاری نواندن. وە سێیەمیشیان: لەسەر بێداری و توانایی دەرئەکەوێت، لە سەیرکردنی خۆشەویست[٢٦]، جا سەرەتاکەی: "گوێڕایەڵی و خزمەتە"، وە ناوەندەکەشی "شەیدایی و هەژارییە، وە کۆتاییەکەشی: "ئینشیڕاح و مانەوەیە"

---

[٢٤] هەر کاتێك وشەی ئەحواڵت بیست لای ئەهلی تەصەوف ئەوە مەبەستیان حاڵی دڵ و نەفس و فیکری ئەو کەسەیە لەگەڵ خوای گەورە، بەمانای حاڵی دونیایی نایێت، والله أعلم. وەرگێڕ

[٢٥] واتە: پێکانی لەسەر ڕاستە شەقامی شەرعی پیرۆز لا نادات. وەرگێڕ

[٢٦] مەبەستی جەنابی شێخ لەوەی سێیەم ئەوەیە: کە بەندە گەیشتە حاڵەتی بەرزی ئیمانی و صەفای دڵ ئەو کاتە خوای گەورە ئەکریٚ لە بێداری شتی پیٚ نیشان بدات، چونکە توانای هەیەو ئامادەیە بۆ بینینی سەیری ئەو شتانە، وە سەیرکردنی خۆشەویستیش مەبەستی خوای گەورە، بە حاڵەتی چاوی دڵ، کە چۆن خوای گەورە لە ڕێی ناو و سیفەتە بەرزەکانیەوە خۆی بۆ ئەم بەندە ڕاستگۆیانە دەرئەخات، ئەمەش بۆ هەموو کەسێك وەدەست نایێت مەگەر تاکە تاکە نەبێت لە نێو ئەولیاکانی خوای گەورە، چونکە مەقامێکە هەموو کەسێك بەرگە ناگرێت، بیرکەرەوە. وەرگێڕ

واته: وەك ئەوەی ئەو ببینێ لە هەردوو مەقامی "هاودەمی و عیرفان"[٢٧] جل جلاله وعم فضله ونواله.

ـ خۆشەویستی: نهێنی وەرگیران و ڕووتێکردنی خوای گەورەیە ـ جل جلاله، ئەمەش کاکڵەی دینە، وە ڕۆحی تەقواشە، وە پلە نزیکەکانە لای خوای گەورە، ئا لەو کاتەدا ئەو دڵە ئەبێتە دەلاقەیەکی نووری ڕێژنە نوورینەکانی پەروەردگاریێتی ـ "لە بەرزبوونەوەو ڕێنیشانداندان"[٢٨]، وە ڕێگای خۆشەویستیش ڕێگای ئەولیاکانە، کە ئەبێ "هیچ شتێکی دونیایی لە دڵدا نەمێنێت، کاروباری دونیاشی تەنیا بەڕووکەشی بێت"[٢٩]، جا گرتنەبەری هۆکارەکان سونەتە، وە پەیوەست بوون و پشت بەستنیش لەسەر هۆکەرەکەیە کە خوای پەروەردگارە، ئەمەش لە بیروباوەڕەوەیە، بۆیە کۆکردنەوەی ئەم دووانەش دین و دینداریە بۆ لای خوای گەورە". بیرکەرەوە

"خۆشەویستان": دڵی پیاوچاك نووری خوای گەورەی تێدا پێچەوانە ئەبێتەوە، وە بەهۆی خۆشەویستیشەوە دڵ ئەبێتە دەفری خوای گەورە جل جلالـه، هەروەکوو کاملترینی هەموو پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) فەرموویەتی: (إِنَّ لِلَّهِ آنِيَةً مِنْ أَهْلِ الأَرْضِ، وَآنِيَةُ رَبِّكُمْ قُلُوبُ عِبَادِهِ الصَّالِحِينَ، وَأَحَبُّهَا إِلَيْهِ: أَلْيَنُهَا

[٢٧] واتە: ئیتر هۆگرو هاودەمی خوای گەورە ئەبێت لە مەقامی عیرفانا، جگە لە زاتی ئەو ناتوانێ ببێتە هاودەردی هیچ کەسێك. وەرگێڕ

[٢٨] مەبەستی جەنابی شێخ ئەوەیە: هەر کاتێك ئەو دڵە بووە دەلاقەکی نوورینی خوای گەورە ئیتر ئەم ڕۆحە گەڕان ئەکات و بەرزئەبێتەوە بەنێو گەردوون و ڕێنموویی ئەکرێت لەلایەن خوای گەورەوە، ئەمە شتێکی زۆر ڕۆشنە لای عارفەکان، بۆیە ئەگەر ئەتەوێت لەم بابەتانە زیاتر تێبگەیت ئەوە بگەڕێوە بۆ کتێبی ژیانەوەی دڵی ئیمانداران، کە یەکێکە لە دانراوە دەگمەنەکانی ئێمە. وەرگێڕ

[٢٩] واتە: هۆکارەکان ئەگریتە بەرو تەنیا بەڕووکەشی نەك دڵت پەیوەست کەی بەو شتە دونیاییانە، بۆ نموونە: کاری بازرگانی ئەکەی، تۆ پشت بەو بازرگانیەی خۆت نابەستی و دڵت پێیەوە سەرقاڵ بکەی لەبری خوای گەورە، بەڵکوو تەنیا دڵت بەخوای گەورە پەیوەست ئەکەیت و پشت بەو ئەبەستیت. وەرگێڕ

**وَأَرَقُّهَا)[٣٠] واتە: (خوای گەورە لە لای خەڵکی سەر زەوی دەفرو قاپی هەیە، جا دەفری پەروەردگارتان دڵی بەندە چاکەکانیەتی، وە خۆشەویسترین دڵیش بەلایەوە: نەرمترین و میهرەبانترینیانە).**

**وە لە ئەبو موساوە ڕەزای خوای لێ بێ[٣١] ڕیوایەت کراوەو ئەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ لە ناو ئێمە هەستاوەو پێنچ وشەی بە ئێمە فەرموو: (إِنَّ اللهَ لَا يَنَامُ، وَلَا يَنْبَغِي لَهُ أَنْ يَنَامَ، يَخْفِضُ الْقِسْطَ وَيَرْفَعُهُ، يُرْفَعُ إِلَيْهِ عَمَلُ اللَّيْلِ قَبْلَ عَمَلِ النَّهَارِ، وَعَمَلُ النَّهَارِ قَبْلَ عَمَلِ اللَّيْلِ، حِجَابُهُ النُّورُ، لَوْ كَشَفَهُ لَأَحْرَقَتْ سُبُحَاتُ وَجْهِهِ مَا**

---

[٣٠] حەسەنە. تەبەڕانی لە (مسند الشامين)(ب٢/ل١٩/ژ٨٤٠) لە ئەبو عینەبەتی خەولانیەوە بە مەڕفوعی ڕیوایەتی کردووە. دانەر. منیش ئەڵێم: حەکیمی ترمذی لە (النوادر)(ب٣_ل٤). وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٦_ل١٠٢). لە ئەبو ئومامەی باهیلیەوە ڕیوایەتیان کردووەو ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی غەریبەو لە فەرموودەکانی ثەورە". وە عەجلونی لە (الكشف الخفاء)(ب٢_ل٢٥٦) هێناویەتی. وە ئەلبانیش ئەفەرمووێت: "تەبەڕانی لە (معجم الكبير) ڕیوایەتی کردووەو سەنەکەشی بەهێزە، وە پیاوەکانیشی هەمووی باوەڕپێکراون جگە لە بەقیەی کوڕی وەلید نەبێت کە ڕاستگۆیەو تەدلیسی زۆر بووە لە زەعیفەکانەوە هەروەکوو حافیزی عەسقەلانی فەرموویەتی". بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٤_ل٢٦٣_ذ١٦٩١). وە ئیمامی غەزالیش لە (إحياء علوم الدين)(ب٣_ل١٠) هێناویەتی جا حافیزی عێڕاقی سەنەدەکەی بە (جيد) چاك داناوەو مەنناویش ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی حەسەنە". جا نزیکترین ڕیوایەت لە ریوایەتەکەی ئیمامی غەزالی بچێت ئەوە ڕیوایەتەکەی حەکیمی ترمذیە. وە بڕوانە: (جامع الأحاديث للسيوطي)(ب٩_ل١٩٦/١٢١_ژ٨٢٣١/٨٢٨٧). وەرگێڕ

[٣١] عبد الله کوڕی قەیسی کوڕی کوڕی سولەیمی کوڕی حوضاری کوڕی حەڕبە، کە بە ئەموسای ئەشعەری بەناوبانگە، ئیمامی گەورەو شەرعناس و قوڕئان خوێن و دەنگ خۆش و هاوەڵی گەورەی پێغەمبەری خوا بووەﷺ، لە مەککەی پیرۆز موسڵمان بووە، دواتر لەگەڵ هاوەڵەکانی حەبەشە کە ئیمامی جەعەفەریشیان لەگەڵ بوو گشتیان بەیەکەوە لە حەبەشەوە بەرەو خەیبەر ڕۆیشتن چونکە لەو کاتەی پێغەمبەری خواﷺ خەریکی جەنگ بوو لەگەڵ یەهودیەکانی خەیبەر، ئیتر لەوێ بەخزمەت پێغەمبەری خواﷺ گەیشت، وە پێغەمبەری خواﷺ لەو غەنیمەی کە دەستیان کەوتبوو لە جەنگی خەیبەر پشکی ئەبو موساشی لێوە دا، وە ئەبو موسا فەرموودەی زۆر گێڕاوەتەوە سێ سەدو شەست فەرموودە لە (مسند)، وە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیم ٤٩ فەرموودە لێەوە گێڕدراوەتەوە، ئەوەی صەحیحیش بێت لە (٤٤ھ) لە مەدینەی پیرۆز وەفاتی کردووە. بڕوانە: (سير الأعلام النبلاء)(ب٢_ل٣٨١) طبعة مؤسسة الرسالة. وەرگێڕ

**انْتَهَى إِلَيْهِ بَصَرُهُ مِنْ خَلْقِهِ)[٣٢] واته: (خوای گەورە ناخەوێ، وە ناشکرێ بۆ ئەو بخەوێ چونکە مەحاڵە نوستن بۆ ئەو، وە سیفەتی نوستن هی بەندەکانە، وە بە دادپەروەری خۆی تەرازووی کردەوەکان و خۆراك و ڕۆزی بەندەکانی بەرز ئەکاتەوەو دایان ئەبەزێنێت، کردەوەکانی شەوێ بۆ لای ئەو بەرز ئەبێتەوە پێش کردەوەکانی ڕۆژێ، وە کردەوەکانی ڕۆژێش بەرز ئەبێتەوە بۆ لای پێش کردەوەکانی شەوێ، حیجاب و پەردە پۆشەکانی هەمووی نوورە، ئەگەر بێت و خۆی دەربخات بۆ دروستکراوانی ئەوە بەهۆی تیشکی نووری زاتی پاکی کە گشتیان ئەبینێ ئەسووتان، ئیمامی نەوەوی و غەیری ئەویش ڕەزای خوایان لێ بێ ئەفەرموون: (السُبُحَات کۆی سُبْحَةَ: ئەو تیشك و نوورە جوانەیە کە لە زاتی پاکی جوانی نووری پەروەردگار ئەدرەوشێتەوە).**

**وە هەروەها خۆشەویستمان ئەفەرموویێت: (اللَّهُمَّ ارْزُقْنِي حُبَّكَ، وَحُبَّ مَنْ يَنْفَعُنِي حُبُّهُ عِنْدَكَ، اللَّهُمَّ مَا رَزَقْتَنِي مِمَّا أُحِبُّ فَاجْعَلْهُ قُوَّةً لِي فِيمَا تُحِبُّ، اللَّهُمَّ وَمَا زَوَيْتَ عَنِّي مِمَّا أُحِبُّ فَاجْعَلْهُ فَرَاغاً لِي فِيمَا تُحِبُّ)[٣٣] واته: (پەروەردگارم**

---

[٣٢] صەحیحە. ئیمامی موسلم لە (صحيح مسلم)(ژ٢٩٣) ڕیوایەتی کردوە . دانەر

[٣٣] حەسەنە. ترمذی لە (سنن الترمذی)(ژ٣٤٩١). وە وە ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف إبن أبي شيبة)(ب٦_ل٧٦_ژ٣٤٩١). لە عبد الله کوڕی یەزیدی خەطمی ئەنساڕیەوە ڕیوایەتی کردووە". دانەر. منیش ئەڵێم: ترمذی ئەفەرموویێت: "حەسەن و غەریبە"، وە شێخ عبد القادر ئەرناؤوت موافیقە لەسەر حەسەنێتیەکەی، بڕوانە: (جامع الأصول في أحاديث الرسول للإمام أبي السعادات إبن الأثير الجزري، بتحقيق الشيخ عبد القادر الأرنؤوط)(ب٤_ل٣٤١_ژ٢٣٦٣) مطبعة الملاح. وە تەبەڕانی لە (الدعاء بتحقيق الدكتور محمد سعيد بن محمد حسن البخاري)(ب١_ل١٤٥٤_ژ١٤٠٣) طبعة دار البشائر الإسلامية، ڕیوایەتیان کردووە. جا فەرموودەناس دکتۆر محمد سەعید بوخاری ئەفەرموویێت: "سەنەدەکەی حەسەنە". وە ئەلبانی بە زەعیفی داناوە، ئەمەش لەبەر سوفیانی کوڕی وەکیع کە پیاوێکی زەعیفە، بڕوانە: (ضعيف الجامع)(ژ١١٧٢). وە (ضعيف الترمذي)(ژ٣٤٩١). وە حافیزی عەسقەلانی ئەفەرموویێت: پیاوێکی ڕاستگۆیە، تەنیا ئەوە نەبێ کە گرفتاری لاپەڕەکانی خۆی بوو، کە شتانێکی خستە سەری کە فەرموودەی ئەو نەبوو، جا ئامۆژگاری کرا بەڵام ئامۆژگاریەکەی وەرنەگرت، هەر بۆیەش فەرموودەکانی کەوتن، وە لە تەبەقەی دەیەمە"، بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١_ل٣٩٥). وە ئیمامی سیوطی فەرموودەکەی بە حەسەن

خۆشەویستی خۆتم پێ ببەخشە، وە خۆشەویستی ئەو کەسانەش کە خۆشویستنەکەیان سوودی بۆم ئەبێت لای تۆ، پەروەردگارم لەوەی کە بە منت بەخشیوەو خۆشم ئەوێت، بیکە هێزێك بۆم تاوەکوو لەو شتانەی کە تۆ خۆشت ئەوێن بەکاریان بێنم، وە ئەو شتەش کە تۆ لێت وەرگرتوومەتەوە کە من خۆشم ئەوێت، لە دڵما بیسڕەوەو مەیهێڵە، تەنها ئەوانە بهێڵەرەوە کە تۆ خۆشت ئەوێن تاوەکوو لە کاتی خواپەرستیدا دڵم پێیانەوە سەرقاڵ نەبێت).

ـ وتەی پێغەمبەری خوا ﷺ (اللَّهُمَّ ارْزُقْنِي حُبَّكَ) واتە: پەروەردگارم خۆشەویستی خۆتم پێ ببەخشە لە بەخشش و چاکەی خۆت، لەبەر ئەوەی خۆشبەختی بۆ دڵم نابێت، وە تام و چێژو خۆشی و چاکەکاریش نیەو نابێت مەگەر تۆ بە لای منەوە لە هەموو شتێك خۆشەویستر ببیت، وە خۆشەویستی پێغەمبەرەکەی خۆتم پێ ببەخشە ئەمەش بە شوێنکەوتنی بەڕێزیان، چونکە هیچ شتێك لە لای تۆ سوودم پێ ناگەیێنێ جگە لە خۆشەویستی ئەو نەبێت، وە خۆشەویستی ئەولیاکانی خۆتم پێ ببەخشە، وەکوو فریشتەکان و پێغەمبەران و ئیماندارەکان.

ـ وتەی پێغەمبەری خوا ﷺ (اللَّهُمَّ مَا رَزَقْتَنِي مِمَّا أُحِبُّ فَاجْعَلْهُ قُوَّةً لِي فِيمَا تُحِبُّ)، واتە: پەروەردگارم داوای ئەوەت لێ ئەکەم کەوا تۆ پێمت بەخشیوە بۆ ئەوەی خۆشم بوویێت لە بێ بەڵایی لاشەو هێزو توانا، وە لە خۆشی دونیا لە ماڵ و منداڵ و دەست بەتاڵی، جا ئەمانە بگێڕە بەهێزو توێشوو پشتیوانکەرێك بۆ من لەوەی کە تۆ پێت خۆشە، وە ئەوەش کە تۆ پێت ناخۆشەو لایبەرە بۆ شتێك کە تۆ پێت خۆشەو پێی ڕازی، لە گوێڕایەڵی و خواپەرستی و وتەو کردارەکان.

---

داناوە، وە مەناویش ئەو پیاوەی بە زەعیف داناوە، بڕوانە: (الفیض القدیر)(ب٢_ل١٠٩_ژ١٤٦٩) طبعة دار المعرفة. وەرگێڕ

ـ وتەی پێغەمبەری خواﷺ (اللَّهُمَّ مَا زَوَيْتَ عَنِّي مِمَّا أُحِبُّ فَاجْعَلْهُ فَرَاغاً لِي فِيمَا تُحِبُّ)، واته: پەروەردگارم ئەوەی لاتداو لەسەرت ڕەشکردمەوە لە خۆشویستنی من بۆ ماڵ و منداڵەکان، وە بۆ جوانی و شتە ڕازاوەکانی دونیا، ئەوە بیگێڕە بە هۆکارێك بۆ ئەرخەیانیم لە خۆشویستنی تۆ بۆ گوێڕایەڵی و پەرستشی تۆ، وە دڵ و فیکیریشم پێیەوە سەرقاڵ مەکە، کە لە زیکری تۆ سەرقاڵم ئەکا یا الله. پێغەمبەری خواﷺ داوای تەوفیق و یارمەتی لە خوای گەورە کردووە بۆ خۆشویستنی لە هەموو حاڵەتەکانی، لەبەر ئەوەی خۆشویستنی خوای گەورە مەزنترین یارمەتیە بۆ هەڵسان و ئەداکردنی گوێڕایەڵی خۆی بۆ خوای مەزن، وە بۆ دوورکەوتنەوەش لە قەدەغەکراوەکانی، جا بۆیە لەسەر بەندە پێویستە کەوا زۆر داوای خۆشویستنی خوای گەورە بکات، "لەبەر ئەوەی مەزنترینی داواکارییەکانە، وە بەرزترینی پلەوپایە بەرزەکانە".

"خۆشەویستان": چەندین مەقام و پلەی مەزن لە ژێر ئەم فەرمایشتە پیرۆزەدا پێچراوەتەوە، مەقامی خۆشەویستی، وە مەقامی یەکتایی، وە مەقامی ئارام گرتن، وە مەقامی شوکرانەبژێری، وە مەقامی ڕەزامەندی، وە مەقامی خۆبەدەستەوەدان، وە مەقامی هاودەمی، وە مەقامی بەسط[٣٤]، وە مەقامی توانایی[٣٥]، وە جگە لەمانەش، کە لە هیچ فەرمایشتێکی بچووکی تردا وەها کۆنەبووەتەوە مەگەر کەمێك نەبێت، بۆیە تۆ گشت مەقامەکانی بەندایەتی تیایدا ئەبینی.

---

[٣٤] مەقامی بەسط: مورید کاتێ لەلایەن خوای گەورە ئەنوارو بەرەکات و شت ببینێ و دڵ فراوانی بۆ جێ بەجێ ئەبێت، بەمە ئەڵێن: بەسط، واتە پێدان و گوشادی دڵ و دەروون، پێچەوانەی ئەوەش مەقامی قەبض هەیە: ئەویش مورید ئەو شتانەی یاخود هەندێك لەو شتانەی یاخود گشت ئەو شتانەی لێ ئەگیرێتەوە، بەمەش سینگی تەنگ ئەبێت و پێی ئەڵێن: قەبض. وەرگێڕ

[٣٥] مورید کە گەیشتە مەقامی تەمکین واتە توانا هەبوون و پێگەیشتن، ئەو کاتە خوای گەورە شت گەلێکی بەچاوی دڵ و سەر پیشان ئەدات، وە تا ئەگاتە مەقامی تەوەجوهی ڕۆحی، کە بەویستی خوای گەورە گۆڕان لە دڵ و دەروونەکان ئەکات بەنووری خوای گەورە، بۆ زیاتر شارەزابوون، کتێبی ژیانەوەی دڵی ئیمانداران بخوێنەوە. وەرگێڕ

## پایەکانی خۆشەویستی

وە بشزانن کەوا پایەکانی خۆشەویستی سیانن:-

یەکەم: خۆشەویستی ڕاستەقینە، ئەوە خۆشویستنی زاتی پاکی پیرۆزی خوای گەورەیە، کە هەر ئەوە خۆشەویستی ڕاستەقینەیە، واتە: تۆ خوای گەورەت بە خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە خۆش بوویێت ئەمەش لەبەر زاتی پاکی خۆی، لەبەر ئەوەی شایستەیە بۆ خۆشەویستی، چونکە پەروەردگاری جیهانیانە، وە پەروەردگاری خۆشەویستیە، وە پەروەردگاری پێغەمبەری خۆشەویست و خۆشەویستانێتی، جا بەڕاستی ئا ئەوە یەکتاپەرستی ڕاستەقینەیە، وە ئەو شتانەشت خۆش بوویێت لەبەر خوا کە خوای گەورە خۆشیانی ئەوێت، هیچ شتێکت خۆش نەوێت تەنها لەبەر خوا نەبێت، وە ڕقیشت لێ نەبێتەوە تەنها لەبەر ئەو نەبێت، هەروەکوو (إِنَّ أَوْثَقَ عُرَى[٣٦] الإِيْمَانِ أَنْ تُحِبَّ فِي اللهِ، وَتُبْغِضَ فِي اللهِ)[٣٧] واتە: (بێ گومان بەهێزترین ئەلقەی ئیمان کە دەستی پێوە بگیردرێت، ئەوەیە تۆ لە پێناو خوای گەورە خۆشت بووێ، وە هەر لە پێناو ئەویشدا ڕقت لێ بێتەوە).

---

[٣٦] وشەی (عُرَى) کۆی (عُرْوَةٍ) لە بنەڕەتدا بەدەسکی سەتڵ و گۆزەو وێنەی ئەوانە ئەگوترێت، جا ئەم مانایە خوازراوە بۆ دەست پێوە گرتنی کاروباری دین، هەروەکوو مەلا علی قاری فەرموویەتی، با سەیری (مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح)(ب٨/ل/ژ١٤٠٥٠) بکرێت. وەرگێڕ

[٣٧] حەسەنە. ئیمامی ئەحمد لە (مسند أحمد)(ب٣٠/ل٤٨٨/ژ١٨٥٢٤) ڕیوایەتی کردوە، شوعەیب ئەڕنائوت ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی حەسەنە بەهۆی شاهێدەکانیەوە. دانەر. منیش ئەڵێم: تەبەڕانی لە (معجم الصغير)(ژ٦٤٢) لە ئیبن و مەسعودەوە. وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ژ١٣) لە موعاویەی کوڕی سوەیدەوە. وە حاکم لە (مستدرك مع التلخيص الذهبِي)(ب٢_ل٤٨٠) لە ئیبن مەسعودەوە ڕیوایەتیان کردووە، جا حاکم ئەفەرمووێت: "صەحیحە" بەلاَم زەهەبی بەرپەرچی داوەتەوەو ئەفەرمووێت: "صەحیح نیە، هەرچەندە صەعق کە یەکێکە لە پیاوەکانی سەنەدەکە متمانەپێکراوە بەلاَم شەیخەکەی فەرموودەی مونکەرە هەروەکوو بوخاری فەرموویەتی". وە هەیثەمیش ئەفەرمووێت: تەبەڕانی لە (صغير) ڕیوایەتی کردووە، وە عەقیلی کوڕی جەعدی تێدایە کە بوخاری فەرموویەتی فەرموودەی مونکەرە"، بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١_ل٩٠). وە ئەلبانیش ئەفەرمووێت: کەمترین شت بۆ فەرموودەکە بە هەموو ڕێگاکانیەوە لە پلەی حەسەنێتی دانابەزێت". وەرگێڕ

وە لە ڕیوایەتی تردا هاتووە: (مَنْ أَحَبَ لِلَّهِ، وَأَبْغَضَ لِلَّهِ، وَأَعْطَى لِلَّهِ، وَمَنَعَ لِلَّهِ، فَقَدِ اسْتَكْمَلَ الإِيمَانَ)[38]، واتە: هەر کەسێك لە پێناو خوای گەورە شتانی خۆش بوویت، وە لە پێناو ئەویشدا ڕقی لە شتان بێتەوە، وە هەر لە پێناو ئەویشدا ببەخشیت و نەبەخشێت، ئەوە بەڕاستی ئیمانەکەی کامڵ بووە.

وە هەروەها لە ڕیوایەتی تردا هاتووە: (لا يَحِقُّ العَبْدُ صَرِيحَ الإِيمَانِ، حَتَّى يُحِبَّ لِلَّهِ تَعَالَى، وَيُبْغِضَ لِلَّهِ، فَإِذا أَحَبَّ لِلَّهِ ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى، وَأَبْغَضَ لِلَّهِ ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى، فَقَدِ اسْتَحَقَّ الوَلاءَ مِنَ اللهِ، وَإِنَّ أَوْلِيَائِي مِنْ عِبَادِي وَأَحِبَّائِي مِنْ خَلْقِي الَّذِينَ يُذْكَرُونَ بِذِكْرِي، وَأُذْكَرُ بِذِكْرِهِمْ)[39]، واتە: بەندە ناگاتە پلەی ئیمانی کامڵ هەتاوەکوو لەبەر خوا شتەکانی خۆش ئەوێت، وە هەر لەبەر ئەویش ڕقی لە شتان ئەبێتەوە، جا ئەگەر بێت لەبەر خوای گەورە شتەکانی خۆش ویست، وە هەر لەبەر

---

[38] صەحیحە. ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٥٢١). وە ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ٤٦٨١) لە ئەبو ئومامەوە. وە ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٢٤_ل٣٣٨_ژ١٥٦١٧/١٥٦٣٨) لە سەهلی کوڕی موعازەوە، وە حاکم لە (مستدرك مع التلخيص الذهبي)(ب٢_ل١٦٤_ژ٢٧٥١) لە سەهلی کوڕی موعازەوە ڕیوایەتیان کردووە. حاکم ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی صەحیحە لەسەر شەڕتی شەیخەین، وە زەهەبیش موافیقە لەسەری". وە شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە بە غەیری خۆی"، وە لەبارەی ڕیوایەتەکەی ئەبو داودیشدا ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی صەحیحە". بڕوانە: (سنن أبي داود بتحقيق الشيخ شعيب الأرنؤط)(ب٧_ل٦٩_ژ٤٦٨١) طبعة دار الرسالة العالمية. وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب١_ل٧٢٨_ژ٣٨٠). وەرگێڕ

[39] زەعیفە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٢٤_ل٣١٧_ژ١٥٥٤٩) لە عەمری کوڕی جەموحەوە ڕیوایەتی کردووە، دانەر. منیش ئەڵێم: تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ب١_ل٢٠٣_ژ٦٥١) لە عەمری کوڕی جەموحەوە ڕیوایەتی کردووە. وە شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی زەعیفە لەبەر زەعیفی ڕەشیدەینی کوڕی سەعد، وە عبد الله کوڕی وەلید، وە لەبەر پچڕانی ئەبو مەنصوری مەولای ئەنساری کە بە عەمری کوڕی جەموح نەگەیشتووە". وە هەیثەمیش ئەفەرمووێت: ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە، ڕەشیدەینی کوڕی سەعدی تێدایە، کە پچڕانی هەیەو زەعیفە. بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١_ل٨٩). وە ئەلبانیش بە زەعیفی داناوە، بڕوانە: (الترغيب والترهيب للمنذري بتحقيق الشيخ الألباني)(ژ١٧٨٥). وە حافیزی ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: "عبد الله کوڕی وەلیدی کوڕی قەیسی توجیبی فەرموودەی (لَيِّنَ)، واتە: نەرمەو لە چینی شەشەمە". بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ل٥٥٦). حافیزی مونذریش هەر ڕەشیدەینی بە زەعیف داناوە. وەرگێڕ

ئەویش ڕقی لەشتەکان بۆوە، ئەوە شایەنی پلەی دۆستایەتیە لە لایەن خوای گەورەوە جل جلاله، جا ئاگادار بن! ئەولیاکان و خۆشەویستانی من لە نێو بەندەکانم ئەوانەن کە بەهۆی زیکرو یادی منەوە یادی ئەوان ئەکرێت، وە منیش یاد ئەکرێم بەهۆی زیکرو یادی ئەوانەوە. فەرموویانە: هەر کەسێك خواو پێغەمبەرەکەی لە لای لە هەموو شتێك خۆشتر بووێت ئەوە هەموو خۆشەویستیەکەی بۆ خوای گەورە بووە، وە هیچ شتێك لە هەواو ئارەزووی نەفسیشی تێیدا نەمێنێتەوە، چونکە بەهۆی ئەمەوە وا ئەکات خۆشەویستی ئەو وتەو کاروکردەوانە بە دەست بێت کەوا خوای گەورە پێی خۆشە، وە ڕق لەو شتانەش ئەکرێ کە ئەو پێی ناخۆشە، وە بەهەمان جۆریش بۆ کەسەکانیش هەروایە، ئەمە وا ئەکات کەوا مامەڵەکردنەکەش بەهۆی خۆشەویستی و ڕق لێ بوونەوە بێت، جا بۆ یە هەر کەسێك خوای گەورە خۆشی بووێت ئەوە ڕێزی لێ ئەگرێت، وە بە دادپەروەری و چاکەی خۆشی مامەڵەی لەگەڵ ئەکات، وە هەر کەسێکیش خوای گەورە ڕقی لێ ببێتەوە ئەوە بە دادپەروەری خۆی بێ ڕێزی ئەکات، هەر لەبەر هەندێش خوای گەورە بەو جۆرە وەصفی خۆشەویستەکانی کردووە کەوا ئەوان: ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ يُجَـٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ۚ ﴿٥٤﴾﴾[40]، واتە: سیفەتی ئەو ئیمانداره خۆشەویستانە ئەوەیە کەوا بەرامبەر ئیمانداران باڵی زەبوونی ڕائەخەن و نەرمن لەسەریان، وە بەرامبەر کافرەکانیش توندو خاوەن شکۆن و هەرگیز زەلیلی نانوێنن، ئەمانە کەسانێکن لە پێناو خوای گەورە جیهاد ئەکەن و لە لۆمەی هیچ لۆمەکارێکیش ناترسێن. جا بۆیە خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ کامڵ نابێ مەگەر بەخۆش ویستنی ئەولیاکان و دۆستایەتی ئەوانەوە نەبێت، وە ئەبێت ڕق لە دوژمنەکانیشان بکرێت و دژایەتیشیان بکرێت.

[40] سورة البقرة آية ٥٤.

**دووەم: خۆشەویستی وەرگێراو: ئەوەش خۆش ویستن و گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری خوایەﷺ لەبەر خوای گەورە، وە لەبەر فەرمانی خوای گەورەیە بۆ خۆش ویستنی پێغەمبەرﷺ هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرموویێت:** ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٣١﴾﴾[41]، **ئەی محمدﷺ تۆ بەو خەڵکە بڵێ: ئەگەر ئێوە بەڕاستی خوای گەورەتان خۆش ئەوێت ئەوە شوێن من ئەکەون تاوەکوو بەهۆیەوە خوای گەورەش ئێوەی خۆش بوویێت، وە هەم لە گوناهەکانیشتان ببورێت، جا بەڕاستی خوای گەورە زۆر لێبوردەو میهرەبانە. وە هەم لەبەر ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خواﷺ کە ئەفەرمووێت: (أَحِبُّوا اللهَ لِمَا يَغْذُوكُمْ مِنْ نِعَمِهِ، وَأَحِبُّونِي بِحُبِّ اللهِ، وَأَحِبُّوا أَهْلَ بَيْتِي بِحُبِّي)[42]، واتە: خوای گەورەتان خۆش بوویێت لەسەر ئەوەی کەوا لە چاکەو**

---

[41] سورة آل عمران آية ٣١.

[42] صەحیحە. ترمذی لە (سنن الترمذی)(ژ٣٧٨٩) لە ئیبن و عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە، وە ترمذی ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە". دانەر. منیش ئەڵێم: بوخاری لە (تاریخ الکبیر)(ب١_ل١٨٣_ژ٥٦٢). وە ئیمامی ئەحمەد لە (کتاب فضائل الصحابة)(ژ١٩٥٢). وە حاکم لە (مستدرك حاکم مع التلخیص الذهبِي)(ب٣_ل١٥٠_ژ٤٧٧٩) لە ئیبن و عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە، جا حاکم ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە، وە زەهەبیش موافیقە لسەری". وە حافیزی سیوطی و غوماریش بە صەحیحیان داناوە، وە هەروەها غوماری لە دوو ڕێگای جیاوازەوە بە دوو سەنەدی تر ئەم فەرموودەیە ڕیوایەتکراوە یەکێکیان کە ئەبو محمد حەسەنی کوڕی محمدی کوڕی یەحیای فەحامی بەسەنەدێکی گەیەنراو لە ئیمامی عەلیەوە ڕیوایەتی کردووە، ئەوەکەی تریش شێخی گوسی لە لە کتێبی مەجالیسی خۆی بەسەنەدێکی تر لە ئەبو زەڕڕی غیفاریەوە ڕیوایەتی کردووە". بڕوانە: (فیض القدیر)(ب١_ل١٧٧_ژ٢٢٤)، (المداوي لعلل الجامع الصغیر للحافظ الغماري)(ب١_ل٢١٣_ژ٢٢٤) طبعة دار الکتب العلمیة. بەڵام ئیبن و لجەوزی و ئەلبانی بە زەعیفیان داناوە، بڕوانە: (العلل المتناهیه لإبن الجوزی)(ژ٤٣٠). وە (ضعیف الجامع)(ژ١٧٦)، وە لە (فقه السیرة بتحقیق الالباني)(ل٢٣) ئەفەرمووێت: "عبد الله کوڕی سلێمانی نەوفەلی تێدایەو مەجهولەو هیچ کەسێك متمانەی پێنەداوە"، وە ئیبن حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: عبد الله کوڕی سلێمان فەرموودەی وەرگێراوەو لە چینی حەوتەمە"، بڕوانة: (تقریب التهذیب)(ل٥١٣). وە ئیبن و عەساکیر ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی حەسەنە"، بڕوانە: (الأربعین البلدانیة للحافظ إبن عساکر الدمشقي)(ل٧٥) طبعة المکتبة الإسلامیة. وە حافیزی عێراقیش موافیقە

بەخششی خۆی لە هەموو ڕوویەکی ژیانتان ڕۆزیتان[٤٣] پێ ئەدات و بەهرەمەندتان ئەکات لە بەخشش و چاکەی خۆی، وە منیشتان خۆش بووێ لەبەر خۆشەویستی خوای گەورە، وە ئال و بەیتی منشتان خۆش بووێ لەبەر خۆشەویستی من. پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی بەوە کردووە کەوا خۆش ویستنی خوای گەورە ڕەسەنایەتیە، وە خۆش ویستنی بەڕێزیشیان ئەوە شوێنکەوتنە "هەروەکوو مەقامی پەروەردگارێتی و بەندایەتی داخوازی ئەمە ئەکات"، وە هەروەها لە عبد الله کوڕی هیشامەوە[٤٤] گێڕدراوەتەوە کەوا ئەفەرمووێت: (كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ ﷺ وَهُوَ آخِذٌ بِيَدِ عُمَرَ بْنِ الخَطَّابِ، فَقَالَ لَهُ عُمَرُ: يَا رَسُولَ اللهِ، لَأَنْتَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ إِلاَّ مِنْ نَفْسِي، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَا، وَالذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْكَ مِنْ نَفْسِكَ" فَقَالَ لَهُ عُمَرُ: فَإِنَّهُ الآنَ، وَاللهِ، لَأَنْتَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ نَفْسِي، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: "الآنَ يَا عُمَرُ")[٤٥] واتە: (ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوا بووین ﷺ، ئەویش دەستی عومەری کوڕی خەتتابی گرتبوو، جا ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ لە لای من لە هەموو شتێك خۆشەویستری تەنیا لە نەفسی خۆم نەبێت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (ئیمانی هیچ یەکێك لە ئێوە کامڵ نابێت هەتاوەکوو من لە لای خۆشەویستر ئەبم لە نەفسی خۆشی) ئیمامی عومەریش فەرمووی: سوێند

---

لەسەر بە حەسەن دانانەکەی ترمذی، بڕوانە: (تخريج الأحاديث الإحياء)(ب٦_ل٢٣٤٥_ژ٣٧٣٠). بۆیە زەعیفدانانەکەی ئین و لجەوزی و ئەلبانی تەنیا وەهمە. وەرگێڕ

[٤٣] ئیمامی عەلی قاری وشەی (يَغْذُوكُمْ) بە ڕۆزی ڕاڤەکردووە، بڕوانە: (مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح)(ب١١_ل٣٢٦_ژ٦١٨٢) طبعة دار الكتب العلمية. بەڵام حافیزی مەنناوی ئەفەرمووێت: تەنیا ڕۆزیدان نیە بەڵکوو گشت ئەو بەخشش و چاکانە کەوا خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە، بڕوانە: (فيض القدير)(ب١_ل١٧٧_ژ٢٢٤) وەرگێڕ

[٤٤] عبد الله کوڕی هیشامی کوڕی زوهرەی کوڕی عوسمانی تەیمیە، هاوەڵێکی تەمەن بچووکی پێغەمبەری خوایە، وە لە سەردەمی حەزرەتی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانیش وەفاتی کردووەي. بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ل٥٥٤). وەرگێڕ

[٤٥] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٦٦٣٢) لە مەعبەدەوە ئەویش لە باپیریەوە کە عبد الله کوڕی هیشامە، وە ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٢٩_ل٥٨٣_ژ١٨٠٤٧) ڕیوایەتیان کردووە. دانەر

**بەخوا ئێستاکە تۆم لە نەفسی خۆشم خۆشتر ئەوێت، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: ئێستاکە ئەی عومەر)[٤٦] ئەمەش بۆ کاملبوونی ئیمانە، بۆیە بیرکەرەوە، خوای گەورە دەرگاتان بەسەرا بکاتەوە، ئامین**

**وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرموویت:** ﴿ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ ٦﴾[٤٧]**، واتە: پێغەمبەری خوا لە پێشترە بۆ ئیمانداران هەتا لە نەفسی خۆشیان کەوا بڕیار لەسەر حوکمێك بدات ئایا کە دروستە یاننا، وە خێزانەکانیشی دایکی ئیماندارانن[٤٨]. وە هەروەها ئەفەرموویت** ﴿وَلَا يَرۡغَبُواْ بِأَنفُسِهِمۡ عَن نَّفۡسِهِۦۚ ١٢٠﴾[٤٩]**، واتە: بۆ ئیمانداران نیە کەوا لەوەی بۆ خۆیان پێیان خۆشەو دابنیشن و جیهاد نەکەن لە ژیانێکی کەیف و نۆشدا بن، کەچی پێغەمبەری خواش ﷺ لە نێو نارەحەتی سەختی جیهاددا بێت[٥٠]. جا ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بە پێش خستنی نەفسی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ بەسەر نەفسی ئەواندا، وە نیشانەی**

---

[٤٦] واتە: ئێستاکە ئیمان و بانگەشەی خۆشە ویستیەکەت تەواوە. وەرگێڕ

[٤٧] سورة الأحزاب آية ٦.

[٤٨] ئیبن و جەریر لە تەفسیری ئەم ئایەتە لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا ئەفەرموویت: "پێغەمبەری خوا ﷺ باوکی ئەوانە"، وە لە خوێندنەوەیەکی شازیشدا لە حەسەنەوە ڕیوایەت کراوە کەوا دەستەواژەی باوکی ئەوانە ئایەتێکە ﴿ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَهُوَ أَبٌ لَّهُمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ ٦﴾ ئەمەش شازەو پێچەوانەی وێنەی موصحەفە، بۆیە دروست نیە بەو جۆرە بخوێندرێـەوە والله أعلم. بڕوانە: (تفسير الطبري)(ب١٩_ل١٥) مطبعة هجر.

[٤٩] سورة التوبة أية ١٢٠.

[٥٠] بە پێی سیاقی ئەم ئایەتەی سەرەوە لە بنەڕەتدا لەسەر خەڵکی مەدینەو دەشتەکیەکانی دەوری مەدینە دابەزیوە کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆیشت بەرەو جیهادی کافرەکان هەندێ لەو کەسانەی شاری مەدینەو دەوروبەری خۆیان دواخست و نەچوونە جیهاد. بەڵام بەتێگەیشتنێکی گشتی ئەگەر سەیری دەقی ئایەتەکە بکەین لەگەڵ وتەکانی جەنابی شێخ خوای گەورە ئەوەمان پێ ئەفەرموویت: ئەی ئیماندار تۆ بۆت نیە بەشتێك ڕازی بیت و بڕیار لەسەر شتێك بدەی کە نەفس و هەواو ئارەزووت پێی خۆشە، چونکە ئەمە پێچەوانەی بڕیاری خواو پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ. وەرگێڕ

هەبوونی ئیمان و پلەی کەماڵیتیشە، ئەمەش لەبەر ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەریﷺ کەوا ئەفەرمووێت: (لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ عِنْدَهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ نَفْسِهِ)[٥١]، واتە: ئیمانی هیچ یەکێك لە ئێوە کامڵ نابێت هەتاوەکوو من لە لای خۆشەویستر ئەبم لە نەفسی خۆشی. لەبەر ئەوەی گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری خواﷺ گوێڕایەڵی خوای گەورەیە، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا ﴿٨٠﴾﴾[٥٢]، واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی و ئیتاعەی پێغەمبەری خواﷺ بکات ئەوە بەڕاستی گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووە، وە هەر کەسێکیش پشت لەو گوێڕایەڵیە بکات ئەوە ئەی **محمد**ﷺ تۆمان نەناردووە تاوەکوو بەسەریانەوە پارێزگاریان لێ بکەیت و لە سزای ئێمە ڕزگاریان بکەیت، بەڵکوو ئەوەی لەسەر تۆیە تەنیا ڕاگەیاندنەکەیەو پاداشتی خۆشت لەسەری وەرئەگری، ئیتر گوناهی ئەو پشتێکردنەشیان لەسەر خۆیانە.

وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٣١﴾﴾[٥٣]، ئەی **محمد**ﷺ تۆ بەو خەڵکە بڵێ: ئەگەر ئێوە بەڕاستی خوای گەورەتان خۆش ئەوێت ئەوە شوێن من بکەون تاوەکوو بەهۆیەوە خوای گەورەش ئێوەی خۆش بووێت، وە هەم لە گوناهەکانیشتان ببورێت، جا بەڕاستی خوای گەورە زۆر لێبوردەو میهرەبانە. وە هەروەها ئەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿١﴾﴾[٥٤]، واتە: ئەی ئەو کەسانەی کەوا ئیمانتان هێناوە

---

[٥١] بۆ زانینی تەخریجاتەکە بگەڕێوە (ل١٤). وەرگێڕ

[٥٢] سورة النساء آية ٨٠

[٥٣] سورة آل عمران آية ٣١.

[٥٤] سورة الحجرات آية ١.

ئێوە لە گوفتارو ڕەفتارو کاروباری ژیانتان پێش خواو پێغەمبەرەکەی مەکەون و پەلەی تیامەکەن، چونکە هەموو وتەو ڕەفتارێکی خواو پێغەمبەرەکەی لە پێش هەموو کەسێکدایە، ئەمەش هەم فەرمانە، وە هەمیش ئادابێکی شەرعی پیرۆزە کە خوای گەورە فێرمان ئەکات هەموو شتێکی ئەوان پێش خۆمان بخەین، بۆیە لە خوا بترسن و پارێزکار بن نەوەکا شتێك پێش بخەن چونکە بێگومان خوای گەورە بیسەرەو زانایە بەکردارو ڕەفتارەکانتان. وە هەروەها ئەفەرموویت: ﴿يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ وَٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَحَقُّ أَن يُرْضُوهُ إِن كَانُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾﴾[55]، واتە: ئەی محمدﷺ وە ئەی ئیمانداران دووڕووەکان سوێندتان بۆ ئەخۆن تاوەکوو ڕازیتان بکەن بەوەی کەوا ئەوان ئازاری خواو پێغەمبەرەکەیان نەداوەﷺ، وە هەم عەیبیب و ناتەواویان نەداوەتە پاڵیان، جا ئێوەش پێیان بڵێن: خواو پێغەمبەرەکەیﷺ لە پێشترو شایانترن کەوا ڕازی بکرێن ئەگەر بەڕاستی ئەمانە ئیماندارن. جا خوای گەورە ڕەزامەندی زاتی خۆی بەستاوەتەوەو تێکەڵی کردووە بە گوێڕایەڵی خۆیی و پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆیە فەرموویەتی: (أَنْ يُرْضُوهُ)کەوا خوای گەورە لە خۆیان ڕازی بکەن، وە نەی فەرمووە: (أَنْ يُرْضُوهُمَا) کەوا خواو پێغەمبەرەکەی لە خۆیان ڕازی بکەن، بەڵکوو ڕەزامەندی پێغەمبەری وەکوو ناو لە جێناوەکە زیکرکردووە بەڵام لەگەڵ جێناوەکە زیکری نەکردووەو خستوویەتە سەر ڕەزامەندی خۆی، ئەمەش ئەوپەڕی پایەی گەورەییە بۆ پێغەمبەری خواﷺ، چونکە ڕەزامەندی ئەوی لە خۆی جیا نەکردووەتەوە.

"خۆشەویستان": ئەمە نموونەیەك بوو لە گوێڕایەڵی و شوێنکەوتن، ئەی ئەبێ خۆشەویستی و ئەدەب لەگەڵ پێغەمبەری خوایا چۆن بێت ﷺ، وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَٰتَهُمْ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ

[55] سورة التوبة آية ٦٢.

ٱمۡتَحَنَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ لِلتَّقۡوَىٰۚ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٌ ۝٣[56]، واته: بێگومان ئەو کەسانەی کەوا دەنگی خۆیان نزم ئەکەنەوە لای پێغەمبەری خواﷺ ئەوە بەڕاستی خوای گەورە دڵەکانیان تاقی ئەکاتەوە بە تەقواو پارێزکاری، تاوەکوو بۆ ئیمانداران دەرکەوێ کەوا هەر کەسێك ڕەچاوی ئەم ئەدەبە بکات ئەوە نیشانەی تەقواو لە خوا ترسانیەتی، وە نیشانەی بە گەورە زانینی پێغەمبەری خوایەتی، جا بۆیە هەر کەسێکیش ئەم سیفەتانەی لە خۆی بەرجەستە بکات ئەوە خوای گەورە لێی ئەبووریٚ و پاداشتێکی نەبڕاوەی مەزنیشی ئەداتیٚ کە بەهەشت و ڕەزامەندی خۆیەتی.

وە هەروەها ئەفەرمویٚت: ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ۝٨ لِّتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا ۝٩﴾[57]، واتە: ئەی محمدﷺ ئێمە تۆمان ڕەوانەکردووە وەکوو پێغەمبەرێك بۆ خەڵکی سەرزەوی تاوەکوو ببیتە شاهێد بەسەر ئوممەتەکەی خۆت و ئوممەتانی پێشووتریش بەوەی کەوا خوای گەورە پەیامی بۆ ئێوەو ئەوانیش ڕەوانە کردووە، وە هەم موژدەدەریشی بۆ ئەوانەی کەوا گوێڕایەڵیت ئەکەن، وە ترسێنەریشی بۆ ئەو کەسانەی کەوا سەرپێچیت ئەکەن، ئێمەش بۆیە تۆمان بەو جۆرە سیفەتانە ڕەوانە کرد تاوەکوو خەڵکی بڕوا بەخواو پێغەمبەرەکەی بهێنن ﷺ، وە تاوەکوو خوای گەورەش سەربخەن ئەمەش بەسەرخستنی دینەکەی، وە هەم خوای گەورەش بەگەورە بگرن لە دڵ و دەروونیان و ناوەوەو دەرەوەیاندا، وە بۆ ئەوەش تاوەکوو تەسبیحات و ستایش و زیکرو یادی خوای گەورە بکەن بەتایبەتی لە کاتی بەیانیان و ئێوارەاندا. بۆیە ئەگەر تۆ خۆشەویستی خوای گەورەت خۆشویست کە پێغەمبەری خوایە ئەوە خوای گەورەت خۆش ویستووە، جا هەر کەسێکیش خوای گەورە خۆش بوویٚت

---

[56] سورة الحجرات آية ٣.

[57] سورة الفتح آية ٨_٩.

ئەوە هەرگیز سزای نادات، خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ﴾[58]، واتە: چونکە سیفەتی ئەو کەسانە وایە خوای گەورەیان خۆش ئەوێت و خوای گەورەش ئەوانی خۆش ئەوێت. وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴾[59]، واتە: ئەی محمدﷺ تۆ بە ئیمانداران بڵێ: ئێوە باوك مناڵ و براو خێزان و هۆزەکانتان و ئەو پارەو موڵك و سەروەتانەی کە وەدەستان هێناوە لە بازرگانی و ترسی ئەوەشتان هەیە کەوا لە دەستان بڕوا، وە خانووانێکیش کە تێدا نیشتەجێن و کەشخەی بەسەر یەکەوە لێ ئەدەن، ئایا ئەمانەتان لە لا خۆشەویستترە لە خواو پێغەمبەرەکەی و جیهادکردن لە پێناوی ئەودا؟ بۆیە چاوەڕێی سزای خوای گەورە بکەن هەتاوەکوو فەرمانی هاتنی دێت بۆ سەرتان، چونکە هەر گەلێك ئەم شتە دونیاییانەی پێ گەورەترو خۆشەویستتر بێت لە خواو پێغەمبەرو جیهادکردن ئەوە لە فاسق و تاوانبارەکانە، هەر بۆیەش خوای گەورە هیدایەتی ئەم جۆرە کەسانەو ئەم جۆرە گەلانە نادات.

وە هەروەها پێغەمبەری خواﷺ ئەفەرموویێت: (ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلاوَةَ الإِيمَانِ، أَنْ يَكُونَ اللهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لا يُحِبُّهُ إِلاَّ لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ)[60]، واتە: هەر کەسێك ئەم سێ شتەی لە دڵدا هەبێت ئەوە تام و چێژی شیرینی ئیمانی

---

[58] سورة المائدة آية ٥٤.

[59] سورة التوبة آية ٢٤.

[60] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ١٦/ژ٦٩٤١). وە ئیمامی موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٦٧) ڕیوایەتیان کردووە. دانەر

**دۆزیوەتەوە، یەکەم: خواو پێغەمبەرەکەیﷺ لە هەموو کەسێك خۆشتر بوویێت، دووەم: مرۆڤی ئیمانداری خۆش بوویێت هەر لە پێناو خوای گەورە، سیٚ یەم: هەروەکوو چۆن پێی ناخۆشە بچێتە نێو دۆزەخەوە ئا بەو شێوەیەش پێی ناخۆش بێت کوفر بکات و بگەڕێتەوە سەر کافرێتی.**

**وە هەروەها پێغەمبەری خواﷺ لە جەنگی خەیبەر فەرمووی: (لَأُعْطِيَنَّ الرَّايَةَ، أَوْ لَيَأْخُذَنَّ الرَّايَةَ، غَداً رَجُلاً يُحِبُّهُ اللهُ وَرَسُولُهُ، أَوْ قَالَ: يُحِبُّ اللهَ وَرَسُولُهُ، يَفْتَحَ اللهُ عَلَيْهِ، فَإِذا نَحْنُ بِعَلِيٍّ وَمَا نَرْجُوهُ، فَقَالُوا: هَذا عَلَيٌّ فَأَعْطَاهُ رَسُولُ اللهِ الرَّايَةَ فَفتَحَ اللهُ عَلَيْهِ)[٦١]، واتە: بەیانی ئەم ئالأیە ئەدەمە کەسێك (یاخود ئەم ئالأیە کەسێك وەری ئەگرێت)[٦٢] کەوا خواو پێغەمبەرەکەیﷺ ئەویان خۆش ئەوێت، یاخود ئەو کەسە خواو پێغەمبەرەکەیﷺ خۆش ئەوێت، وە خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو سەرمان ئەخات و ئەبێتە فەتحێکی مەزن بۆ ئێمە، ئەوەبوو بۆ بەیانیەکەی پێغەمبەری خواﷺ داوای ئیمامی عەلی کرد، ئێمەش گوتمان ئەوە عەلیە، جا لە ڕیوایەتی تردا هاتووە: (کەوا ئیمامی عەلی چاوی ئەهێشا، ئیتر پێغەمبەری خواشﷺ تفی پیرۆزی خستە سەرچاوەکانی چاك بوویەوەو ئێشەکەی نەما)[٦٣]، جا پێغەمبەری خواشﷺ ئالأیەکەی بەو داو خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو ئێمەی سەرخست.**

---

[٦١] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٢٩٧٦). وە ئیمامی موسلم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٤٠٧) لە سەهلی کوڕی سەعدەوە ریوایەتیان کردووە. دانەر

[٦٢] ئەمە گومانی ڕاویەکەیە کەوا شەکی هەیە لەوەی پێغەمبەری خواﷺ کامەی فەرموو بێت، ئەمەش بەهۆی لەبیر چوونەوە، یاخود لەبەر تەقوای بێت نەوەکا شتێك بڵێ پێچەوانەی وتەی پێغەمبەری خوا بێت ﷺ. وەرگێڕ

[٦٣] حەسەنە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب١_ل٥٠٣_ژ٧٧٨) لە عبد الرحمن کوڕی ئیبن و ئەبی لەیلەوە ڕیوایەتی کردووە. ئەحمەد محمد شاکر ئەفەرموویێت: "سەنەدەکەی حەسەنە". وە ئیبن و ماجە لە (سنن إبن ماجه)(ژ١١٦). ئیمامی عەلی ئەفەرموویێت: (لەو ڕۆژەوەی کەوا پێغەمبەری خواﷺ دەستی بەسەر دەم و چاوما هێناوەو تفی لە نێو چاوەکانم کردووە لە خەیبەر لەو کاتەی کە ئالاکەی پێدام ئیتر نەسەر ئێشەم گرتووە، وە نە چاوەکانیشم ئیشیان پەیدا کردووە) ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرموویێت: "ئەبو

**وە هەروەها لە فەرموودەیەکی قودسیدا خوای گەورە ئەفەرمووێت: (مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ، وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ، وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ، وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا، وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ، وَلَئِنْ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ)[٦٤]، واتە: هەر کەسێك دژایەتی دۆست و وەلیەکی من بکات ئەوە ئاگاداری ئەکەمەوە کەوا خۆم لەگەڵ ئەو کەسە جەنگ ئەکەم، جا بەندە لە من نزیك نابێتەوە تەنیا بەوە نەبێت کە زۆر خۆشەویستە لام ئەویش فەرزو واجیباتەکانی دینەو لەسەرم فەرز کردووە، جا بەندە بەردەوام لە من نزیك ئەبێتەوە بەهۆی سوننەتەکانەوە هەتا ئەگاتە ئەو مەقامەی کەوا خۆشم بووێت، جا ئەگەر خۆشم ویست ئەبمە ئەو گوێچکانەی کە پێی ئەبیستێت، وە ئەبمە ئەو چاوانەی کە پێی ئەبینێ، وە ئەبمە ئەو دەستانەی کە کاری پێ ئەکات، وە ئەبمە ئەو قاچانەی کە هەنگاوی پێ ئەنێ، جا ئەگەر بێت ئەو بەندەیەم داوای شتێکم لێ بکات ئەوە وەڵامی داواکەی ئەدەمەوە، وە ئەگەر پەناشم پێ بگرێ لە شتێك ئەوە بێگومان پەنای ئەدەم[٦٥].**

---

یەعلاو ئەحمەد ڕیوایەتیان کردووەو پیاوەکانیشیان پیاوانێکی صەحیحن جگە لە دایکی موسا نەبێت کە فەرموودەی جێگیرە، وە مانای ئەو فەرموودەیەش لە ڕیوایەتێکی درێژیشدا هاتووە کە تەبەڕانی لە (أوسط) ڕیوایەتی کردووەو سەنەدەکەشی حەسەنە"، بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب٩_ل١٢٢) طبعة دار الكتب العربي. وەرگێڕ

[٦٤] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٦٥٠٢) لە ئەبو هورەیرەوە. وە ئیبن و حیبان لە (صحيح ابن حبان). وە بەیهەقی لە (الزهد الكبير)(ل٢٩١). وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب١_ل٤) ڕیوایەتیان کردووە. وە ئیبن و تەیمیەو ئەلبانی و غەیری ئەوانیش بە صەحیحیان داناوە بڕوانە: (مجموع الفتاوى)(ب١٠_ل٢١٢). وە (صحيح الجامع)(ژ١٧٨٢). وەرگێڕ

[٦٥] مەبەست لەوە ئەوە نیە کەوا خوای گەورە خودی زاتی خۆی بووەتە دەست و قاچ و چاوو گوێی ئەو کەسە نەخێر، بەڵکوو واتای وایە، لە پایەکانی صەفای دڵ ئەگاتە مەقامێك سینگ و لاشەی گشتی ئەبێتە نوور، ئیتر ئەو کەسە وەکوو ئاوێنەیەکی درەوشاوە جوان ئەبێت بۆ پێچەوانەکردنی نووری خوای گەورە کە لەعەرشەوە بەر ڕۆح و دڵی ئەو کەسە ئەکەوێت، هەر بۆیە ئاساییە ئەو کەسانە بە ماوەی هەنگاوێك لەم سەری دونیاوە بچنە ئەو بەری دونیا، وە گوێچەکەکانیان بەنووری خوای گەورە شتی غەیبی ئەبیستن، وە

**ئیبن و ڕەجەبی حەنبەلی[٦٦] ئەفەرموویّت: (هەر کاتیّك خۆشەویستی لە دڵدا باڵا دەست بوو ئەوە خۆشەویستیەکەی بڵاو ناکاتەوە لەسەر ئەندامەکانی مەگەر بۆ خواپەرستی پەروەردگاری نەبیّت، جا بەڕاستی ئا ئەمە مانای فەرموودەی خواییە، واتاکەی: هەر کاتیّ خۆشەویستی خوای گەورە گشت دڵی گرتەوەو زاڵ بوو بەسەریا ئەو کاتە ئەندامەکان هیچ هەنگاویّك نانیّن مەگەر بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە نەبیّت، ئا لەم کاتەدا ئەو نەفسە بووەتە نەفسیّکی ئارام و دڵ پڕ لە ئیمان بەگوێرەی ویستی خوای گەورەیە لە مەبەست و هەواو ئارەزووەکانی)[٦٧].**

**سیّ یەم: خۆشەویستی کەماڵ ئەمەش خۆشویستنی ئەو کەسانەیە کە لەبەر خوا خوای گەورەیان خۆش ئەویّت، نەك لەگەڵ خۆشویستنی خوایە، ئا ئەمەش بۆ کامڵ کردنی خۆشەویستیە بۆ خوای گەورە، وەکوو خۆشویستنی پیّغەمبەران بەگشتی، وە خۆشویستنی فریشتە ڕیّز لیّ گیراوەکان و خۆشەویستانی خوای گەورە لە پیاوچاکەکان، ئەمەش بۆ کامڵبوونی خۆشەویستی زاتی حەق، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرموویّت:** ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَـٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن

---

چاوەکایشیان ئەبنە سەیرکەری شتە نهێنیەکانی غەیب، وە دەستەکانیشیان لە هەر شتیّك بدەن مەگەر ئەو شتە شیفای بۆ دیّت، جا گشت ئەمانەش بەویستی خوای گەورە ئەنجام ئەدریّت، بۆ زیاتر شارەزابوون لەو باسە کتیّبی ژیانەوەی دڵی ئیمانداران بخوێنەوە گشتی بە دریّژی باسی لیّوە کراوە، وەرگیّڕ

[٦٦] زەینو الدین ئەبو فەڕەج عبد الرحمن کوڕی ئەحمەدی کوڕی ڕەجەبی کوڕی حەسەنی سەلامی بەغدادی پاشان دیمەشقیە، بەناوبانگە بە ئیبن و ڕەجەبی حەنبەلی، (د٧٣٦هـ_و٧٩٥)، یەکیّکە لە حافیزو شەرعناس و فەرموودەناس و زانا هەرە بەرزەکانی ئیسلام، وە یەکیّکە لە قوتابیەکانی ئیبن و لقەیمی جەوزی، وە لە دوای خۆشی کتیّب گەلیّکی زۆری بەجیّ هیّشتووە لەوانە: (شرح جامع الترمذي، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ئەم کتیّبانەی تەواو نەکردووە، جامع العلوم والحكم، شرح علل الترمذي، قواعد الفقهية....هتد). بڕوانە: (مجموع رسائل إبن رجب الحنبلي بتحقيق أبي مصعب طلعت بن فؤاد الحلواني)(ب١_ل٩) مطبعة الفاروق الحدثية. وەرگیّڕ

[٦٧] (روائع التفسير الجامع لتفسير الإمام إبن رجب الحنبلي)(ب٢_ل٢٥٧). دانەر

رُسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾﴾[68]، واته: پێغەمبەری خوا بڕوای بەوە هەیەو دڵنیایە لەوەی کەوا ئەوەی بۆی دائەبەزێت لەو وەحیانە ئەوە لە لایەن خوای گەورەوەیە، وە ئیماندارەکانیش بەهەمان شێوە ئیمانیان بەوە هەیە، بۆیە چ پێغەمبەر وە چ ئیمانداران بڕوایان بەخواو فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران هەیە، بەبێ ئەوەی جیاوازی بکەن لە نێوان پێغەمبەرەکان، چونکە گشتیان لە یەك ڕاستە شەقامەوە وەحیان بۆ کراوە ئەویش نووری ویلایەتی پێغەمبەراتیە، جا گشتیان بە تێکڕایی هەم پێغەمبەر وە هەم ئیمانداران ئەفەرموون: پەروەردگارە ئێمە گوێبیستی وەحی تۆ بووین و گوێڕایەڵین بۆ فەرمانەکانی تۆ، وە لێشمان ببوورە، چونکە ڕۆژێك دادێ گشتمان هەر ئەگەڕێینەوە لای تۆ.

وە هەروەها لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَـٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّـٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَـٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾﴾[69]، واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ئەوە لە ڕۆژی دوایی لەگەڵ ئەو کەسانە ئەبێت کە خوای گەورە چاکەو بەخششی خۆی ڕشتووە بە سەریاندا، ئەمانەش پێغەمبەران و ڕاستگۆیەکان و شەهیدەکان و پیاوچاکەکانە، جا خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کە لە ڕۆژی دوایی لەگەڵ ئەم پیرۆزانە ئەبێت چونکە چاکترین و باشترین و بەسوودترین هاوەڵ و ڕەفیقن بۆ کەسێك ئەگەر بیەوێ لەگەڵ بژی.

وە هەروەها ئەفەرمووێت: ﴿كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ رَهِينَةٌ ﴿٣٨﴾ إِلَّآ أَصۡحَـٰبَ ٱلۡيَمِينِ ﴿٣٩﴾﴾[70]، واتە: هەموو کەسێك لای خوای گەورە بەندکراوە بەهۆی ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامیانی داوە، جا ئەو نەفسە ئازاد ناکرێت هەتاوەکوو

[68] سورة البقرة آية ٢٨٥.

[69] سورة النساء آية ٦٩.

[70] سورة المدثر آية ٣٨_٣٩.

حەق و مافی خەڵكی و مافی خوای گەورەی بەسەرەوە مابێت، تەنیا ئەو كەسانە بەند ناكرێن ئەوانەش ئیمانداره موخلیصینەكانن، كە هاوەڵانی ڕاستەن و بە دەستە ڕاست دەفتەری كردەوەكانیان وەرئەگرنەوە. وە هەروەها ئەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ١١٩﴾[71]، واتە: ئەی ئەو كەسانەی كەوا ئیمانتان هێناوە بەخواو پێغەمبەرەكەیﷺ لە خوا بترسن و تەقوای خوا بكەن، وە لەگەڵ ئەو كەسانە بن كەوا ڕاستگۆن. وە پێغەمبەری نازداریشمانﷺ ئەفەرموویت: (مَنْ أَحَبَّ أَخَاً لِلَّهِ، قَالَ: إِنِّي أُحِبُّكَ لِلَّهِ، فَدَخَلا جَمِيعاً الْجَنَّةَ، كَانَ الَّذِي أَحَبَّ فِي اللهِ أَرْفَعُ دَرَجَةً لِحُبِّهِ عَلَى الَّذِي أَحَبَّهُ لَهُ)[72]، واتە: هەر كەسێك برایەكی خۆی لە پێناو خوای گەورە خۆش بوویت، وە پێی بفەرموویت: من تۆم لە پێناو خوای گەورە خۆش ئەوێت، ئەوە هەر دووكیان ئەچنە نێو بەهەشتەوە، بەڵام ئەو كەسەی كەوا لە پێناو خوای گەورە ئەوی

[71] سورة التوبة آية ١١٩.

[72] حەسەنە. ئیمامی بوخاری لە (أدب المفرد)(ب١_ل١٩٢_ژ٥٤٠٦). وە بەززار لە (مسند البزار)(ب٦_ل٤١٤_ژ٢٤٣٩) لە عبد الله كوڕی عەمرەوە ڕیوایەتیان كردووە، لەفزەكەش هی بوخاریە. دانەر. منیش ئەڵێم: تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ژ١٤٦٣٩). عەبدی كوڕی حومەید لە (مسند بن حميد)(ژ٣٣٢). جا ئەلبانی و لێكۆڵەری موسنەدی عەبدی كوڕی حومەید مصطفى عەدەوی ئەو فەرموودەیان بە زەعیف داناوە چونكە عبد الرحمن تێدایە كە كوڕی زیادی كوڕی ئەنعومی ئەفریقیەو زەعیفە. وە هەیثەمیش ئەفەرمووێت: تەبەڕانی و بەززار ڕیوایەتیان كردووەو سەنەدەكەشی حەسەنە"، بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٣٥٩_ژ١٨٠١٥) طبعة دار الكتب العلمية. وە ئیبن و حەجەری عەسقەلانی لەبارەی ئەو پیاوەوە ئەفەرمووێت: "حیفزەكەی زەعیفەو لە چینی حەوتەمە، وە پیاوێكی چاك بووە"، بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ل٥٧٨). وە زەهەبیش لەبارەیەوە ئەفەرمووێت: "قازی و زاناو موحەددیسی ئەفریقیا بووە لەگەڵ ئەوەی حیفزەكەی خراپ بووە، وە ئیبن و مەعین ئەفەرمووێت: " زەعیفە بەڵام فەرموودەی ناكەوێت واتە (ساقط الحديث) نیە"، بڕوانە: (سير الأعلام النبلاء)(ب٦_ل٤١٢). بەڵام یەحیای كوڕی سەعیدو ئەبو زورعەو ئەحمەدی كوڕی صالح و سەحنوون ئەفەرموون: باوەڕپێكراوە، هەتا ئەحمەدی كوڕی صالح ئەفەرمووێت: فەرموودەكانی ئەكرێنە بەڵگە، واتە: بۆ كارپێ كردن) بڕوانە: (تهذيب التهذيب للحافظ إبن حجر العسقلاني)(ب٦_ل١٧٣_ژ٣٥٥) مطبعة مجلس دائرة المعارف النظامية الكائنة في الهند. وەرگێڕ

خۆشویستووە پلەوپایەکەی بەرزترە لای خوای گەورە لەو کەسەی کەوا لە پێناو خوای گەورە خۆش ویستراوە.

وە هەروەها لە پێغەمبەری خواوەﷺ گێڕدراوەتەوە کەوا ئەفەرموویێت: (أَنَّ رَجُلاً زَارَ أَخَاً لَهُ فِي قَرْيَةٍ أُخْرَى، فَأَرْصَدَ اللهُ لَهُ، عَلَى مَدْرَجَتِهِ، مَلَكَاً فَلَمَّا أَتَى عَلَيْهِ، قَالَ: أَيْنَ تُرِيدُ؟ قَالَ: أُرِيدُ أَخَاً لِي فِي هَذِهِ القَرْيَةِ، قَالَ: هَلْ لَكَ عَلَيْهِ مِنْ نِعْمَةٍ تَرُبُّهَا؟ قَالَ: لَا، غَيْرَ أَنِّي أَحْبَبْتُهُ فِي اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، قَالَ: فَإِنِّي رَسُولُ اللهِ إِلَيْكَ، بِأَنَّ اللهَ قَدْ أَحَبَّكَ كَمَا أَحْبَبْتَهُ فِيهِ)[٧٣]، واتە: (پیاوێك سەردانی برایەکی (یاخود هاوەڵێکی) خۆی کرد لە گوندێکی تر، جا خوای گەورە فریشتەیەکی ڕەوانە کرد و ئەمیش لەسەر ڕێگاکەی دانیشت و چاوەڕێی کرد هەتا هات، ئیتر بەیەك گەیشتن و کەوتنە گفتوگۆ، فریشتەکە پێ ی فەرموو: بۆ کوێ ئەڕۆیت؟ ئەویش گوتی: ئەمەوێت بچمە سەردانی برایەکم لەو گوندە، فریشتەکە فەرمووی: ئایا هیچ هۆکار و بەرژەوەندیەك هەیە کەوای لە تۆ کردبێت بچیت بۆ لای، ئەویش گوتی: نەخێر، تەنها ئەوە نەبێت من لەبەر خوای گەورە خۆشم ئەوێت، فریشتەکەش فەرمووی: من نێردراوی خوام بۆ لای تۆ، وە ڕاسپێردراوم کەوا پێت ڕابگەیێنم کەوا خوای گەورە تۆی خۆش ئەوێت، هەروەکوو چۆن تۆ ئەو برایەت خۆش ویست لەبەر ڕەزامەندی ئەو).

[٧٣] صەحیحە. ئیمامی موسلم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٥٦٧) لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتی کردووە. دانەر. منیش ئەڵێم: جەنابی شێخ تەنیا دەستەواژەی کۆتایی هێنابوو، بۆیە ئێمەش پێمان چاك بوو تەواوی بەسەرهاتەکە بهێنن. ئیمامی بوخاری لە (أدب المفرد)(ژ٣٥٠). وە ئیبن و حیبان لە (صحیح إبن حبان)(ژ٥٧٢). وە ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد بتحقیق أحمد شاكر وأحمد زین)(ژ٧٧٨/ژ٩٩٢٠)، ئەحمەد زین و شوعەیب ئەڕنائوت و ئەلبانیش بە صەحیحیان داناوە، بڕوانە: (صحیح الترغیب والترهیب)(ب٢_ل٦٨٩_ژ٢٥٧٧) طبعة مكتبة المعارف. وەرگێڕ

**وە هەروەها لە عبد الله کوڕی مەسعودەوە[٧٤] گێڕدراوەتەوە کەوا ئەفەرمووێت: (جَاءَ رَجُلٌ اِلَى رَسُولِ اللهِﷺ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِﷺ، كَيْفَ تَقُولُ فِي رَجُلٍ أَحَبَّ قَوْمَاً وَلَمْ يَلْحَقَ بِهِمْ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِﷺ: اَلْمَرْءُ مَعَ مَنْ أَحَبَّ)[٧٥]، واتە: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خواﷺ، جا فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ، چی ئەڵێی دەربارەی پیاوێك کەوا خەڵکانێکی خۆشویستبێ بەڵام بەوان نەگەیشتبێ؟ ئەویش فەرمووی: پیاو لەگەڵ ئەو کەسەیە کەوا خۆشی ئەوێت.**

**وە هەروەها پێغەمبەری خواﷺ ئەفەرمووێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ، اِسْمَعُوا وَاعْقِلُوا وَاعْلَمُوا أَنَّ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ عِبَاداً لَيْسُوا بِأَنْبِيَاءَ وَلا شُهَدَاءَ، يَغْبِطُهُمُ الأَنْبِيَاءُ وَالشُّهَدَاءُ عَلَى مَجَالِسِهِمْ وَقُرْبِهِمْ مِنَ اللهِ، فَجَاءَ رَجُلٌ مِنَ الأَعْرَابِ مِنْ قَاصِيَةِ النَّاسِ، وَأَلْوَى بِيَدِهِ إِلَى رَسُولِ اللهِﷺ فقال: يَا نَبِيَّ اللهِﷺ، نَاسٌ مِنَ النَّاسِ لَيْسُوا بِأَنْبِيَاءَ وَلا شُهَدَاءَ**

---

[٧٤] عبد الله کوڕی مەسعودی کوڕی غافیلی کوڕی حەبیبە، نەژادی بەڕێزیان ئەچێتەوە سەر موضەرو نزار، واتە: لە باپیرە گەورەکانیان لەگەڵ پێغەمبەری خواﷺ یەك ئەگرنەوەو لەیەك هۆزو بنەماڵەن، دوای بیست و پێنج کەس لەوانەی کە لەسەرەتا بوونە موسڵمان ئەو بووەتە موسڵمان، پیاوێکی ئەسمەری کورتە باڵاو زەعیف بووە. وە یەکێکە لە هاوەڵە کۆچەریەکان، زانایەکی بەرزی نێو هاوەڵی پێغەمبەری خوا بووەﷺ، توانیویەتی لەگشت جەنگەکان لەگەڵ پێغەمبەری خوایەﷺ بەژداری بکات، وە شەست و چوار فەرموودەی لە صەحیحەین بە موتتەفیقی ڕیوایەتی لێوە کراوە، وە بوخاریش بیست و یەك فەرموودەی بە جیا لێوە ڕیوایەت کردووە، وە موسلیمیش سی و پێنج فەرموودەی بەجیا لێوە ڕیوایەت کردووە، وە باقی فەرموودەکانی لای ئەوانەش ئەگاتە هەشت سەدو چل فەرموودە بە دووبارەوە، یەحیای کوڕی عوتبە ئەفەرمووێت: "شەست و سێ ساڵان ژیاوە"، وە یەحیای کوڕی کەثیریش ئەفەرمووێت: "لە ساڵی سی و سێ کۆچی وەفاتی کردووە"، زە هەبیش ئەفەرمووێت: "لەوانەیە لەسەرەتاکەی وەفاتی کردبێ"، وە هەندێکیش ئەفەرموون: "سێ ساڵان بەر لە ئیمامی عوسمان وەفاتی کردووە".بڕوانە: (سیر الأعلام النبلاء)(ب١_ل٤٦٢) طبعة مؤسسة الرسالة. وەرگێڕ

[٧٥] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٦١٧٠). ئیمامی موسلم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٦٤١) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە. دانەر.

**يَغْبِطُهُمُ[76] الأَنْبِيَاءُ وَالشُّهَدَاءُ عَلَى مَجَالِسِهِمْ وَقُرْبِهِمْ مِنَ اللهِ، إِنْعَتْهُمْ لَنَا، يَعْنِي صِفْهُمْ لَنَا، فَسَرَ وَجْهُ رسول الله ﷺ لِسُؤَالِ الأَعْرَابِي، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: هُمْ نَاسٌ مِنْ أَفْنَاءِ[77] النَّاسِ وَنَوازِعِ القَبَائِلِ[78] لَمْ تَصِلْ بَيْنَهُمْ أَرْحَامٌ مُتَقَارِبَةٌ، تَحَابُّوا فِي اللهِ وَتَصَافَوْا[79]، يَضَعُ اللهُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ فَيُجْلِسُهُمْ عَلَيْهَا، فَيَجْعَلُ وُجُوهَهُمْ نُوراً، وَثِيَابَهُمْ نُوراً، يَفْزَعُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلا يَفْزَعُونَ، وَهُمْ أَوْلِيَاءُ اللهِ الَّذِينَ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ)[80]، واته ئەی خەڵكینە گوێڕادێرن و**

---

[76] (الغِبْطَةُ) واته: حەز بە شتێك بكەی كە تۆش وەكوو ئەو كەسە هەتبێت ، بەلاّم بێ ئەوەی حەز بكەیت ئەو شتە لەو كەسەدا نەمێنێت، ئەمە جیاوازە لەگەڵ حەسوودی، بڕوانە: (مختار الصحاح)(ل٢٢٤/ پیتی غ ب ط). وەرگێڕ

[77] أفناء: واتە: هیچ كەسێك نازانێ ئەوە كێیە، تاكەكەشی فەنووە. دانەر، ونبووی نێو خەڵكە. وەرگێڕ

[78] كۆی نَازَعَ وە نَزِيعَ، ئەمە غەریبێكە كە وازی لە كەس و كارو هۆزەكەی هێناوە، واتە: دووركەوتووەتەوەو ونبووە، وە ئەشگوترێ: لەبەر ئەوەی مەیل و سۆزی بۆ نیشتمانەكەی هەیە، مەیلی بۆ ئەكات و ڕایئەكێشێ. دانەر

[79] صەفاو دڵ پاكیان لەو خۆشەویستیە وەدەرخستووە، وە دڵشیان پاككردووەتەوە لە پیسیەكانی بوغزو كینە. دانەر

[80] صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٣٧_ل٥٤١_ژ٢٢٩٠٦) لە ئەبو مالیكی ئەشعەریەوە. وە ئەبو یەعلا لە (مسند أبي يعلاء)(ب١٢_ل٢٣٣_ژ٦٨٤٢) لە شەهری كوڕی حەوشەبەوە بە موڕسەلی. وە حاكم لە (مستدرك حاكم)(ب٤_ل١٨٨_ژ٧٣١٨) لە ئیبن و عومەرەوە ڕیوایەتیان كردووە، لەفزەكەش هی ئەحمەدە. دانەر. منیش ئەڵێم: شوعەیب ئەرنائووت ئەفەرمووێت: "سەنەدەكەی زەعیفە لەبەر زەعیفی شەهری كوڕی حەوشەب". بەلاّم هەیثەمی ئەفەرمووێت: ئەحمەد ڕیوایەتی كردووەو پیاوەكانیشی متمانەیان پێدراوە، وە تەبەڕانیش ڕیوایەتی كردووە. وە هەروەها لە شوێنێكی تردا ئەفەرمووێت: ئەبو یەعلا ڕیوایەتی كردووە، وە پیاوەكانیشی پیاوانێكی صەحیحن جگە لە شەهری كوڕی حەوشەب نەبێ كە زیاتر لە كەسێك متمانەیان پێداوە، بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٣٥٤_ژ١٧٩٩٦)(ب١٠_ل٢٧٧). وە حاكم ئەفەرمووێت: سەنەدەكەی صەحیحە، وە زەهەبیش موافیقە لەسەری"، بڕوانە: (مستدرك حاكم مع التلخيص الذهبي)(ب٤_ل١٧٠). وە حەمزە ئەحمد زینیش ئەفەرمووێت: "سەنەدەكەی حەسەنە". بڕوانە: (مسند أحمد بتقيق أحمد محمد شاكر وحمزه أحمد زين)(ب١٦_ل٤٦٣_ژ٢٢٨٠٤). وە ئیبن و عەساكیر لە (تاريخ مدينه دمشق)(ب٦٧_ل١٩٥) طبعة دار الفكر، لە ئەبو مالیكی ئەشعەریەوە ڕیوایەتی كردووە. وە ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: "شەهری كوڕی حەوشەبی ئەشعەری شامی، پیاوێكی ڕاستگۆیە، وە ئیرسال و وەهمیشی زۆرە، لە چینی سێیەمە"، بڕوانە: (التقريب التهذيب)(ل٤٤١). تێبینی: ڕیوایەتەكەی حاكم كە لە

ژیریتان بخەنەگەڕو سوودی لەم وتانەم وەرگرن، بزانن کەوا خوای گەورە هەندێ بەندەی هەیە نە لە پێغەمبەرانن، وە نە لە شەهیدەکانیشن، بەڵکوو پێغەمبەران و شەهیدەکانیش تامەزرۆی پلەو مەقامی ئەوانن، ئەمەش بەهۆی دانیشتن و نزیکیانەوە لە خوای پەروەردگار، جا پیاوێکی دەشتەکی بە تەنیا لە شوێنێکی دوورەوە هاتبوو بە دەستەکانی ئاماژەی بۆ لای پێغەمبەری خوا کردﷺ، وە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ: کەسانێك هەن لە نێو خەڵکیدا نە لە پێغەمبەرانن، وە نە لە شەهیدەکانیشن، کەچی پێغەمبەران و شەهیدەکانیش تامەزرۆی پلەو مەقامی ئەوانن، ئەمەش بەهۆی دانیشتن و نزیکیان لە خوای پەروەردگارەوە، جا بۆمان وەصف بکە کەوا سیفەتی ئەوانە چۆنن تاوەکوو ئێمەش لە خۆمانی بەرجەستە بکەین، ئەوەبوو پێغەمبەری خواشﷺ ڕوخساری گەشایەوە بەهۆی پرسیاری ئەو دەشتەکیەوە، پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: ئەمانە کەسانێکی بزر بووی نێو خەڵکن، وە دوورکەوتوو غەریبەکانی هۆزو عەشیرەتەکانن، وە هیچ پەیوەندیەکی خزمایەتی و نزیکیەکیش لەگەڵ یەکتریان نیە، تەنیا لەبەر خوای گەورە یەکتریان خۆش ئەوێت، دڵی خۆیان پاك کردووەتەوە لە بوغزو ئیرەیی و هەموو جۆرە نەخۆشیەکان دڵ، ئەمانە کەسانێکن خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی لەسەر مینبەری نوور دایان ئەنیشێنێت، وە ڕوخساریشیان ئەگەشێتەوە لە نێو نووردا، وە جل و بەرگەکانیشیان هەمووی نوورە، ئەمانە لە ڕۆژی دوایی دا ناترسێن، کەچی خەڵکانیش لە نێو ترسیەکی گەلێك زۆردان، ئەمانە ئەولیاکانی خوای گەورەن کە هیچ ترسێکیان لەسەر نیە، وە هیچ شتێکیش غەمباریان ناکات.

---

ئیبن و عومەرەوە ڕیوایەتکراوە شەهری کوڕی حەوشەبی تێدا نیە، بۆیە صەحیحە، وە ڕیوایەتەکەی تر لە مالیکی کوڕی ئەشعەریەوە ئەوە حەسەنە. وەرگێڕ

وه هەروەها لـه ڕیوایەتێکی تردا هاتووه: (حَقَّتْ[٨١] مَحَبَّتِي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ، يَعْنِي نَفْسَهُ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَنَاصِحِينَ فِيَّ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي عَلَى الْمُتَزَاوِرِينَ فِيَّ، وَحَقَّتْ

---

[٨١] حَقَّتْ: واته: واجب و پێویست كرا، پێغەمبەری خوا ﷺ بە موعازی فەرموو: (ئایا ئەزانی حەقی خوای گەورە لەسەر بەندەكانی چیە؟ منیش گوتم: خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ زاناترن، فەرمووی: حەقی خوای گەورە لەسەر بەندەكانی ئەوەیە كەوا خوای گەورە بپەرستن و هاوبەشی بۆ پەیدا نەكەن، جا پێغەمبەری خوا ﷺ سەعاتێك ڕۆیشت و گەڕایەوەو فەرمووی: ئەی موعاز، منیش گوتم: لە خزمەتتدام ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئایا ئەزانی حەقی بەندەكان لەسەر خوای گەورە چیە ئەگەر بێت و ئەنجامی بدەن؟ منیش گوتم: خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ زاناترن. فەرمووی: حەقی بەندەكان لەسەر خوای گەورە ئەوەیە كەوا سزایان نەدات) ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٦٥٠٠)، وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٤٨) لە موعازی كوڕی جەبەلەوە ڕیوایەتیان كردووە، جا بۆ ڕاڤەكردنەكەی ئەچینە خزمەت ئیبن و حەجەری عەسقەلانی و پێمان ئەفەرمووێت: "(حەقی خوای گەورە لەسەر بەندەكانی) حەق هەموو شتێكی هەبوو تەحقیقكراوە یاخود بێگومان هەر پەیدا ئەبێت، وە بە قسەیەكی ڕاستیش ئەگوترێ حەقە، لەبەر ئەوەی پەیدابوونی تەحقیقكراوەو هیچ گومانێكی تێدا نیە، جا بەهەمان شێوەش حەقی ئەو كەسەی كەوا موستەحەققە لەسەر كەسێكی تر ئەگەر بێت و هیچ گومانێكی تێدا نەبێت، جا مەستیش لێرە ئەوەی كەوا بۆ خوای گەورە شایەن بێت لەسەر بەندەكانی كەوا حەتمیەو ئەبێ هەر ببێ، ئەمەش ئیبن و تیمی لە تەحریردا فەرموویەتی: وە قورتوبیش ئەفەرمووێت: "حەقی خوای گەورە بەسەر بەندەكانیەوە ئەوە ئەو پاداشتانەیە كەوا بەڵێنی پێداوە، وە ناچاریشی كردوون كەوا وەڵامی بانگەوازەكەی بدەنەوە"، (.....) وە هەروەها حەقی بەندەش لەسەر خوای گەورە: ئەوەیە كەوا سزایان نەدات، وە لە ڕیوایەتی ئیبن و حیبان لە ڕێی عەمری كوڕی مەیموونەوە كەوا "خوای گەورە لێیان خۆش بێ و سزایان نەدات"، وە لە ڕیوایەتی ئەبو عوسمانیش هاتووە كەوا"بیانخاتە نێو بەهەشتەوە"، جا ئیمامی قورتوبی ئەفەرمووێت: "حەقی بەندەكان لەسەر خوای گەورە ئەو بەڵێنانەیە كەوا داویەتی لە ئەجرو پاداشت، جا ئەمە بووەتە حەق و واجیبیش بووە بۆ بڕیاری بەڵێنە ڕاستەكەی، وە گوتەی حەق دروست نیە كەوا لە هەواڵدا درۆ هەڵبگرێت، وە پێچەوانەو خیلافیشی هەبێ لە بەڵێندا، جا خوای گەورە هیچ شتێكی لەسەر واجیب نابێت بەوەی كەوا فەرمانی بەسەرا بكرێت، چونكە هیچ فەرمانكەرێك لەسەرووی ئەوەوە نیە"، بڕوانە: (فتح الباري شرح صحيح البخاري)(ب١١_ل٣٣٩) طبعة المكتبة السلفية.
جا بۆیە ئاگاداربە هیچ شتێك لەسەر خوای گەورە حەق و واجیب نیە، وە هیچ كەسێكیش ناتوانێ فەرمان بكات بەسەریەوە، بەڵكوو لە میهرەبانی خۆی ئەو بەڵێنانەی كە داویەتە بە ئیمانداران گشتی ئەهێنێتە جێ، ئەی نەتبیستووە كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (هیچ كەسێك كارو كردەوەكەی نایخاتە نێو بەهەشتەوە، وتیان: تۆش ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: نەخێر، نەخێر منیش، مەگەر خوای گەورە بە میهرەبانی و فەزڵی خۆی بمخاتە نێویە.......) بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٥٦٧٣). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٨١٦) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان كردووە. وە ئیمامی نەوەویش ئەفەرمووێت: "غەیری

**مَحَبَّتِي عَلَى الْمُتَبَاذِلِينَ فِيَّ، كَذا عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ، يَغْبِطُهُمْ بِمَكَانِهِمُ النَّبِيُّونَ وَالصِّدِّقُونَ)[٨٢]، واته: خۆشەویستی من بۆ ئەو کەسانە وەدەست هات کەوا لە پێناو من یەکتریان خۆش ئەوێت، واتە: لەبەر خودی ئەو، وە خۆشەویستی من بۆ ئەو کەسانەش وەدەست هات کەوا لە پێناو من ئامۆژگاری یەکتر ئەکەن، وە خۆشەویستی من بۆ ئەو کەسانەش وەدەست هات کەوا لە پێناو من سەردان و هاموشۆی یەکتر ئەکەن، وە هەروەها خۆشەویستی من بۆ ئەو کەسانەش وەدەست هات کەوا لە پێناو من ماڵ ئەبەخەشن، ئەمانە لە ڕۆژی دوایی لەسەر مینبەرە نوورینەکانن، کەوا پێغەمبەران و ڕاستگۆیەکان ئاواتەخوازی پلەو مەقامی ئەوانن.**

**هەر بۆیەش پێغەمبەری خواﷺ لە نزاکانیدا ئەپاڕایەوەو ئەیفەرموو: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ حُبَّكَ، وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ، وَ العَمَلَ الَّذِي يُبَلِّغُنِي حُبَّكَ، اللَّهُمَّ إجْعَلْ حُبَّكَ أَحَبَّ اِلَيَّ مِنْ نَفْسِي وَأَهْلِي وَمِنَ الْمَاءِ البَارِدِ)[٨٣]، واتە: پەروەردگار داوای**

---

خاوەنی کتێبی تەحریر فەرموویانە: حەقی ئەوان لەسەر خوای گەورە لەڕووی بەرامبەرێتیەوەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی کەوا حەقی لەسەریان هەیە، واتە: هەروەك چۆن خوای گەورە حەقی لەسەر وان داناوە، ئاواش لەسەر خۆی داناوە، وە دروستیشە گوتەی ئەو پیاوەی کەوا بە هاوەڵەکەی خۆی ئەفەرمووێت: حەقی تۆ واجیبە لەسەر من، واتە بە دڵنیایەوە بەو کارە هەڵئەستم والله أعلم. بڕوانە: (شرح النووی علی الصحیح المسلم)(ب١_ل٣١٧) طبعة مؤسسة القرطبة. ئەو حەقەی بەندەش لەسەر خوای گەورە دڵنیاکراوەیە کەوا خوای گەورە پێی ئەبەخشێت، بەڵام هیچ کەسێك ناتوانێ بڵێ واجیبە لەسەر خوای گەورە بەپێی فەتواکەی ئیمامی قورتوبی و لێکدانەوەی ئەو زانایانە، والله أعلم. وەرگێڕ

[٨٢] صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٣٧_ل٤٤٥_ژ٢٢٧٨٢) لە ئەبو موسلیمی خەولانیەوە ئەویش لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە، (ب٣٦_ل٣٩٩_ژ٢٢٠٨٠) لە ئەبو موسلیمی خەولانیەوە ئەویش لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە، (ب٣٢_١٨٣_ژ١٩٤٣٨) لە عەمری کوڕی عەبەسەی سوللەمیەوە، (ب٣٦_ل٣٢٦_ ژ٢٢٠٠٢)لە ئەبو ئیدرسی خەولانیەوە ئەویش لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە ڕیوایەتی کردووە، شوعەیب ئەڕنائووت ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحەو پیاوەکانیشی متمانەپێکراون". وە هەروەها ضیائی مەقدیسی لە (الأحادیث المختار)(ب٨_ل٣١٢_ژ٣٧٥) لە ئەبو موسلیمی خەولانیەوە ئەویش لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە ڕیوایەتی کردووە. لەفزەکەی سەرەوە هی ضیائی مەقدیسیە. وەرگێڕ

[٨٣] حەسەنە. ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٤٩٠) لە ئەبو دەردائەوە ڕیوایەتی کردووە. دانەر. منیش ئەڵێم: ترمذی ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە". ڕەویانی لە (مسند الرویاني)(ب٣_ل٣٠٣_ژ٢٤٧) وە حاکم لە (مستدرك حاکم مع التلخیص الذهبِي)(ب٢_ل٤٣٣) هەر

**خۆشەویستی تۆ ئەکەم، وە خۆشەویستی ئەو کەسەش کەوا تۆی خۆش ئەوێ، وە خۆشەویستی ئەو کاروکردەوەیەش کەوا ئەم گەیێنێتە خۆشەویستی تۆ، پەروەردگارە وا بکە کەوا خۆشەویستی تۆ لە لای من خۆشەویستر بێت لە خۆم و کەس و کارم، هەتاوەکوو لە ئاوی ساردیش.**

**وە هەروەها لە ئەبو ئیدریسی خەولانیەوە[٨٤] گێردراوەتەوە کەوا ئەفەرمووێت: (دَخَلْتُ مَسْجِدَ دِمَشْقَ، فَإِذا فَتَى شَابٌّ بَرَّاقُ الثَّنَايَا[٨٥]، وَإِذا النَّاسَ مَعَهُ، فَإِذا اخْتَلَفُوا**

---

دووکیان لە ئەبو دەردائەوە ڕیوایەتیان کردووە. ئەمە دوعای پێغەمبەر داود بووە (علیه السلام). جا حاکم ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە، وە زەهەبیش موافیقە، بەلاّم ئەفەرمووڕێت: عبد الله کوری یەزیدی دیمەشقی ئەحمەد لەبارەیەوە ئەفەرمووێت: فەرموودەکانی هەڵبەستراوە". جا ئیبن و حەجەری عەسقەلانی لەبارەی ئەو پیاوەوە ئەفەرمووێت: "زەعیفەو لە چینی شەشەمە"، بڕوانە: (التقریب التهذیب)(ل٥٥٨). وە ئەلبانیش سەرەتا ئەم فەرموودەیەی بە زەعیف داناوە لە (ضعیف الجامع الصغیر)(ژ٤١٥٣)، بەلاّم لە (سلسلة الأحادیث الصحیحة)(ب٢_ل٣٢٤_ژ٧٠٧) شاهێدی لەسەر هێناوەو بەهێزی کردووە تا گەیاندوویەتی بە پلەی حەسەنیەت. وە حافیزی صفي الدین لەبارەی ئەو پیاوەوە ئەفەرمووێت: "عبد الله کوڕی یەزیدی دیمەشقی ئەویش لە ڕەبیعەی کوڕی یەزیدەوە، وە عبد الله کوڕی عەقیلیش لە عبد الله کوڕی یەزیدەوە ڕیوایەتی کردووە، جا فەرموودەی حەسەنە"، بڕوانە: (خلاصة تهذیب تهذیب الکمال في أسماء الرجال لحافظ صفي الدین أحمد بن عبد الله الخزرجي الأنصاري)(ل٢١٩) طبعة مطبعة الکبری المیریة.

[٨٤] عائذ الله کوڕی عبد الله، لەو کاتەی کە پێغەمبەری خواﷺ لە ژیاندا مابوو لە ڕۆژی جەنگی حونەین لە دایك بووە، گوێبیستی گەورە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا بووەﷺ، وە لە ساڵی (٨٠ھ) کۆچی دوایی کردووە، یەکێك بووە لە زاناکانی شام لە دوای ئەبو دەردائەوە. بڕوانە: (التقریب التهذیب)(ل٤٧٩). تێبینی: جەنگی حونەین لە ساڵی هەشتەمی کۆچی ڕوویدا لە دوای فەتحی مەککەوە، لە نێوان پێغەمبەری خواو هۆزی سەقیف و هەوازن کە یەکیان گرتبوو لە دژی ئیسلام، جا شەڕەکەش لە دۆڵێك ڕوویدا بە نێوی حونەین کە ئەکەوێتە نێوان مەککەو مەدینەو طائف، لەسەرەتا هاوەڵەکان شکان، بەلاّم دواتر پێغەمبەری خواﷺ سەرکەوت بەسەریاندا. جا بەگوێرەی ساڵی لە دایکبوونەکەی ئەبو ئیدریسی خەولانی کە ئەکاتە (٨ھ)، وە پێغەمبەری خواشﷺ لە ١٢ ربیع الأول ساڵی (١١ھ) کۆچی دوایی کردووە، جا بەو هەژمارە تەمەنی ئەبو ئیدرس ساڵاّن ٣ ساڵاّن بووە کە پێغەمبەری خواﷺ وەفاتی کردووە، هەر بۆیەش بە هاوەڵی پێغەمبەری خوا هەژمار ناکرێت چونکە زاناکان مەرجیان داناوە بۆ ئەوەی بەو کەسە بگوترێت هاوەڵ (صحابی) هەروەکوو ئەفەرموون: ئەبێ بە خزمەت پێغەمبەری خواﷺ گەیشتبێت و ئیمانیشی پێ هێنا بێت، وە لەسەر ئیمانەکەشی وەفاتی کرد بێت، بۆیە بە پێی ئەو مەرجانە لە هاوەڵێتی هەژمار ناکرێت و یەکێکە لە گەورە

**فِي شَيْءٍ، أَسْنَدُوا إِلَيْهِ[٨٦]، وَصَدَرُوا عَنْ قَوْلِهِ، فَسَأَلْتُ عَنْهُ، فَقِيلَ: هَذا مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ رضي الله عنه فَلَمَّا كَانَ الْغَدُ، هَجَّرْتُ[٨٧]، فَوَجَدْتُهُ قَدْ سَبَقَنِي بِالتَّهْجِيرِ، وَوَجَدْتُهُ يُصَلِّي، قَالَ: فَانْتَظَرْتُهُ حَتَّى قَضَى صَلاتَهُ، ثُمَّ جِئْتُهُ مِنْ قِبَلِ وَجْهِهِ، فَسَلَّمْتُ عَلَيْهِ، ثُمَّ قُلْتُ: وَاللهِ إِنِّي لَأُحِبُّكَ لِلَّهِ، فَقَالَ: آللهِ؟[٨٨] فَقُلْتُ آللهِ، فَقَالَ: آللهِ؟ فَقُلْتُ: آللهِ، فَقَالَ: آللهِ؟ فَقُلْتُ: آللهِ، فَأَخَذَ بِحُبْوَةِ رِدَائِي[٨٩]، فَجَبَذَنِي إِلَيْهِ[٩٠]، فَقَالَ: أَبْشِرْ فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: "قَالَ اللهُ تَعَالَى: وَجَبَتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ،**

---

تابیعیەکان، ئیتر لە وانەشە لە زانستی خوا هەر موسڵمانێك لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ لە دایك بووبێ با تەمەنی یەك ڕۆژ یاخود یەك چرکەش بێت بەلاّم بە مەرجی ئەوەی لەسەر ئیسلامەتیەکەی مردبێت ئەوە لەبەر حورمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ شەرەفی هاوەڵێتی پێ بدرێت والله أعلم. وەرگێڕ

[٨٥] ددانەکانی پاك و خاوێن و بریسکاوەن ئەمەش لەبەر گەشاوەیی لاشەکەی و ڕووخۆشی ڕوخساری و شیرینی شێوەکەی. دانەر

[٨٦] جڵەوی وتەو کەلامیان ئەدا دەست ئەوو ڕاوێژیان بەو ئەکرد، وە کاریان بە ئامۆژگاری ئەو ئەکرد، وە هەرچیەکی فەرمان بکردایە ئەوە جێ بەجێیان ئەکرد چونکە گەورەیان بوو. دانەر

[٨٧] هَجَّرْتُ: بَكَّرْتُ، جا التَّهْجِير: زوو کردن و پێش کەوتنە لە هەموو شتێك، وە پەلە کردنە بۆ لای ئەو شتە، جا ئەویش مەبەستی ئەوە بووە کەوا پەلە بکات بۆ یەکەم کاتی نوێژ. دانەر

[٨٨] خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرمووێت: ﴿قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ ۖ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾﴾ سورة يونس آية ٥٩، واتە: ئەی محمد ﷺ تۆ بەو کافرانە بڵێ ئەوانەی کەوا ئینکاری وەحی ئێمە ئەکەن، با هەواڵم بدەنێ سەبارەت بەو ڕۆزییەی کەوا خوای گەورە دای ئەبەزێنێ لەڕێی ئاژەڵان و گژوگیا و هەموو ئەو خێرو بەرەکاتانە، جا ئەو کافرانە هەندێك لەو خۆراکانەیان لەسەر خۆیان حەلاڵ کردو هەندێکی تریشیان لەسەر خۆیان قەدەغەکرد، جا تۆ پێیان بڵێ: ئایا خوای گەورە مۆڵەتی داون بەو حەلاڵ کردن و حەرام کردنە یاخود هەر درۆو بوختان بەدەم خواوە ئەکەن؟. جا بۆیە ئێمەش وشەی (آللە) بەمانای ئایا لەبەر خوای گەورە بەکارمان هێنا. وەرگێڕ

[٨٩] بِحُبْوَةِ رِدَائِي: دەستەکانی درێژ کرد بۆ لای جل و بەرگم، ئەگوترێ: إِحْتَبَى الرَّجُلُ، واتە: پێکان و پشتی بۆ لای یەکتر هێنایەوەو کۆیانی کردەوە، بەجلی خۆی یان بە شتێکی تر، وە بە هەر دوو باسکەکانیشی پێ کانی ئەگرێت. دانەر. کاتێ مرۆڤ لەسەر سمتی دا ئەنیشێت و ئەژنۆکانی دێنێتەوە لای سینگی، وە بە دەستەکانیشی ئەژنۆکانی ئەگرێت، مەبەست بەوەیە، جا ئەم دانیشتنەش بەناو بانگە لە نێو خەڵك. وەرگێڕ

[٩٠] عەللامەی مەلا عەلی قاری ئەفەرمووێت: ئیمامی طیبی ئەفەرمووێت: (جَبَذَنِي) هەڵگەڕاوەو ئاوەژووکراوی (جَذَبَنِي)ـە، واتە: ڕاکێشان، بڕوانە: (مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح)(ب٣_ل١٧٢_ژ١١١٦). وەرگێڕ

وَالْمُتَجَالِسِينَ فِيَّ، وَالْمُتَزَاوِرِينَ فِيَّ، وَالْمُتَبَاذِلِينَ فِيَّ)[٩١]، واته: چوومه مزگەوتی دیمەشق و لەوێ گەنجێکی دەم و چاو گەشاوەو ددان سپیم بینی، وە خەڵکیشی لەگەڵا بوو، جا ئەگەر بێت و ڕاجیاییەکیان هەبایە ئەوە کێشەکەیان ئەخستە بەردەم ئەو گەنجەو ڕاوێژیان بەو ئەکرد کەوا بۆ چوونی ئەو لەو بارەیەوە چیە، جا منیش لەبارەی ئەو گەنجەوە پرسیارم کرد کەوا کێیە، ئەوەبوو پێم گوترا: کەوا ئەوە هاوەڵی پێغەمبەری خواﷺ موعازی کوڕی جەبەلە، جا بۆ بەیانیەکەی پەلەم کرد بۆ ئەوەی زوو بچمە مزگەوت کەچی بینیم ئەو پێش من کەوتبوو زووتر هاتبوویە مزگەوت، جا بینیم خەریکی نوێژکردنە، بۆیە منیش چاوەڕێم کرد هەتاوەکوو لە نوێژەکەی بوویەوە، ئەوەبوو منیش ڕووبەڕوو بۆ لای چووم و سەلامم لێ کرد، وە گوتیشم: سوێند بەخوا لەبەر خوای گەورە تۆم خۆش ئەوێت، ئەویش فەرمووی: ئایا لەبەر خوای گەورەتە، منیش گوتم: بەڵێ لەبەر خوای گەورەمە، فەرمووی: ئایا لەبەر خوای گەورەتە؟ منیش گوتم: بەڵێ لەبەر خوای گەورەمە، فەرمووی: ئایا لەبەر خوای گەورەتە؟ منیش گوتم: بەڵێ لەبەر خوای گەورەمە، ئەوەبوو دەستی درێژکرد بۆ لای جل و بەرگم و بۆ لای خۆی ڕایکێشاو فەرمووی: موژدەت لێ بێ کەوا من گوێم لە پێغەمبەری خوا بووەﷺ ئەیفەرموو: خوای گەورە ئەفەرموێت: خۆشەویستی من بۆ ئەو کەسانە وەدەستهاتووە کەوا لەبەر من یەکتریان خۆش ئەوێت، وە لەبەر منیش لەگەڵ یەکتری دائەنیشن و سەردانی یەکتریش ئەکەن، وە لەبەر منیش ماڵ و سامان ئەبەخشن.

وە هەروەها لە فەرموودەیەکی قودسیدا خوای گەورە ئەفەرموێت: (قَدْ حَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْذِينَ يَتحَابُّونَ مِنْ أَجْلِي، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْذِينَ يَتَصَافُّونَ مِنْ أَجْلِي، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْذِينَ يَتَزَاوَرُونَ مِنْ أَجْلِي، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْذِينَ يَتَبَاذَلُونَ مِنْ أَجْلِي،

[٩١] صەحیحە. ئیمامی مالیك لە (موطأ)(ژ٣٥٠٧). وە ئیبن و حیبان لە (صحيح إبن حبان)(ب٢_ل٣٣٥) ڕیوایەتیان کردووە. ئیمامی نەوەوی ئەفەرمووێت: "مالیك ڕیوایەتی کردووەو سەنەدەکەشی صەحیحە"، بڕوانە: (رياض الصالحين)(ل٨٧). دانەر

وَ حَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْذِينَ يَنَاصَرُونَ مِنْ أَجْلِي)[٩٢]، واتە: بێگومان خۆشەویستی من بۆ ئەو کەسانە وەدەستهاتووە کەوا لە پێناو من یەکتریان خۆش ئەوێت، وە لە پێناو منیش دڵ و دەروونی خۆیان پاك و خاوێن ئەکەنەوە، وە لە پێناو من سەردانی یەکتر ئەکەن، وە لە پێناو من ماڵ و سامان ئەبەخشن، وە لە پێناو منیش یەکتری سەرئەخەن و پشتیوانی یەکتر ئەکەن.

وە هەروەها لە ئەسەرێکدا لە هەندێ لە زاناکانەوە هاتووە کەوا ئەفەرموون: یەکێ لەو شتانەی کەوا مرۆڤ ئەگەیێنێتە پلەی کەماڵی خۆشەویستی خوایی ئەویش خۆشویستنی ئەو کەسانەیە کەوا خوای گەورەیان خۆش ئەوێت، منیش ئەڵێم: ئەمە بۆ گشتیەکەیەتی، ئەی چی ئەبێ بۆ کەسە تایبەتیەکانی، ئەمەش: خۆشویستنی ئەو کەسانەیە کەوا خوای گەورە ئەوانی خۆش ئەوێت "ئەمەش بۆ تەحقیق کردنی خۆشەویستی تۆیە لای خوای پەروەردگار".

[٩٢] صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٣٢_ل١٤٨_ژ١٩٤٣٨) لە عەمری کوڕی عەبەسەی سوللەمیەوە ڕیوایەتی کرووە، شوعەیب ئەڕنائوت ئەفەرمووێت: "صەحیحە". دانەر

**پوختەی پایەکانی خۆشەویستی و هاوەڵایەتی ئەولیاکان**

ئەم مەقامە سێ پایەی گرینگی لە خۆگرتووە:

یەکەم: شوێنکەوتنی ئەحکامەکانی شەرعی پیرۆز، لەبەر ئەوەی ئەوەی کەسێکی خۆشبووێت گوێڕایەڵی ئەبێت ـ ئەمەش شوێنکەوتن و ئەدەبە.

دووەم: جێ بەجێ کردنی ڕەوشت و ئادابی ئەو کەسەی کەوا خۆشت ئەوێت، لە کاروبارەکەی، وە لەوەی کە ویستوویەتی، وە لە خوو ئاکارو سیفەتەکانی، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا ٢١﴾[٩٣]، واتە: بێگومان پێغەمبەری خواﷺ باشترین و چاکترین پێشەنگ و لوتکەی هەرەبەرزی چاکەکاری و سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی و ڕێنیشاندەرە بۆ ئێوە، بۆیە شوێنی بکەون تاوەکوو سەرفرازی هەردوو دونیا بن، بێگومان کەسێکیش ئەم پێشەوایەتی و ئەوەی کەوا باسی لێوە کرا پێی قەبووڵەو جێ بەجێیان ئەکا کەوا بڕوای بە ڕۆژی دوایی هەبێت و زیکرو یادی خوای گەورەش زۆر بکات.

سێیەم: پڕکردنی دڵ لە خۆشەویستی بۆ خوا، هەروەکوو فەرموویەتی ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبّٗا لِّلَّهِۗ ١٦٥﴾[٩٤]، واتە: بەڕاستی ئەوانەی کەوا ئیمانیان هێناوە بەخواو پێغەمبەرەکەیﷺ تایبەتمەندیتیەکیان هەیە ئەویش ئەوەیە کەوا خۆشەویستیەکی زۆریان بۆ خوای گەورە هەیە. هەروەکوو پێغەمبەری خواشﷺ ئەفەرمووێت: (الْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ، فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ)[٩٥]، واتە: مرۆڤ لەسەر ئاینی

---

[٩٣] سورة الأحزاب آية ٢١.

[٩٤] سورة البقرة آية ١٦٥.

[٩٥] حەسەن و صەحیحە. ئەبو داود لە (سنن أبی داود)(ژ٤٨٣٣). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٣٧٨) لە ئەبو هورەیرەوە. وە ئیمامی ئەحمد لە (مسند أحمد)(ب٨/ل٣٠٧/ژ٨٣٩٨). وە بەیهەقی لە (شعب الإیمان)(ب٧_ل٥٥). جا محمدی کوڕی خەطیبی تەبریزی ئەفەرمووێت: ئەحمدو ئەبوداود ترمذی و بەیهەقی

**دۆست و هاوەڵەکەی خۆیەتی، بۆیە هەر یەکێك لە ئێوە با سەیر بکات کەوا کێی کردووەتە دۆست و هاوەڵی خۆی.**

**وە هەروەها پێغەمبەری خواﷺ ئەفەرمووێت: (خِيَارُكُمْ الَّذِينَ إِذا رُؤُوا ذُكِرَ اللهُ بِهِمْ)[٩٦]، واتە: چاکترین کەستان ئەو کەسەیە کەوا کاتێ ئەبینرێ زیکرو یادی**

---

ڕیوایەتیان کردووە، وە ئیمامی نەوەویش ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە"، بڕوانە: (مشكاة المصابيح)(ب٣_ژ١٣٩٧) دانەر. منیش ئەڵێم: حاکم لە (مستدرك حاكم مع التلخيص الذهبي)(ب٤_ل١٧١) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە. وە ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە"، وە زەهەبیش موافیقە لەسەری. وە هەروەها ترمذیش ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە". وە ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە لە (صحيح الترمذي)(ژ٢٣٧٨). وە (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ژ٩٢٧). وە سەبارەت بە وتەکەی ئیمامی نەوەویش بڕوانە: (رياض الصالحين)(ل١١١_ژ٣٦٧) طبعة دار الخير. تێبینی: ڕیوایەتەکانی تر لەبری (الْمَرْءُ، ناوی الرَّجُلُ هاتووە). وەرگێڕ

[٩٦] حەسەنە. بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب٩_ل٧٧) ڕیوایەتی کردووە، سەنەدەکەشی حەسەنە. دانەر. منیش ئەڵێم: ئیمامی بوخاری لە (أدب المفرد)(ژ٣٢٣). وە ئیبن و ماجە لە (سنن إبن ماجه)(ژ٤١١٩). وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٤٧_ل٥٧٥_ژ٢٧٥٩٩/ژ٢٧٦٠١) هەر سێ کیان لە ئەسمائی کچی یەزیدەوە. وە بەززار لە (مسند البزار)(ژ٢٧١٩) لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە ڕیوایەتیان کردووە، جا حافیزی مونذری ئەفەرمووێت: "ئەحمەد لە شەهری کوڕی حەوشەبەوە (ئەویش لە ئەسمائی کچی یەزیدەوە) ڕیوایەتی کردووە، وە باقی پیاوەکانی تریش صەحیحن. وە ئەلبانیش لە ڕیوایەتەکەی بوخاری ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی حەسەنە"، بڕوانە: (صحيح الأدب المفرد)(ژ٢٤٦)، وە لە ڕیوایەتەکەی ئەحمەدیش ئەفەرمووێت: "حەسەنە بە غەیری خۆی"، بڕوانە: (صحيح الترغيب والترهيب)(ب٣_ل٧٤_ژ٢٨٢٤). وە شوعەیب ئەڕنائوتیش ئەفەرمووێت: "حەسەنە بە هۆی شاهێدەکانیەوە". وە حافیزی سیوطی و مەنناوی غوماریش بە حەسەنیان داناوە، بڕوانە: (فيض القدير)(ب٣_ل١١٥/ل٤١٦_ژ٢٨٨٥/ژ٣٩٧٦) وە (المداوي للعل الجامع الصغير)(ب٣_ل١٠٨/ل٣٥٢_ژ٢٨٨٥/ژ٣٩٧٦). وە هەیثەمیش ئەفەرمووێت: "ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە، شەهری کوڕی حەوشەبی تێدایە لە یەك کەس زیاتر متمانەیان پێداوە، وە باقی پیاوەکانی تریشی پیاوانێکی صەحیحن"، بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب٨_ل٩٣). وە حەمزە ئەحمەد زین ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی حەسەنە"، بڕوانە: (مسند أحمد بتحقيق أحمد شاكر و حمزه أحمد زين)(ب١٨_ل٥٩٨_ژ٢٧٤٧١/ژ٢٧٤٧٣). وە ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: "شەهری کوڕی حەوشەبی ئەشعەری شامی، پیاوێکی ڕاستگۆیە، وە ئیرسال و وەهمیشی زۆرەو لە چینی سێیەمە"، بڕوانە: (التقريب التهذيب)(ل٤٤١). ئاگاداربە! فەرموودەکە هەر لە زاتی خۆیدا حەسەنە نەك حەسەن بێت بە غەیری خۆی، وتەکەی ئەلبانی و شوعەیب ئەڕنائوتیش تەنیا وەهمە. وەرگێڕ

خوای گەورە ئەكرێ. وە هەروەها ئەفەرموویت: (مَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يَنْفَعَ أَخَاهُ فَلْيَنْفَعْهُ)[٩٧]، واتە: هەر كەسێك لە ئێوە ئەگەر توانای سوود گەیاندنی هەیە بۆ براكەی خۆی با بیكات.

وە ئیمامی غەزالیش[٩٨] لە كتێبی (الإحیاء) لە باپیرەمان ئیمامی عەلیەوە ئەم فەرمایشتەی هێناوە كە ئەفەرموویت: "لەسەرتانە كەوا لەگەڵ برایەكانتان بن، چونكە ئەمانە هۆكارو زادو زەخیرەیەكن بۆ دونیاو دووارۆژ، ئایا گوێبیستی وتەكانی ئەهلی دۆزەخ نەبوویت: ﴿فَمَا لَنَا مِن شَـٰفِعِينَ ۝١٠٠ وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ ۝١٠١﴾[٩٩]، واتە: ئێمەی لە ناو دۆخێكداین هیچ تكاكارێك و هاوەڵێكی گیانی بەگیانیمان نیە كەوا تكامان بۆ بكەن تاوەكوو لە دۆزەخ و سزاكەی ڕزگارمان

[٩٧] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢١٩٩) لە جابری كوڕی عبد الله ڕیوایەتی كردووە. دانەر. منیش ئەڵێم: ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٢٣_ل٣٩٥_ژ١٥٢٣٤). وە بەیهەقی لە (سنن الكبرى)(ب٩_ل٥٨٦_ژ١٩٥٩٥). وە حاكم لە (مستدرك حاكم مع التلخيص الذهبي)(ب٤_ل٤١٥) هەموویان لە جابری كوڕی عبد الله ڕیوایەتیان كردووە. جا حاكم ئەفەرموویت: "صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم"، زەهەبیش لەسەری بێ دەنگە. وە شوعەیب ئەرنائوت و ئەلبانیش بە صەحیحیان داناوە، بڕوانە: (صحيح الجامع الصغير)(ژ٦٠١٩). وەرگێڕ

[٩٨] محمدی كوڕی محمدی كوڕی محمدی كوڕی ئەحمەدی طوسیە، ساڵی لە دایكبوون و وەفاتی (د٤٥٠ھ_و٥٠٥ھ)، بە حوجەتو لئیسلام ئەبو حامد غەزالی بەناوبانگە، یەكێكە لە زاناو خواناس و زاهیدو فەیلەسوف وزیرەكە دەگمەنەكانی دونیا، دونیای پڕ لە زانست كرد، كە زیاتر لە پەنجا دانراوی هەیە لەهەموو بوارەكان، ئەحمەدی برای بۆمان ئەگێڕێتەوە: كەوا برام واتە: (غەزالی) دەستنوێژی بەیانی هەڵگرت و نوێژی كرد، پاشان فەرمووی: كفنەكەم بۆ بێنن، ئەویش وەریگرت و ماچی كردو لەسەر چاوەكانی داناو فەرمووی: گوێ بیست بووم و گوێڕایەڵم بۆ چوونە لای پاشا، دواتر پێكانی درێژ كردو ڕووی لە قیبلە كردو ڕۆحی پیرۆزی دەرچوو(هەزار ڕەحمەت لە گیانی پاكت نووری چاوم غەزالی گیان). بڕوانە (أيها الولد بحاشية بروفیسور دكتور علي قرداغي)(ل١٩_٢٤). وە (طبقات الشافعية)(ب٤_ل١٠٨). ئەمەش یەكێكە لە كەرامەتەكانی كەوا ئاگادار كراوەتەوەو ئەمرێ. ئەمە شتێكی ئاساییەو دروستە خوای گەورە هەندێك لە بەندەكانی خۆی ئاگادار ئەكاتەوە كەوا لە كوێ ئەمرن و كەی وەفات ئەكەن، ئەمە كەرامەتە بانگەشە نیە بۆ غەیب زانین. وەرگێڕ

[٩٩] سورة الشعراء آية ١٠٠_١٠١.

**بێت"[١٠٠]. ئەمە ئەگەر حاڵی دۆستێك وا بێ کەوا هاوەڵەکەی لە ئاگری دۆزەخ دەربهێنێ، ئەی ئەبێ کەسی خۆشەویست لە پێناو خوای گەورە لە دین و پەروەردەدا حاڵی چۆن بێت!!؟، بیرکەنەوە.**

**پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (خِيَارُكُمْ مَنْ ذَكَّرَكُمْ بِاللهِ رُؤْيَتُهُ، وَزَادَ فِي عَمَلِكُمْ مَنْطِقَهُ، وَرَغَّبَكُمْ فِي الآخِرَةِ عَمَلَهُ)[١٠١]، واتە: چاکترین کەستان ئەو کەسەیە**

---

[١٠٠] (إحياء علوم الدين)(ب٢_ل١٦٠). دانەر

[١٠١] صەحیحە. حەکیمی ترمذی لە (النوادر الأصول)(ب٢_ل٣٩_ژ٦٢٥) لە عبد الله کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە ڕیوایەتی کردووە. دانەر. منیش ئەڵێم: ئەبو یەعلا لە (مسند أبی یعلی)(ب٤_ل٣٢٦_ژ٢٤٣٧). وە عەبدی کوڕی حومەید لە (مسند عبد بن حمید)(ب١_ل٤٨٢_ژ٦٣٠). وە ضیائی مەقدیسی لە (الأحادیث المختارة)(ب١١_ل٢١٧_ژ٢١٠) هەر سێ کیان لە ئیبن و عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە. جا حافیزی مونذیری ئەفەرمووێت: ئەبو یەعلا ڕیوایەتی کردووەو ڕاویەکانیشی صەحیحن تەنیا موباڕەکی کوڕی حەسسان نەبێ"، وە ئەلبانیش ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی زەعیفە، موباڕەکی کوڕی حەسسانی تێدایە کە فەرموودەی (لَيِّنَ) نەرمە هەروەکوو حافیزی عەسقەلانی لە (تقریب التهذیب) فەرموویەتی"، بڕوانە: (ضعیف الترغیب والترهیب)(ب١_ل٥٧_ژ٧٩) طبعة مكتبة المعارف. وە (سلسلة الأحادیث الضعیفة)(ب٦_ل٣٥٧_ذ٢٨٣٠). وە حوسێن سەلیم ئەسەد لە تەحقیقی (مسند أبی یعلی) ئەفەرمووێت: سەنەدەکەی (لَيِّنَ) نەرمە، لەبەر حەسانی کوڕی موباڕەك. وە دکتۆر عبد الملك کوڕی عبد الله کوڕی دوهێش لە تەحقیقی (الأحادیث المختارة) ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی حەسەنە، وە موباڕەکی کوڕی حەسسانی تێدایە کە فەرموودەی (لَيِّنَ) نەرمە. وە حافیزی سیوطی بە صەحیحی داناوەو مەنناویش ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە، وە لە ئیبن و حەجەری هەیثەمیەوە نەقڵی کردووە کەوا ئەفەرمووێت: ئەبو یەعلا ڕیوایەتی کردووە، وە موباڕەکی کوڕی سینانی تێدایە متمانەی پێدراوە، وە باقی پیاوەکانیشی تریش پیاوانێکی صەحیحن، بڕوانە: (التیسیر بشرح الجامع الصغیر)(ب٢_ل٢٣٧_ژ٤٠٦٣) طبعة دار الكتب العلمية. وە (فیض القدیر بشرح الجامع الصغیر)(ب٣_ل٤٨٥_ژ٤٠٦٣). وە حافیزی غوماریش نەك هەر بەصحیحی داناوە بەڵکوو هەندێ شایەتی تریشی لەسەر هێناوە، بڕوانە: (المداوی لعلل الجامع الصغیر)(ب٣_ل٣٦٧_ژ٤٠٦٣). وە ئیبن و ئەبی حاتەم لە یەحیای کوڕی مەعینەوە نەقڵی کردووە کەوا فەرموویەتی: "موباڕەکی کوڕی حەسسان جێگای متمانەیە"، بڕوانە: (الجرح والتعدیل لإبن أبی حاتم)(ب٨_ل٣٤٠_ژ١٥٦٠) طبعة دائرة المعارف العثمانية. وە ئیبن و حیبانیش لە کتێبی متمانەپێکراوەکان هێناویەتی و متمانەی پێداوە، بەڵاّم ئەوەندە هەیە لەبارەیەوە ئەفەرمووێت: هەڵەی هەیەو موخالەفەش ئەکات"، بڕوانە: (الثقات لإبن حبان)(ب٧_ل٥٠١). زەعیف دانانەکەی ئەلبانی تەعبیری بۆ ناکرێت، بۆیە ئاگاداربە!. وەرگێڕ

**کەوا هەر لەگەڵ بینینیا زیکرو یادی خوای گەورە بکەن، وە گوفتارەکانیشی واتان لیّ بکات کەوا کاروکردەوەی چاکە زیاتر بکەن، وە کارو کردەوەکانیشی واتان لیّ بکات کەوا حەزو ئارەزووتان بۆ دوارۆژ زیاتر بکات.**

**وە هەروەها پێغەمبەری خوایﷺ ئەفەرموویت: (أَلا أُخْبِرُكُمْ بِخِيَارِكُمْ؟ قَالُوا بَلَى، قَالَ: فَخِيَارُكُمُ الَّذِينَ إِذا رُؤُوا ذُكِرَ اللهُ تَعَالَى)[١٠٢]، واتە: ئایا ئاگادارتان بکەمەوە کەوا چاکترین کەستان کێیە؟ هاوەڵانیش فەرموویان: بەڵیّ، ئەوەبوو پێغەمبەری خواشﷺ فەرمووی: چاکترین کەستان ئەو کەسەیە کەوا لەگەڵ بینینیا زیکرو یادی خوای گەورە ئەکریّ.**

**هەروەها پێغەمبەرﷺ ئەفەرموویت: (إِنَّ مِنَ النَّاسِ مَفَاتِيحَ لِذِكْرِ اللهِ، قِيلَ مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: إِذا رُؤُوا ذُكِرَ الله)[١٠٣]، واتە: لە نێو خەڵکیدا کەسانێك**

[١٠٢] تەخریجاتەکەی ڕابوورد، بڕوانە پەراوێزی (ژ١٠٠). وەرگێڕ

[١٠٣] تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ژ١٠٤٧٦) لە عبد الله کوڕی مەسعودەوە. وە بەیهەقی لە (شعب)(ژ٦٩٩). ڕیوایەتیان کردووە. هەیثەمی ئەفەرموویت: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووە، وە عەمری کوڕی قاسمی تێدایە نایناسم، وە باقی پیاوەکانی تری پیاوانێکی صەحیحن"، بڕوانە: (المجمع الزوائد)(ب١٠_ل٧٨_ژ١٦٧٧٣). منیش ئەڵێم: ئیبن و غەدی ئەفەرمووێ: "عەمری کوڕی قاسمی کوڕی حەبیبی تەماری کوفی کونیەکەی ئەبو عەلیە. وێڕای ئەوەی زەعیفە بەڵام فەرموودەی ئەنوسرێتەوە". بڕوانة: (الكامل في الضعفاء)(ب٦/ل٢٣٢/ژ١٢٩٥) ط. دار الكتب العلمية. وە زەهەبیش بەهەمان شێوە وتەکانی ئیبن و عەدی نەقڵ کردووە. بڕوانە: (میزان الإعتدال)(ب٥/ل٣٤٠/ژ٦٣٦١). جا لەفزی (فەرموودەی ئەنوسرێتەوە) لە زاراوەی فەرموودە فەرموودەی ئەو کەسە لە نێوان قەبوڵ و ڕەتکردنەوەدایە، وە لە نێو مەرتەبەی زەعیفی سوك و زۆر زەعیفیشی دانەنراوە، هەروەك شێخ حاتەمی عەونی وا ئەفەرمووێ لە (خلاصة التأصيل لعلم الجرح والتعديل)(ل٣٦). وە ئەلبانیش ئەفەرموویت: "زۆر زەعیفە، بەڵام بەو لەفزە صەحیحە (إِنَّ مِنَ النَّاسِ نَاساً مَفَاتِيحَ لِلْخَيْرِ مَغَالِيقَ لِلشَّرِّ، وَإِنَّ مِنَ النَّاسِ نَاساً مَفَاتِيحَ لِلشَّرِّ مَغَالِيقَ لِلْخَيْرِ، فَطُوبَى لِمَنْ جَعَلَ اللهُ مَفَاتِيحَ الخَيْرِ عَلَى يَدَيْهِ، وَوَيْلٌ لِمَنْ جَعَلَ اللهُ مَفَاتِيحَ الشَّرِّ عَلَى يَدَيْهِ) ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجة)(ژ٢٣٧) لە ئەنەسەوە. وە ئیبن و موبارەك لە (الزهد لإبن المبارك)(ژ٦٤٩) لە ئەبو دەردائو ئەنەسەوە ڕیوایەتیان کردووە، جا یەحیای کوڕی صاعید سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی ئەبو دەردائەوە ئەفەرموویت: ئیبن و موبارەك لەم ڕیوایەتە تاکە، وە سەنەدەکەشی غەریب وصەحیحە. واتە: (بێگومان لە نێو خەڵکیدا کەسانێك هەن کراوەی خێرو چاکەن وەکوو کلیلێك وان بۆ کردنەوەی دەرگای خێرو چاکە، وە بۆ داخستنی شەڕو خراپە،

**هەن وەکوو کلیل وان بۆ زیکرو یادی خوای گەورە، جا گوتیان: ئەمانە کێن ئەی پێغەمبەری خواﷺ؟ ئەویش فەرمووی: ئەو کەسانەن کە کاتێ ئەبینرێن ئەوە زیکرو یادی خوای گەورە ئەکرێ.**

**ئیمامی مالیك[١٠٤] ئەفەرمووێت: "هەر کاتێك دڵ ڕەقیەکم تووش بیایە ئەچوومە لای محمدی کوڕی مونکەدیرو[١٠٥] تەنیا جارێك سەیرم ئەکرد، ئیتر**

---

وە کەسانێکیش هەن ئەوە وەکوو کلیلێك وان بۆ کردنەوەی دەرگای شەڕو خراپە، وە بۆ داخستنی خێرو چاکە، جا خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کەوا ئەبێتە ئەو کلیلە بۆ کردنەوەی دەرگا خێرەکان لە سەر دەستی ئەو، وە وەیل و سزاش بۆ ئەو کەسە کەوا ئەبێتە ئەو کلیلە بۆ کردنەوەی دەرگای شەڕو خراپە لەسەر دەستی ئەو.

بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٥_ل٤٢٩_ژ٢٤٠٩) وە (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٣_ل٣٢٠_ژ١٣٣٢). ئیمامی سیوطی بە حەسەنی داناوە، وە ئیمامی مەنناویش لە ئیبن و حەجەرەوە نەقڵی کردووە کەوا ئەفەرمووێت: ئیبن و حیبان ئەو هەواڵەی بە صەحیح داناوە لە فەرموودەی ئەنەسە". بڕوانە: (فیض القدیر)(ب٢_ل٥٢٨_ژ٢٤٦٦). وە ئەم فەرموودەیە شاهێدێکی تری هەیە ئەویش تەبەڕانی لە (مکارم الأخلاق)(ژ٨٤) لە ئیبن و عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە: (أنا الله قدرت الخیر والشر، فطوبی لمن جعلت مفاتیح الخیر علی یدیه، وویل لمن جعلت مفاتیح الشر علی یدیه)، واتە: (هەر من الله مەو قەدەری خێرو شەڕم نوسیووە، جا خۆشبەختی..... سەیری کوردیەکەی سەرەوە بکە هەمان شتە). وتەکەی ئەلبانیش کە زۆر زەعیفی کردووە تەنیا وەهمە. وەرگێڕ

[١٠٤] مالیکی کوڕی ئەنەسی کوڕی مالیکی کوڕی ئەبو عامیری کوڕی عەمری کوڕی حاریثی کوڕی خوثەیلی کوڕی عەمری کوڕی حاریثی ذو ئەصبەحی حیمیەریە، کونیەکەی ئەبو عبد الله مەدەنیە، لە ذی مەڕوە کە شوێنێکە نزیکەی ١٨٠کم لە باشووری شاری مەدینەوە دوورە لە ساڵی (٩٣ھ) لە دایك بووە، پیاوێکی باڵا بەرزی سوورەی چاو شینی سەرو ڕیش سپی بووە، یەکێکە لە ئیمامە هەرە بەرزەکانی ئەم ئیسلامە، بە ئیمامی ئەهلی مەدینە بەناوبانگە، وە یەکێکە لەسەر مەزهەبەکان، کە بەناوبانگە بە مەزهەبی ئیمام مالیك، خواناس و پیاوچاکێکی زۆر پایە بەرز بووە، لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا وانەی ئەگوتەوە، وە ئەگێڕنەوە هەرگیز بەبێ دەست نوێژ وانەی نەگوتووەتەوە، وە بەر لەوەی وانەش بڵێتەوە خۆی شۆردووەو خۆی بۆن خۆش کردووە، جا گشت ئەمانەشی لەبەر بەگەورە زانینی خواو پێغەمبەرەکەی و زانستەکەی بووە، وە یەکێك بووە لە قوتابیەکانی نافیع کە غولامی عبد الله کوڕی ئیمامی عومەر بووە. وە هەروەها سەدو دە شەیخی هەبووە، کە لەلایانەوە فەرموودەی لێوە گێڕاونەتەوە، وە ئیمامی مالیك ئەفەرمووێت: "هەزار فەرموودەم بە دەستی خۆم نوسیوەتەوە"، وە دوو کوڕو کچشی هەبووە، بەنێوی یەحیاو محمد و فاطمە، جا ئەم فاطمەیە کتێبی موطأ باوکی خۆی هەموو لەبەر بووە، ئەگەر بێت و قوتابیەکی ئیمامی مالیك بە هەڵە

**بەهۆی ئەو سەیرکردنەوە چەندین ڕۆژ پەندم لێ وەرئەگرت و ئامۆژگاری نەفسی خۆمم پێ ئەکرد"[١٠٦]. منیش ئەڵێم: ئەگەر شەڕو خراپە کاریگەری خۆی هەبێت بەهۆی پیسیەوە جا یەکسانە ئەو پیسیە حەسادەت بێت یاخود سیحرو جادو بێت یاخود شەیتان بێت، ئەمە ئەگەر حاڵی پیسی وابێت ئەی ئەبێ کاریگەری دڵی**

---

موطأ بخوێندایەتەوە ئەو لە پشت دەرگاوە لە دەرگەی ئەدا بێ ئەوەی دەنگ هەڵبڕێ کەوا هەڵەی کردووە. وە یەکێك لە بەناوبانگترین قوتابیەکانیشی ئەوە ئیمامی شافیعیە، وە لە ساڵی (١٧٩ھ) لەشاری مەدینەش وەفاتی کردووەو گۆڕی پیرۆزیشیان لە گۆڕستانی بەقیعە. لە دوای خۆشی هەشت دانراوی جێ هێشتووە: (موطأ کە ٣٦٧٦ فەرموودەی لە خۆ گرتووە. رسالة إبن وهب، کتاب في النجوم، رسالة مالك في الأقضية..... هتد)، بڕوانە: (مقدمة موطأ مالك بتحقيق محمد مصطفى الأعظمي)(ب١_ل١٧). وەرگێڕ

[١٠٥] محمدی کوڕی مونکەدیری کوڕی عبد الله کوڕی عبد العزی کوڕی عامیری کوڕی حاریسی کوڕی حاریسەی حاریسەی کوڕی سەعدی کوڕی تەییمی کوڕی موڕڕەی کوڕی لوئەی قوڕەیشی مەدینەییە. کونیەکەی ئەبو عبد الله یە، لە ساڵی سی و شتێکی کۆچی لە دایك بووە، زانایەکی حافیزو حوجەو متمانەپێکراو شەرعناس و خواناس و زاهیدو پیاوچاکێکی گەورەی ئەم ئوممەتەیە، ئەبو قاسیمی لالەکائی ئەفەرموێت: "باوکی بەڕێزیان خاڵی دایکی ئیمانداران حەزرەتی عائیشەیە، ئەگێڕنەوە ڕۆژێکیان باوکی بۆ پێویستیەکی خۆی ئەچێتە لای حەزرەتی عائیشە شکایەتی نەبوونی خۆی لە لا ئەکات، ئەویش ١٠ هەزاری بۆ ئەنێرێ (ئیتر دیناره یاخود دیرهەم ئەوەیان نازانین)، جا ئەویش بەو پارەیە کەنیزەکێکی کڕی و لەو ئافرەتە محمدو ئەبو بەکرو عومەری بوو"، سەرو ڕیشی زەرد ئەکردەوە بە خەنە، وە ئەوەندە لە خوا ترس بووە، هەر پرسیارێکیان دەربارەی فەرمووده لێ بکردایە مەگەر فرمێسکی ئەباراند، ئیمامی شەعرانی و غەیری ئەویش ئەفەرموون: حەجی بە منداڵانیش ئەکرد، وە ئەوانی پیشانی خوای گەورە ئەدا تاوەکوو خوای گەورە لەبەر پاکی ئەوان بە ڕەحمەتێك سەیری ئەوانیش بکات، وە ئەفەرموێت: "چل ساڵان تێکۆشانم لە دژی نەفسم کرد هەتاوەکوو لەسەر ئاسارو شوێنەواری سەلەف جێگیر بوو"، سوفیانی کوڕی عویەینە ئەفەرموێت: محمدی کوڕی مونکەدیر هاوسێیەکی هەبوو ئەگەر بەلایەکی تووش ببایە هاواری ئەکرد کەچی محمدی مونکەدیر لەبەر حەمدو سوپاسی خوای گەورە هاواری لێ هەڵئەسا"، ئیمامی ترمذی ئەفەرموێت: پرسیارم لە ئیمامی بوخاری کرد ئایا محمدی مونکەدیر گوێی لە عائیشە بووە، ئەویش فەرمووی: بەڵێ، ئەو فەرموودانەشی لێوەی گێڕدراوەتەوە ئەکاتە دوو سەد فەرمووده، وە لە ساڵی (١٣٠ھ یاخود ١٣١ھ) هەر لە مەدینەدا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (سير الأعلام النبلاء)(ب٥_ل٣٥٤)، وە (طبقات الكبرى للشعراني)(ب١_ل٧١) طبعة مكتبة الثقافة الدينية. وەرگێڕ

[١٠٦] (ترتيب المدارك وتقريب المسالك)(ب٢_ل٥٢) هی ئەبو فەزڵ قازی عیازی کوڕی موسای یەحصەبی (و٥٤٤ھ). دانەر

خۆشەویستانی خوای گەورە چۆن بێت کە پڕکراوە لە نووری خوای گەورەو پشتیوانی خۆی؟!! هەروەکوو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَـٰتٍ لِّلۡمُتَوَسِّمِينَ ﴿٧٥﴾﴾[١٠٧]، واتە: بێگومانە ئەمانە کۆمەڵە نیشانەیەکن بۆ ئەوانەی کەوا تێڕائەمێنن و بیرئەکەنەوە، جا ئەمانە کەسانێکن بیرکردنەوەو سەیرکردن و فیڕاسەتیان هەیە بە نووری خوای گەورە.

"خۆشەویستا": ئیمڕۆکە ئێمە چەندە پێویستیمان بە هاوەڵایەتی زانا خواییەکان هەیە بەتایبەتی لەم زەمانەی ئێمەدا، وە بەهۆی خوو ڕەوشتیانەوە ئێمەش ئەدەب وەربگرین، وە بەڕەکەت وەربگرین بەهۆی زانست و ئەحواڵەکانیانەوە بەخوای گەورە، خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَـٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّـٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَـٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾﴾[١٠٨]، واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکاتﷺ ئەوە لە ڕۆژی دوایی لەگەڵ ئەو کەسانە ئەبێت کە خوای گەورە چاکەو بەخششی خۆی ڕشتووە بە سەریاندا، ئەمانەش پێغەمبەران و ڕاستگۆیەکان و شەهیدەکان و پیاوچاکەکانە، جا خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کە لە ڕۆژی دوایی لەگەڵ ئەم پیرۆزانە ئەبێت چونکە چاکترین و باشترین و بەسوودترین هاوەڵ و ڕەفیقن بۆ کەسێك ئەگەر بیەوێ لەگەڵیان بژێ. جا کۆیە دووبارەبووەکە بە تاکی نەناسراو کۆتایی هاتووە، وە نەناسراویش بۆ گشتیە، خوای گەورە پشتیوانی لەمانە کردووەو یارمەتیان داوە، وە پاداشت و پلەوپایەی بێ بەخشیون لەو بەهەشتەی

[١٠٧] سورة آل عمران آية ٧٥.

[١٠٨] سورة النساء آية ٦٩.

**که بەهۆی کردەوەکانیانەوە ناگەن پێی، بەڵکوو بەهۆی هاوەڵێتی کردنی ئەوان لەبەر پەروەردگاری جیهانیان، هەروەکوو کامڵترین هەموو پێغەمبەران فەرموویەتی: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ حُبَّكَ، وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ، وَحُبَّ عَمَلٍ يُقَرِّبُنِي إِلَى حُبِّكَ، قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: إِنَّهَا حَقٌّ فَادْرُسُوهَا ثُمَّ تَعَلَّمُوهَا)[109] واتە: (پەروەردگارم داوای خۆشەویستی تۆ ئەکەم، وە خۆشەویستی ئەو کەسانەش کەوا تۆیان خۆش ئەوێت، وە خۆشەویستی ئەو کردەوەیەش کەوا لە خۆشەویستی تۆ نزیکم ئەخاتەوە، جا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەو پاڕانەوەیە حەقە، ئێوە بیخوێننەوەو خۆشتانی لێوە فێر بکەن.**

**هەر بۆیەش زانستخوازان فەرموویانە: "یەکێك لەو شتانەی کەوا ئەبێتە هۆکاری کەماڵی خۆشەویستی زاتی خوای گەورە، خۆشویستنی ئەو کەسانەیە کەوا خوای گەورەیان خۆش ئەوێت، ئەی ئەبێ خۆشەویستی ئێمە بۆ کەسێك چۆن بێت کەوا خوای گەورە ئەوی خۆش ئەوێت"؟.**

[109] صەحیحە. ئیمامی ئەحمد لە (مسند أحمد)(ب٣٦/ل٤٢٢/٤٢٣_ژ٢٢١٠٩). وە ترمذی لە (سنن الترمذی)(ژ٣٢٣٥) ڕیوایەتیان کردووە. جا ترمذی ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە، وە پرسیارم لە محمدی کوڕی ئیسماعیل کرد (واتە: ئیمام بوخاری) دەربارەی ئەو فەرموودەیە ئەویش فەرمووی: ئەوە فەرموودەیەکی صەحیحە، پاشان باسی ئەوە ئەکات کەوا ئەو فەرموودەیە صەحیحترە لە فەرموودەی وەلیدی کوڕی موسلم".دانەر. منیش ئەڵێم: حاکم لە (مستدرك حاكم مع التلخيص الذهبِي)(ب١_ل٥٢١). وە ئیمامی ئەحمد لە (مسند أحمد)(ب١٦/ل٢٠١/ژ٢٢٠٠٨). وە ئیبن و خوزەیمە لە (كتاب التوحيد)(ل٥٤١_ژ٣٢٠). وە ترمذی لە (سنن الترمذی)(ژ٣٢٣٥) هەموویان لە موعازی کوڕی جەبەلەوە ڕیوایەتیان کردووە، وە حەمزە ئەحمەد زینیش ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە". وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (صحيح الترمذي)(ژ٢٥٨٢). وەرگێڕ

## خۆشەویستی ئاڵ و بەیت

وە یەکێکی تر لەو خۆشویستنانە: ئیمان هێنانە بە خۆشویستنی ئاڵ و بەیتە پاکەکەی پێغەمبەری خوایە ﷺ، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰۗ ﴿٢٣﴾﴾[110] واتە: (ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: لەسەر ئەم بانگەوازەی کە من ئەیکەم هیچ شتێکتان لێ داوا ناکەم، تەنها خۆشەویستی و ڕێز نەبێت کە لە خزمایەتیدا هەمانە، هەم ڕێزی خۆم وە هەم ڕێزی ئاڵ و بەیتەکەم بگرن)، هەروەها ئەفەرمووێت: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرٗا ﴿٣٣﴾﴾[111]، واتە: (بەڕاستی خوای گەورە ئەیەوێت هەرچی پیسی و خراپەیە لە ئێوەی ئاڵ و بەیتی پێغەمبەر ﷺ دوورخاتەوە، وە پاکیشتان بکاتەوە بەتەواوەتی)، خۆشەویستمان ﷺ ئەفەرمووێت: (أُذَكِّرُكُمُ اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمُ اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمُ اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي)[112] واتە:

---

[110] سورة الشورى آية ٢٣.

[111] سورة الأحزاب آية ٣٣.

[112] صەحیحە. ئیمامی موسلم لە (صحيح مسلم)(ژ٢٤٠٨) لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە ڕیوایەتی کردووە. دانەر. منیش ئەڵێم: بەززار لە (مسند البزار)(ژ٤٣٣٦). وە نەسائی لە (سنن النسائي)(ژ٨١١٩). وە ئیبن و خوزەیمە لە (صحيح ابن خزيمه)(ژ٢٣٥٧). وە بەیهەقی لە (سنن الكبرى)(ژ٢٨٥٧). وە دارەمی لە (سنن الدارمي)(ژ٣٣٥٩) ڕیوایەتیان کردووە. ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (صحيح الجامع الصغير)(ژ١٣٥١). وە تەواوی ڕیوایەتەکەش بەو جۆرەیە: (أَنَا تَارِكٌ فِيكُمْ ثَقَلَيْنِ أَوَّلُهُمَا كِتَابَ اللهِ، فِيهِ الْهُدَى وَالنُّورُ، فَخُذُوا بِكِتَابِ اللهِ وَاسْتَمْسَكُوا بِهِ، فَحَثَّ عَلَى كِتَابِ اللهِ وَرَغَّبَ فِيهِ، ثُمَّ قَالَ: "وَأَهْلُ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمُ اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمُ اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمُ اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي، فَقَالَ لَهُ حُصَيْنٌ: وَمَنْ أَهْلُ بَيْتِهِ يَا زَيْدُ؟ أَلَيْسَ نِسَاؤُهُ مِنْ أَهْلِ بَيْتِهِ؟ قَالَ: "نِسَاؤُهُ مِنْ أَهْلِ بَيْتِهِ وَلَكِنْ أَهْلُ بَيْتِهِ مَنْ حُرِمَ الصَّدَقَةَ بَعْدَهُ"، قَالَ: وَمَنْ هُمْ؟ قَالَ: "هُمْ آلُ عَلِي وَآلُ عَقِيلِ وَآلُ جَعْفَرٍ وَآلُ عَبَّاسٍ"، قَالَ" كُلُّ هَؤُلَآءِ حُرِمَ الصَّدَقَةَ؟ قَالَ: نعم)، واتە: من دوو شتی گران و سەنگینتان بۆ بەجێ ئەهێڵم یەکەمیان قورئانی پیرۆزە، کە هیدایەت و نووری تێدایە بۆ هەر کەسێك بیەوێ ڕێگە ببڕێ، بۆیە ئێوە قورئان بکەنە یاساو دەستووری خۆتان و دەستی پێوە بگرن تاوەکوو گومڕا نەبن، جا پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵکی هاندا بۆ ئەوەی ویست و ڕەغبەتیان لە قورئانی پیرۆز هەبێت تاوەکوو دەستی پێوە بگرن، ئینجا دوای ئەوە فەرمووی: خوای گەورەتان وە بیرئەهێنمەوە

خوای گەورەتان بیرئەخەمەوە دەرحەق بە ئال و بەیتەکەم، سێ جاران ئەمەی دووبارە کردەوە) بۆیە ئەگەر خوای گەورە چاکەی کەسێکی بووێ، ئەوە وەسیەتەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ جێ بەجێ ئەکات سەبارەت بە ئال و بەیتەکەی. وە زانست و ئاداب و خۆشەویستی ئەوان جێ بەجێ ئەکەین لە پێناو خوای گەورە، بۆ ئەوەی سلوك و خۆشەویستی ئەوان کۆبکەینەوە لە پێناو خوای گەورە، وە بەو ئومێدەش کەوا بەهۆی حاڵی ئەوانەوە بەرەو لای خوای گەورە بڕۆین، ئیتر بەهۆی ئەمەوە ڕاستگۆ ئەبین لە خۆشەویستیەکەمان، وە بە پشتیوانی خوای گەورەش بەهۆی سلوك و حاڵی ئەوانەوە تەزکیەو بەرزبوونەوەمان بۆ وە دەست دێت.[١١٣]

---

سەبارەت بە ئال و بەیتم، سێ جاران ئەمەی فەرموو، حوصەینیش فەرمووی: ئەی زەید ئال و بەیتی پێغەمبەر ﷺ کێینە؟ ئایا خێزانەکانی لە ئال و بەیتی ئەو نین؟ فەرمووی: خێزانەکانی ئال و بەیتی ئەون بەلاّم ئال و بەیتی ئەو ئەوانەن کە لەدوای خۆیەوە خێرو صەدەقە لەسەریان حەڕام و قەدەغەکراوە، ئەویش فەرمووی: ئەوانە کێن؟ فەرمووی: ئەوانە بنەماڵەی عەلی و عەقیل و جەعفەرو عەباسن، حوصەینیش فەرمووی: هەموو ئەمانە صەدەقەیان لەسەر قەدەغەکراوە؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ. ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە واز لە فەرموودە بهێنرێ، چونکە ئەوەی بانگەشەی وازهێنا بە موتڵەقی لە فەرموودەی پێغەمبەر بکات ئەوە بە یەکدەنگی زانایان کافرە، هەروەکوو ئەوەی کە قورئانیەکان بانگەشەی بۆ ئەکەن، وە لە چەند فەرموودەی تردا دەستگرتن بە قورئان و سوننەت تەئکیدی لێ کراوەتەوە، ئەوەی ئێرەش هەم دەشتگرتنە بە قورئان و فەرموودە وەهەمیش ئال و بەیتی سەروەرمان، نەك ئەو بانگەشەیەی کە شیعە ئەیکات، ئەمانە ئاسمان و ڕێسمان لەگەڵ ئال و بەیتی زانا سوننەکان جیاوازن بۆیە ئاگاداری ئەو خاڵە بە. وەرگێڕ

[١١٣] جەنابی شێخ وشەی (تَرّقِّي) بەکارهێناوە لە زاراوەی ئەهلی تەصەوف ئەم وشەیە بۆ پاککردنەوەی دڵ و دەروون و بەرزبوونەوە لە مەقامات و پلەکانی نێو ئەولیاکان بەکاردێت. جا لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە ئەولیاکانی خوا لەبەر ئەوەی خوای گەورەیان زۆر خۆش ئەوێت، وە لەبەر ئەوەش بەردەوام لە پەیوەندیدان لەگەڵ پەروەردگار ئیتر حاڵی دەرەوەو ناوەوەیان هەمووی نوورە، جا کەسێکیش ئەمانەی خۆش بووێت ئیتر ئەو هێزی نوورە بەویستی خوای گەورە کاریگەری لەسەر دڵ و دەروونی ئەو کەسە ئەبێت، ئیتر بەهۆی ئەو خۆشەویستیەوە تەزکیەی دەروونی ئەبێت و بەرز ئەبێتەوە لە مەقامات. وەرگێڕ

## خۆشەویستی هاوەڵە بەڕێزەکان

وە یەکێکی تر لەو خۆشویستنانە: ئیمان هێنانە بە خۆش ویستنی گشت هاوەڵە بەڕێزەکان، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿مُّحَمَّدٞ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡۖ تَرَىٰهُمۡ رُكَّعٗا سُجَّدٗا يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗاۖ سِيمَاهُمۡ فِي وُجُوهِهِم مِّنۡ أَثَرِ ٱلسُّجُودِۚ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمۡ فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِۚ وَمَثَلُهُمۡ فِي ٱلۡإِنجِيلِ كَزَرۡعٍ أَخۡرَجَ شَطۡـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسۡتَغۡلَظَ فَٱسۡتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعۡجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلۡكُفَّارَۗ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنۡهُم مَّغۡفِرَةٗ وَأَجۡرًا عَظِيمَۢا ٢٩﴾[١١٤]

واتە: (محمد پێغەمبەری خوایە ﷺ، ئەوانەش کە لەگەڵی دان زۆر توندن بەرامبەر بەکافرەکان، وە بەبەزەییشن لە نێو خۆیاندا، ئەوان ئەبینی خەریکی کڕنوش بردن و سوجدە بردنن بۆ خوای تاك و تەنیا، وە هەوڵی بەدەست هێنانی چاکەو ڕەزامەندی خوای گەورەن، وە ڕووی موبارەکی ئەو زاتانە دیارو گەشاوەیە و شوێنەواری سوجدە بردنیان بەسەرەوە دیارە بە هۆی زۆر سوجدە بردنیان بۆ زاتی پاکی الله گیان، جا ئەوەی کە باسی لێوە کرا ئەمانە نمونەیان بەو شێوازە هاتووە لە تەوراتدا، هەروەها وێنەشیان لە ئینجیل وەکوو ڕووەکێك کە تازە ڕووا بێت چەکەرە بکات، پاشان ڕووانەکەی بەهێز کردبێت و ئەستوور ببێت و ڕاوەستابێت لەسەر قەدەکەی، ئەو ڕووەکە ئەوەندە بەزوویی پێ بگات جوتیارەکان پێی سەرسام بن کەوا چۆن بەم زووییە پێگەیی، بۆیە خوای گەورەش ئەم شتانەی باس کرد، تاوەکوو کافرەکانی پێوە قین لە دڵ بکات و پێیان ناخۆش بێت لە وەسفی جوانی ئەم کۆمەڵە ناوازەیە، هەر بۆیەش خوای گەورە بەڵێنی داوەتە ئەو کەسانە بە لێخۆش بوون و پاداشتێکی گەورە کە بەهەشتی نەبڕاوەی هەتا هەتاییە کە ئیمانی پێ ئەهێنن و لەگەڵ ئیمانەکەشیان کردەوەی چاکیش ئەنجام ئەدەن).

[١١٤] سورة الفتح آية ٢٩.

وه له فەرموودەشدا هاتووه کەوا خۆشەویستمان ﷺ ئەفەرمووێت: (أَصْحَابِي كَالنُّجُمِ بِأَيِّهُمُ اقْتَدَيْتُمُ اهْتَدَيْتُمْ)[115] واته: (هاوەڵەکانم وەکوو ئەستێرەی ئاسمان وان، بە دوای کامەیان بکەون ئەوە هیدایەت دراون)، ئەم ڕیوایەتە واتاکەی صەحیح و ڕاستە، بێ ئەوەی تەماشای سەنەدی ڕیوایەتەکە بکرێت، وە پشتگیریش کراوە بە واتای فەرموودەیەکی صەحیح، هەروەکوو ئیمام موسلم لە صەحیحەکەی خۆیدا ڕیوایەتی کردووە، پێغەمبەری خواﷺ ئەفەرمووێت: (النُّجُومُ أَمَنَةٌ لِلسَّمَاءِ، فَإِذَا ذَهَبَتِ النُّجُومُ أَتَى السَّمَاءَ مَا تُوعَدُ وَأَنَا أَمَنَةٌ لِأَصْحَابِي، فَإِذَا أَنَا ذَهَبْتُ أَتَى أَصْحَابِي مَا يُوعَدُونَ، وَأَصْحَابِي أَمَنَةٌ لِأُمَّتِي، فَإِذَا ذَهَبَ أَصْحَابِي أَتَى أُمَّتِي مَا يُوعَدُونَ)[116] واته: (ئەستێرەکان ئەمانن بۆ ئاسمان، جا ئەگەر بێت و ئەستێرەکان نەمان و ڕۆیشتن ئەوکاتە ئەوەتان بۆ دێت کە بەڵێنتان پێدراوە بە هاتنی

---

[115] حەسەنە بە کۆی گشتی ڕێگاکانیەوە. بەیهەقی لە (المدخل الى السنن الکبری)(ب١_ل١٦٢_ژ١٥١) لە عومەری کوڕی خەتتابەوە. وە عەبدی کوڕی حومەید لە (منتخب من مسند عبد بن حمید)(ب٢_ل٣٠_ژ٧٨١) لە ئیبن و عومەرەوە. وە ئیبن و عەدی لە (الکامل في الضعفاء)(ب٣_ل٢٠٠) لە عومەری کوڕی خەتتابەوە. وە ئیبن و عەساکیر لە (تاریخ مدینه دمشق)(ب٢٢_ل٣٥٩) لە ئیبن و عەباسەوە. وە ئیبن و بەططە لە (الإبانة الکبری لإبن بطة)(ب٢/ل٥٦٤/ژ٧٠١/ژ٧٠٢) بە دوو ڕێگا یەکێکیان لە ئیبن و عومەرەوە، ئەوەکەی تریش لە ئیبن و عەباسەوە. وە حەکیمی ترمذی لە (النوادر الأصول)(ب٣_ل٦٢) تەنیا مەتنەکەی هێناوە بەبێ ئاماژەکردن بە ڕاویەکەی. وە قوضاعی لە (مسند الشهاب)(ب٢_ل٢٧٥_ژ١٣٤٦) لە ئەبو هوڕەیرەوە. وە ئیبن و عبد البر لە (جامع بیان العلم وفضله)(ب٢/ل٩٢٥/ژ١٧٦٠) لە جابری کوڕی عبد الله ڕیوایەتیان کردووە، ئەم فەرموودەیە زۆر بەناوبانگە لە پێشینەو پاشینەی ئەم ئوممەتە، جا زاناکانیش زۆر قسەیان لەسەر ئەم فەرموودەیە کردووە، هەیە لەسەری بێ دەنگە، وە هەیە بە زەعیفی داناوە، وە هەشە بە هەڵبەستراو و باتڵی داناوە، هەروەکوو لەسەرەوە هێناومانە کەوا فەرموودەی صەحیح پاڵپشتیەتی، وە ئەم فەرموودەیە لای زاناکانی ئەهلی تەصەوف بەهۆی کەشف و کەڕامەتەوە بە صەحیحیان داناوە یەکێك لەوانە ئیمامی شەعڕانیە بڕوانە: (میزان الکبری)(ب١/ل٢٨). ئیمامی سیوطی ئەفەرمووێت: "سەجیزی لە (الإبانە) ڕیوایەتی کردووە، لەگەڵ ئیبن و عەساکیری، لە عومەرەوە، وە فەرموودەیەکی زەعیفە"، بڕوانە: (فیض القدیر)(ب٤_ل٧٦_ژ٤٦٠٣). وە ئەلبانیش بە هەڵبەستراوی داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحادیث الضعیفة)(ب١_ل١٤٩_ژ٦٠). بە کۆی گشتی ڕێگاکانیەوە إن شاء الله تعالى حەسەنە. وەرگێڕ

[116] صەحیحە. ئیمامی موسلم لە (صحیح مسلم)(ژ٢٥٣١) ڕیوایەتی کردووە . دانەر

**لە دونیا وێرا بوون و لە ناوچوونی ئاسمانەکان و زەوی، وە منیش ئەمانم بۆ هاوەڵەکانم، ئەگەر بێت و من ڕۆیشتم ئەو کاتە فیتنەو شەڕو هەڵگەڕانەوە لە دین ڕوو لە هاوەڵەکانم ئەکات هەروەکوو بەڵێنیان پێدراوە بە هاتنی، وە هاوەڵەکانم ئەمانن بۆ ئوممەتەکەم، جا ئەگەر بێت و هاوەڵەکانم ڕۆیشتن ئەوکاتە فیتنەو ئاشوب ڕوو لە ئوممەتەکەم ئەکات هەروەکوو بەڵێنیان پێدراوە بە هاتنی)، بۆیە پێویستە باسی چاکەکانیان بکرێت، وە خۆش بویسترێن و ستایشیان بکرێت، وە بەرەکەت وەربگیرێت بەهۆی باسکردنیان، وە کاریش بکرێ لەسەر خۆ جوان کردن و پێك چواندن بەسیفتە جوانەکانی ئەوان، لەبەر ئەوەی هاوەڵەکان گشتیان دادپەروەرن، واتە: گشتیان ڕاستگۆن، لەبەر ئەوەی بەرەهایی نازانن درۆ چیە، ئا بەو شێوەیە لەوانەوە تەواوی دین بە ئێمە گەیشتووە، ئەمەش لەبەر ڕاستگۆیی ئەو ئەمانەتە بەو شێوازە بۆ ئێمەیان نەقڵ کردووە، وە لە کتێبی (الرسالە) ئیمامی شافیعی[١١٧] ئەمە بە ڕوونی و ئاشکرا دیارە،(ڕەزای خوایان لێ بێت).**

---

[١١٧] ئەبو عبد الله محمدی کوڕی ئیدریسی کوڕی عەباسی کوڕی عوسمانی کوڕی شافیعی کوڕی سائیبی کوڕی ئەبو عوبەیدی کوڕی عەبد یەزیدی کوڕی هاشیمی کوڕی موطەلیبی کوڕی عەبد مەنافی قورەیشیە، لە ساڵی (١٥٠ھ) لە شاری غەززەی فەڵەستین لە دایك بووە، وە ئەشگوترێ: ئەو ڕۆژەی کەوا ئیمامی ئەبو حەنیفە وەفاتی کرد ئەو لە دایك بووە"، وە هەر دوو باپیرە گەورەی شافیع و سائیب دوو هاوەڵی گەورەی پێغەمبەری خوا بوونە، وە لە نەژادیشدا لەیەك بنەماڵەن لەگەڵ پێغەمبەری خوا، یەکێکە لە زانا سەر مەزهەبەکانی ئیسلام کە مەزهەبەکەی بەناوبانگە بە مەزهەبی ئیمامی شافیعی، وە یەکێکە لە خواناس و زاهید هەرە بەرزەکانی ئەم ئوممەت، بە یەتیمی گەورە بووە، دواتر لەتەمەنی شەش ساڵان لەگەڵ دایکی بەرەو مەککە کۆچ ئەکەن و لەوێ نیستەجێ ئەبن، ئیتر لەوێوە دەرگای زانستی بەسەرا ئەکرێتەوە سەردانی دەوروبەری حیجاز ئەکات بۆ وەرگتنی زانست، وە لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا کتێبی موطأ ئیمامی مالیکی لەبەر کردووە، وە بووەتە یەکێك لە قوتابیەکانی ئیمامی مالیك، وە مامۆستای ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بووە، وە لە تەمەنی چواردە ساڵی ئیجازەی فەتوادانی وەرگرتووە، وە لە ساڵی (١٩٥ھ) سەردانی بەغدا ئەکات و مانگێك لەوێ ئەمێنێتەوە، دواتر ئەچێتە میسرو لەوێ نیشتەجێ ئەبێ، وە بەخزمەت محمد حەسەن شەیبانی و قازی ئەبو یوسف گەیشتووە کە هەردووکیان دوو قوتابی گەورەی ئیمامی ئەبوحەنیفەن، وە چوار منداڵیشی هەبووە، بە نێوی (محمد کە ناسناوەکەی ئەبو عوسمانە، وە محمد ناسناوەکەی ئەبو حەسەنە، وە فاطمەو زەینەب)، وە لە ڕۆژی هەینیش لە شاری قاهیرەی وڵاتی میسر لە ساڵی (٢٠٤ھ) وەفاتی کردووە،

**خۆشەویستی ئەولیاکان**

وە یەکێکی تر لەو خۆشویستنانە: ئیمان هێنانە بە خۆش ویستنی ئەولیاکان و دۆستەکانی خوای گەورە ﷻ هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾﴾[118]، واتە: (ئاگاداربن! بەڕاستی ئەولیاکانی خوای گەورە ئەوانەن، کەوا هیچ ترسێکیان لەسەر نیە نە لە دونیا وە نە لە دوارۆژیشدا لەو کاتەی کەوا ترس و غەمگینی توشی خەڵك ئەبێت لە دونیاو دوارۆژدا، کەچی ئەمان هیچ بەسەر دڵیاندا نایێت و ناترسێن و پێی خەفەتبار نابن، وە لە دوارۆژیشدا سەلامەتن و ناترسێن و بەئاسانی ئەچنە نێو بە هەشتەوە، جا بەڕاستی سیفەتی ئەم ئەولیایانە ئەوەیە کەوا بڕوایەکی بەهێزیان بەخواو پێغەمبەرەکەی هەیە، وە بەڕاستی لە خوای گەورەش ئەترسێن و کەسانێکی خاوەن تەقوان).

وەلی ئەو کەسەیە کەوا دۆستایەتی خوای گەورە ئەکات و زۆری خۆش ئەوێت، وە ئیمانیشی پێ هەیەو خۆی لێ ئەپارێزێ نەوەکا بێ ڕەوشتیەك یاخود گوناهێکی بەرامبەر بکات، بۆیە دژایەتی ئەو کەسە مەکە کە دۆستایەتی خوای گەورە ئەکات، چونکە لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە کەوا خوای گەورە ئەفەرمووێت: (مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالحَرْبِ) واتە: (هەر کەسێك دوژمنایەتی دۆستێکی من بکات، ئەوە ئاگاداری ئەکەمەوە بە جەنگ کردن لەگەڵی)، خوای گەورە لەسەر ئەولیاکانی دێتە وەڵام، ئەو کەسەی نارەحەتیان بکات تۆڵەیان لێ ئەسێنێ، وە ئەوانەش کە پارێزگاری لە خۆشەویستیەکەیان ئەکەن ڕێزیان لێ ئەگرێ، بۆیە تۆی خۆش ئەوێ لەبەر خۆشویستنەکەی بۆیان،

---

گۆڕی پیرۆزیشیان هەر لەوێیەو جێگای سەردانی کردنی خەڵکە، وە لە دوای خۆشی سیانزە دانراوانی بەجێ هێشتووە بەناوبانگترینیان: (الرسالة، الأم، ديوان الشافعي، إبطال الإستحسان..... هتد)، بڕوانە: (مقدمة الديوان الأمام الشافعي بتحقيق محمد ابراهيم سليم)(ل٤) طبعة مكتبة ابن سينا. وەرگێڕ

[118] سورة يونس آية ٦٢_٦٣.

**چونکه ئەوان تایبەتمەندترین کەسی گوفتار لەگەڵ کراون، بە ئایەتی ﴿نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ ﴿٣١﴾﴾[119]، جا بۆیێ لەسەرتانە ئەوانتان خۆشبووێ و لێیان نزیك ببنەوە، ئەگەر واتان کرد ئەوە بەهۆی ئەوانەوە لەلایەن خوای گەورەوە بەرەکەت و خێرتان دەست ئەکەوێت، وە مرۆڤیش لەگەڵ ئەو کەسەیە کەوا خۆشی ئەوێت، خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ﴿٥٤﴾﴾[120]، واتە: (خوای گەورە ئەوانی خۆش ئەوێت و ئەوانیش خوای گەورەیان خۆش ئەوێت)، وە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە: (قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللهِ مَنْ أَوْلِيَاءُ اللهِ؟ الَّذِينَ إِذَا رُؤُوا ذُكِرَ اللهُ)[121] واتە: (پیاوێك پرسیاری لە خۆشەویستمان کرد، کەوا ئەولیاکانی خوا کێن ئەی پێغەمبەری خوا؟ ئەویش فەرمووی ئەوانەن کە کاتێك بینران یاد و زیکری خوا ئەکرێت).**

---

[119] سورة فصلت آية ٣١: (واتە: ئێمە دۆست و پشتیوانی ئێوەین لە دونیاو دوارۆژدا) . وەرگێڕ

[120] سورة المائدة .

[121] صەحیحە. ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێت: "بەززار لە شەیخی خۆی کە عەلی کوڕی حەربە ڕیوایەتی کردووە، جا من نایناسم، بەڵام باقی پیاوەکانی تری باوەڕپێککراون"، بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠/ل٨٠/ژ١٦٧٧٩). وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (صحيح الجامع الصغير وزيادته)(ژ٢٩٨٧) وە (السلسلة الأحاديث الصحيحة)(ژ١٧٣٣). دانەر. منیش ئەڵێم: بەززار لە (مسند البزار)(ژ٥٠٣٤)، وە لە (كشف الأستار)(ژ٣٦٢٦) لە هەر دوو کتێب لە ئیبن و عەباسەوە. وە ئیمامی بوخاری لە (أدب المفرد)(ژ٣٢٣). وە ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٢٧٥٩٩). وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ٤١١٩) هەر سێ کیان لە ئەسمای کچی یەزیدەوە بەو لەفزە ڕیوایەتیان کردووە: (ئایا ئاگادارتان بکەمەوە کەوا چاکترین کەستان کێ یە؟ گوتیان بەڵێ، ئەویش فەرمووی: ئەو کەسەیە کەوا کاتێ ئەبینرێ زیکرو یادی خوای گەورە ئەکرێت). شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێت: "حەسەنە بەهۆی شاهێدەکانیەوە". وە ئەلبانیش ڕیوایەتی ئەم سیانەی بەحەسەن داناوە، بڕوانە: (صحيح أدب المفرد)(ژ٢٤٦). وە ئەبو نوعەیم لە (أخبار الأصبهان)(ب١_ل٢٣١). وە لە (الحلية)(ب١_ل٦) وە ئیبن و موبارەك لە (الزهد)(ژ٨٩٩) بە سەنەدێکی حەسەن بە مورسەلی لە حەسەنەوە، وە غەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردووە. وە ئەلبانیش بە حەسەنی داناوەو ئەفەرمووێت: "عەلی کوڕی حەربی ڕازی یاخود طائی ڕازی بێت، ئەمیش لەو چینەیە (واتە: لە چینی پیاوە صەحیحەکانە)، وە پیاوێکی ڕاستگۆو بەڕێزە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٤_ل٢٠١/٣١١_ژ١٦٤٦/١٧٣٣). وە لێرەش بە صەحیحی داناوە (صحيح الجامع)(ژ٢٥٨٦). وەرگێڕ

وه هەروەها شێخ ئیبن و تەیمیه ﷺ ئەفەرموویت: (ئەگەر تۆ کەسێکت خۆشویست لەبەر خوای گەورە، ئەوە خوای گەورە بۆ خۆی بووەتە ئەو خۆشویستراوە، بۆیە هەر کاتێك کە تۆ لە دڵتا بیری لیێ ئەکەیتەوە ئەوە بیرت لە خۆشەویستی ئەو خودایە حەقە کردوەتەوە بۆیە خۆشت ویستوە، هەر لەبەر هەندێش خۆشەویستیەکەت زیاد ئەکات، هەروەکوو چۆن کاتێك باسی پێغەمبەرو پێغەمبەرانی پێشی ئەو و هاوەڵە بەڕێزە چاکەکانیان ئەکەیت و لەدڵتدا خەیاڵیان بۆ ئەکەیت، جا ئەم کارە دڵی تۆ ڕائەکێشیێ بۆ خۆشویستنی خوای گەورە کە چۆن چاکەی لەگەڵ کردوون و بەخششی خۆی بەسەریاندا ڕێشتووە، ئینجا ئەگەر بێت و تۆ لەبەر خوای گەورە ئەوانت خۆشبوویت، ئەوە ئەو کەسەی کەوا خۆشویستراوە لەبەر خوا ڕای ئەکێشیێ بۆ خۆشویستنی خوای گەورە، وە کەسی ئەویندار لەبەر خوا ئەگەر کەسێکی خۆشویست، ئەو کاتە خوای گەورە خۆی بووەتە خۆشەویستی، بۆیە پێی خۆشە ڕایکێشیێ بۆ لای خوای گەورە، وە هەر یەکێك لە ئەویندارو خۆشویستراو لەبەر خوا خۆشەویستیەکەیان ڕایان ئەکێشیێ بۆ لای خوای گەورە)[١٢٢].

هەروەکوو کاملترینی پێغەمبەران ﷺ ئەفەرموویت: (أَنَّ رَجُلاً زَارَ أَخاً لَهُ فِي قَرْيَةٍ أُخْرَى، فَأَرْصَدَ اللهُ لَهُ، عَلَى مَدْرَجَتِهِ، مَلَكاً فَلَمَّا أَتَى عَلَيْهِ، قَالَ: أَيْنَ تُرِيدُ؟ قَالَ: أُرِيدُ أَخاً لِي فِي هَذِهِ القَرْيَةِ، قَالَ: هَلْ لَكَ عَلَيْهِ مِنْ نِعْمَةٍ تَرُبُّهَا؟ قَالَ: لَا، غَيْرَ أَنِّي أَحْبَبْتُهُ فِي اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، قَالَ: فَإِنِّي رَسُولُ اللهِ إِلَيْكَ، بِأَنَّ اللهَ قَدْ أَحَبَّكَ كَمَا أَحْبَبْتَهُ فِيهِ)، واته: (پیاوێك سەردانی برایەکی (یاخود هاوەڵێکی) خۆی کرد لە گوندێکی تر، جا خوای گەورە فریشتەیەکی ڕەوانە کرد و ئەمیش لەسەر ڕێگاکەی دانیشت و چاوەڕێی کرد هەتا هات، ئیتر بەیەك گەیشتن و کەوتنە گفتوگۆ، فریشتەکە پیێ ی فەرموو: بۆ کویێ ئەڕۆیت؟ ئەویش گوتی: ئەمەوێت بچمە سەردانی برایەکم لەو گوندە، فریشتەکە فەرمووی: ئایا هیچ هۆکار و بەرژەوەندیەك هەیە کەوای لە

[١٢٢] بڕوانە(مجموع الفتاوی)(ب١٠/ل٦٠٨) هی تقی الدین ئەبو عەباس ئەحمەدی کوڕی عبد الحلیمی کوڕی تەیمیەی حەڕڕانیە (وەفاتی ٧٢٨ھ). دانەر

**تۆ کردبێت بچیت بۆ لای، ئەویش گوتی: نەخێر، تەنها ئەوە نەبێت من لەبەر خوای گەورە خۆشم ئەوێت، فریشتەکەش فەرمووی: من نێردراوی خوام بۆ لای تۆ، وە ڕاسپێردراوم کەوا پێت ڕابگەیێنم کەوا خوای گەورە تۆی خۆش ئەوێت، هەروەکوو چۆن تۆ ئەو برایەت خۆشویست لەبەر ڕەزامەندی ئەو).**

**وە هەروەها لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (إِنَّ مِنْ عِبَادِ اللهِ لَأُنَاساً مَا هُمْ بِأَنْبِيَاءٍ، وَلَا شُهَدَاءٍ يَغْبِطُهُمُ الأَنْبِيَاءُ وَالشُّهَدَاءُ يَومَ القِيَامَةِ، بِمَكَانِهِمْ مِنَ اللهِ تَعَالَى" قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، تُخْبِرُنَا مَنْ هُمْ، قَالَ: "هُمْ قَومٌ تَحَابُّوا بِرُوحِ اللهِ عَلَى غَيْرِ أَرْحَامٍ بَيْنَهُمْ، وَلَا أَمْوَالٍ يَتَعَاطَوْنَهَا، فَوَاللهِ إِنَّ وُجُوهَهُمْ لَنُورٌ ، وَإِنَّهُمْ عَلَى نُورٍ لَا يَخَافُونَ إِذَا خَافَ النَّاسُ، وَلَا يَحْزَنُونَ إِذَا حَزِنَ النَّاسُ" وَقَرَأَ هَذِهِ الآيَةَ ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢﴾[123]، واتە: (بەڕاستی خوای گەورە کۆمەڵە بەندەیەکی هەیە لەناو خەڵکان نە پێغەمبەرن وە نەشەهیدیشن، کەچی لە ڕۆژی دواییدا پێغەمبەران و شەهیدەکان ئاوەتەخوازی ئەو پلەو پایەن کە پێیان بەخشراوە، وتیان: ئەی پێغەمبەری خواﷺ پێمان بڵێ ئەوانە کێن؟ ئەویش فەرمووی: ئەوانە کۆمەڵە خەڵکانێکن یەکتریان بە ڕۆح خۆشویستوە بێ ئەوەی خزمایەتیان یاخود مامەڵەیان لەکڕین و فرۆشتندا لەگەڵ یەکتری هەبووبێ، سوێند بەخوا دەم و چاو و ڕووخساریان هەمووی نوورە، وە ئەوان لەسەر نووریشن، بۆیە کاتێك خەڵکان ئەترسێن کەچی ئەوان هیچ ترسێکیان نیە، وە کاتێکیش خەڵکی غەمبار ئەبێت ئەوان غەمبار نابن، دواتر ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢﴾، حافیزی ئەبو نوعەیم لەکتێبی (الحلية الأولياء) ئەفەرمووێت: (لە سیفەتی تایبەتی ئەوانە ئەوەیە: کەوا میراتگری ڕاستەقینەن و**

[123] صەحیحە. ئەبو داود لە (سنن أبي داود بتحقيق شعيب الأرناؤط)(ب٥/ل٣٨٦/ژ٣٥٢٧) وە غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە، شوعەیب ئەڕنائوت و ئەلبانیش بە صەحیحیان داناوە، بڕوانە: (صحيح الترغيب والترهيب)(ب٣/ل١٦٣/ژ٣٠٢٣) . وەرگێڕ

مەجلیسەكانیان لەكەماڵی زیكر كردندایە، وە كەسانێكن بەكەماڵی چاكەكاری سوود ئەگەیێنن بەو كەسانەی كەوا دۆستایەتیان لەگەڵ ئەكەن)[124]. "جا بەڕاستی ئا ئەمانە ئەولیای ڕاستەقینەن"،﴿رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَشِيَ رَبَّهُۥ ۝٨﴾[125].

لەڕیوایەتێكی تردا هاتووە: (إِنَّ مِنْ عِبَادِ اللهِ عِبَاداً لَيْسُوا بِأَنْبِيَاءَ، يَغْبِطُهُمُ الأَنْبِيَاءُ وَالشُّهَدَاءُ، قِيلَ مَنْ هُمْ لَعَلَّنَا نُحِبُّهُمْ؟ قَالَ: هُمْ قَوْمٌ تَحَابُّوا بِنُورِ اللهِ مِنْ غَيْرِ أَرْحَامٍ ولا إنتساب، وُجُوهُهُمْ نُورٌ عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ، لَا يَخَافُونَ إِذَا خَافَ النَّاسُ، وَلَا يَحْزَنُونَ إِذَا حَزِنَ النَّاسُ" ثُمَّ وَقَرَأَ: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ۝٦٢﴾[126] واتە: (خوای گەورە كۆمەڵە بەندەیەكی هەیە لەناو خەڵكان پێغەمبەر نین، كەچی لە ڕۆژی دواییدا پێغەمبەران و شەهیدەكان ئاوەتە خوازی ئەو پلەو پایەیەن كە پێیان بەخشراوە، گوترا: ئەی پێغەمبەری خوا پێمان بڵێ ئەوانە كێن بۆ ئەوەی ئەوانمان خۆش بوێت؟ ئەویش فەرمووی: ئەوانە كۆمەڵە خەڵكانێكن بەنووری خوا یەكتریان خۆش ویستوە بێ ئەوەی خزمایەتی و نەژاد لە نێوانیاندا هەبوبێت، دەم و چاو و ڕووخساریان هەمووی نوورەو لەسەر مینبەری نووریشن، بۆیە كاتێك خەڵكان دەترسێن ئەوان ناترسێن، وە كاتێكیش خەڵكی غەمبار دەبێت ئەوان غەمبار نابن، دواتر ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ۝٦٢﴾[127].

---

[124] (الحلية الأولياء)(ب١/ل٥). دانەر

[125] سورة البينة: آية ٨

[126] ابن حبان لە (صحيح ابن حبان)(ب٢/ل٣٢٣/ژ٥٧٣) ڕیوایەتی كردوە، ئەلبانیش بەسەحیحی داناوە لە (صحيح موارد الظمآن الى زوائد ابن حبان)(ب٢/ل٤٨٣/ژ٢١٢٧). دانەر

[127] سورة يونس: ٦٢

**خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لِّكَيۡلَا تَأۡسَوۡاْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمۡ وَلَا تَفۡرَحُواْ بِمَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾﴾[١٢٨] واتە: (تاوەکوو خەفەتبار نەبن بەوەی کە لەدەستان چوە، وە مەغروری و کەشخە لێدانیش نەتانگرێ بەوەی کە پێمان بەخشیون، چونکە خوای گەورە کەسانی خۆ بەگەورەزان و شانازی بەخۆ کردنی خۆش ناوێت)، عیکرمە[١٢٩] دەفەرموێت: (هیچ کەسێك نیە ئیللا دڵخۆش و غەمگین ئەبێت، بەڵام با دڵ خۆشیەکەتان سوپاسگوزاریتان بێت، وە غەمیگینیەکەشتان ئارام گرتنتان بێت).**

---

[١٢٨] سورة الحديد: ٢٣

[١٢٩] عیکرِمەی ئەبو عبد الله قورەیشی غولامی ئیبن و عەباس، ساڵی لە دایك بوونی دیار نیە، وە لە بنەڕەتیشدا لە ڕەچەڵەکی بەربەریەکانە، کەسێکی حافیزو متمانە پێکراو جێگیر بوو، وە زانابوو لە تەفسیردا، وە نەش سەلمێنراوە کەوا قسەی هەڵبەستابێت لە ڕیوایەتەکانی لە ئیبن و عومەرەوە، وە بیدعەشی لێیەوە جێگیر نەبووە (تا تانەی لێ بدرێت کەوا بیدعەچی بووبێ)، وە لە چینی سێیەمیشە، وە لە ساڵی ١٠٤ کۆچی وەفاتیشی کردووە، هەندێکیش ئەڵێن دوای ئەوە وەفاتی کردووە. بڕوانە: (تقريب التهذيب للحافظ إبن حجر العسقلاني)(ب١/٦٨٧/ژ٤٧٠٧) طبعة دار العاصمة. (سير الأعلام النبلاء للحافظ الذهبِي)(ب٥/ل١٣) طبعة مؤسسة الرسالة.

**خەم لە چی ئەخۆی؟**

ئیمامی یەحیای کوڕی موعاز[١٣٠] ڕەزای خوای لێ بێ ئەفەرمووێت: (ئەی نەوەی ئادەم ئەوە چیتە لەسەر شتێکی لە دەست چوو غەمگینیت و ئەو شتە جارێکی تر بۆت ناگەڕێتەوە، ئەی ئەوە چیتە دڵ خۆشیت بە شتێك کە لە ژێر دەستتدایە کاتێك کە مردنت ئەگاتێ بۆت بەجێ ناهێڵێ)[١٣١].

وە باپیرەمان عەلی مورتەزا سەلام و ڕەزای خوای لەسەر بێ ئەفەرمووێت: (ئاگاداربە! غەمی بەیانیت مەخەرە سەر ئیمرۆکەت، چونکە ئەگەر ژیایت ئەوە خوای گەورە ڕۆزیەکی نوویێت بۆ ئەهێنێت، وە ئەگەر مردیشی کاتی خۆت بە غەمێك سەرقاڵ مەکە کە نایگەیەیتێ). کاملترینی هەموو پەیامبەران ئەفەرمووێت: (إِنَّكَ لَنْ تَدَعَ شَيْئاً لِلَّهِ إِلاَّ بَدَّلَكَ اللهُ بِهِ مَا هُوَ خَيْرٌ لَكَ مِنْهُ)[١٣٢]، واتە: تۆ لەبەر خوای گەورە واز لە هیچ شتێك ناهێنی ئیللا بۆت ئەگۆڕێتەوە بەشتێك کە لەوی چاکتر بووە.

وە هەروەها گوتراوە: (هەر کەسێك شتێك لەبەر خوای گەورە واز بهێنێ ئیللا خوای گەورە لە بری ئەو شتێکی پێ ئەداتەوە بێ ئەوەی هەستیشی پێ بکات). وە

---

[١٣٠] ئەبو زەکەریای یەحیای کوڕی موعازی ڕازی ئامۆژگاریکەر. کەڵە زاناو شەیخێکی دیاری نێو ئەهلی تەصەوفەو زاهیدو عابیدو خواناسی تاکی سەردەمی خۆی بووە، ساڵی لە دایك بوونی دیار نیە، چووەتە شاری بەڵخ و ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە دواتر گەڕایەوە شاری نەیشاپوور لە ساڵی ٢٥٨کۆچی هەر لەوێدا وەفاتی کردووە. بڕوانە: (الرسالة القشيرية للإمام أبي القاسم عبد الكريم الهوازن القشيري)(ل٤٣) طبعة دار الكتب العلمية. وة (حلية الأولياء للحافظ أبو نعيم الأصبهاني)(ب١٠/ل٥١/ژ٤٦٣) طبعة دار الفكر.

[١٣١] ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب١٠/ل٦٠) وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب١/ل٣٩٧/ژ٢٣٣) ڕیوایەتیان کردووە. دانەر. تێبینی: دانەر ئەو وتەیەی داوەتە پاڵ ئیمامی جەعفەری صادق بەڵام گەڕامەوە بۆ هەر دوو سەرچاوەی پێشوو هەر دووکیان بە سەنەدی خۆیان لە یەحیای کوڕی موعازیان گێڕاوەتەوە، هەر بۆیەش ئێمە لەسەرەوە ناوی ئیمامی جەعفەری صادقمان نەنووسی. وەرگێڕ

[١٣٢] صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٣٤/ل٣٤٢/ژ٢٠٧٣٩) لە ئەبو قەتادەو ئەبو دەهمائەوە ڕیوایەتی کردووە. شوعەیب ئەڕنائوت ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە".

**له ئوبەی کوڕی کەعبەوە ڕیوایەتکراوە کەوا ئەفەرموویّت: (هەر بەندەیەك لەبەر خوای گەورە واز لە شتیّك بهیّنیّ ئەوە ئیللا خوای گەورە لەوی چاکتری پیّ ئەدات بیّ ئەوەی هەستیشی پیّ بکات، وە هیچ بەندەیەکیش نیە ئەگەر شتیّکی سووك و بیّ نرخ بکات یاخود وەری بگریّت لە کاتیّکدا ئەو شتە بیّ نرخە بۆی چاك نەبیّت ئەوە ئیللا خوای گەورە بیّ نرختر و سەختتری پیّ ئەبەخشیّ بیّ ئەوەش هەستی پیّ بکات)[١٣٣].**

**جا ئەمە حالّی دۆستانی خوای گەورەیە کە ئەولیاکانی ئەون ـ ڕەزای خوای گەورەیان لیّ بیّت.**

**"بەلّیّ براکانم": بزانن کەوا ئەوە بیّ باوەڕەکانن بیّجگە لە خوای گەورە بت و صەنەمیان ئەپەرست، وە هەندیّکیان هاوبەشیان پیّ ئەکردن و لەگەلّ خوایا ئەیانپەرست، وەك خۆشەویستی خوای گەورە ئەوانیان خۆش ئەویست هەروەکوو ئەفەرموویّت:** ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ﴿١٦٥﴾﴾[١٣٤]**، واتە: (ئادەمیزادی وا هەن چەند شتیّکیان کردووە بە مەعبوودی خۆیان و هاوبەشیان بۆ خوا داناوە لە بت یا هەرشتیّ، ئەم ئادەمیزادانە ئەوانەیان بە قەد**

---

[١٣٣] حەسەنە. عبد الله کوڕی موبارەك لە (الزهد والرقائق)(ب٢/ل١٠) ڕیوایەتی کردووە. دانەر. منیش ئەلّیّم: وەکیعی کوڕی جەڕڕاح لە (کتاب الزهد)(ل١٢١). وە ئەبو نوعەیم لە (الحلیة الأولیاء)(ب١/ل٢٥٣). لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە ڕیوایەتیان کردووە. ئەمە سەنەدی ڕیوایەتەکەی وەکیعە: یەزیدی کوڕی إبراهیم لە ئەبو هاڕونی غەنەوی لە موسلیمی کوڕی شەددادەوە لە عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە بە مەوقوفی. ئیبن وحەجەری عەسقەلانی ئەفەرموویّت: "ئەبو هاڕونی غەنەوی متمانە پیّکراوە، وە یەزیدی کوڕی إبراهیم متمانە پیّکراو جیّگیرە، وە عوبەیدی کوڕی عومەیری کوڕی قەتادەی لیثی یەك دەنگن لەسەر متمانە پیّکردنەکەی". وە موسلیمی کوڕی شەدداد ئیبن و حیببان متمانەی پیّداوە. بڕوانە: (تقریب الثقات لإبن حبان)(ب١/ل١١٥١/ژ١٣٥٢٧) طبعة دار المعرفة. (التقریب التهذیب)(ب١/ل١٢١٧/ژ٨٤٨٩)(ل١٠٧١/ژ٧٧٣٤)(ل٦٥١/ژ٤٤١٦). سەنەدی فەرموودەکە حەسەنە. وەرگیّڕ

[١٣٤] سورة البقرة آیة ١٦٥.

**خودا خۆش ئەویَ). وە هەروەها ئەفەرموویَت:** ﴿أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُ ۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ ﴿٣﴾﴾[١٣٥]**، واتە: (بێدارەوە بن! پەرستن هەر بۆ خوا ئەشیَ و ئایینی بێگەرد ئەبیَ هەر بۆ ئەو بیَ و، ئەوانەی لە خوا بەولاوە پشت و پەنایان بۆ خۆیان ڕاگرتووە ئەیانپەرستن وەك ئەوانەی فریشتە ئەپەرستن یا عیسا ئەپەرستن یا بت ئەپەرستن و ئەڵێن: ئێمە ئەوانە ناپەرستین تەنها بەهیوای ئەوە نەبیَ کە چەند پلەیەك لە خوامانەوە نزیك بکەنەوە، واتە: ئەیان پەرستین بۆ ئەوەی لەخوامان نزیك بکەنەوە)[١٣٦].**

**بەڵام هەرچی سیفەتی خواپەرستی ئیمانداران و دۆستە چاکەکانی خوای مەزنە بەهۆی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەوان خوای گەورە ئەپەرستن بە تاك و تەنیایی و هاوبەشی بۆ بڕیار نادەن، وە موخلیس و نیەت ساف و پاکن لە ئاینەکەیان بۆی، ئەگەرچی کافرو بیَ باوەڕەکانیش پێیان ناخۆش بیَ، وە خوای گەورەشیان هەر لەبەر خوا خۆش ئەویَ، لەبەر گەورەیی و جەماڵ و سیفەتە سوپاسکراوەکانی کە تەصەور ناکریَ کەسێکی لەگەڵیا بەشدارو هاوشان بکات، خوای گەورە ئەفەرموویَ:** ﴿قُلِ ٱللَّهُ ۖ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِى خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩١﴾﴾[١٣٧]**، واتە: (ئەی محمد یاخود ئەی ئیماندار بڵیَ: الله ئینجا لەو بیَ باوەڕانە گەڕیَ با هەر ڕۆبچن لەناو گاڵتەو گەپ و بیَ ئاگایی و بیَ باوەڕی خۆیان). گەورەیی ئەو هەر شکۆدارتر بیَ**

---

[١٣٥] سورة الزمر آية ٣.

[١٣٦] زۆر بەناو زاناو کەسی تازە پێگەیشتوو ئەم ئایەتە دائەبەزێننە سەر ئەو موسڵمانانەی کە زیارەتی گۆڕی پیاوچاکان ئەکەن، وە بە موشریکیان لە قەڵەم ئەدەن و هەمان قیاس ئەکەن بۆ ئەو موسڵمانانە یەکتاپەرستانە، لەفزی ئایەتەکە زۆر ڕوونە ئەوان ئەڵێن ئێمە نایانپەرستین تەنیا لەبەر ئەوە نەبیَ کە لەخوامان نزیك بخەنەوە واتە بە تەحقیق ئەیپەرستین، بەڵام موسڵمانە یەکتاپەرستەکان زیارەتی گۆڕی پیاوچاکان ئەکەن لەسەر فەرمانی پێغەمبەری خوا کەوا سونەتە زیارەتی گۆڕستان و گۆڕی پیاوچاکان بکرێت، ئەم بابەتەم بە درێژی لە دوو ریسالەی سەربەخۆ بڵاو کردووەتەوە. وەرگێڕ

[١٣٧] سورة الأنعام آية ٩١.

ئەفەرمووێ: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾[138]، واته: (هیچ شتێ وێنەی خوا نیەو خوا خوایەکی شنەواو بینایە گوێی لە هەر چییەکە بووترێ و هەموو شتێکیش ئەبیستێ). وە هەروەها پێغەمبەری خواشیان خۆش ئەوێ لەبەر خۆشەویستی خوا بۆ ئەو و فەرمانەکەی، وە دۆستەکانی خوای گەورەشیان خۆش ئەوێ لەبەر خۆشەویستی ئەو بۆیان، ئیتر بەهۆی خۆشەویستی خوای گەورە بۆیان ڕێ ئەبڕن و ئەڕۆن بۆ لای پاشای جیهانیان الله جل جلاله وعم فضله ونواله. بۆیە ئاگاداربە!!!

"خۆشەویستان": حەقیقەتی خۆشەویستی، هەروەکوو خواناسەکان (ڕەزای خوایان لێ بێ) ئەفەرموون: "سڕینەوەو قەبووڵ بوونە".

ـ سەبارەت بە سڕینەوە ئەوە لەسەر سێ پلیکانەیە، نزمترینیان سڕینەوەی دڵە لە گوناهو تاوان و سەربێ چی کردن، وە ناوەندەکەشیان سڕینەوەی دڵە لە خۆشویستنی دونیاو دونیا ویستەکان، وە بەرزترینیشیان سڕینەوەی دڵە لە خۆشویستنی غەیری خوای گەورە ـ پاکی و گەورەیی پیرۆزیی بۆ پەروەردگارمان.

ـ بەڵام قەبوڵ و پێ خۆش بوون، هەروەکوو یەحیای کوڕی مەعاز فەرموویەتی: "لە خۆشەویستیەکەی ڕاستگۆ نیە ئەوەی سنووری ئەو نەپارێزێ، وە حورمەتی ئەو بە گەورە نەزانێ، وە چاکەو میننەتی ئەو نەزانێ ـ جل جلالة وعم فضله ونواله[139]، بەڵکوو حەقیقەتی خۆشەویستی ئەوەیە کەوا پێغەمبەری ئازیزو بەرێزمان فەرموویەتی: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ حُبَّكَ، وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ، وَالْعَمَلَ الَّذِي يُبَلِّغُنِي حُبَّكَ، اللَّهُمَّ اجْعَلْ حُبَّكَ أَحَبَّ إِلَيَّ مِنْ نَفْسِي وَأَهْلِي وَمِنَ الْمَاءِ الْبَارِدِ). حەزرەتی ئەبوبەکری صددیق ئەفەرمووێ: "هەر کەسێ خۆشەویستی خوا بچێژێ

---

[138] سورة الشورى آية ١١.

[139] بروانة: (الرسالة القشيرية)(ب٢/ل٤٨٨) هی عەللامە شێخ عبد الكريمی کوڕی هەوازنی کوڕی عبد المليكی قوشەیری (و٤٦٥هـ).

ئەوە سەرقاڵی ئەكات لە داواكردنی دونیا، ئەپچڕێنێ لە هەموو مرۆڤەكان"[١٤٠]، واتە: لە كەسە دونیاییەكان. حەسەنی بەصری ئەفەرمووێ: هەر كەسێك پەروەردگاری بناسێ ئەوە خۆشی ئەوێ، وە هەركەسێكیش دونیا بناسێ ئەوە زاهیدو دونیا نەویست ئەبێ، وە ئیماندار ڕانابوێرێ هەتاوەكوو بێ ئاگا بێ، بۆیە كاتێ بیر ئەكاتەوە غەمگین ئەبێ"[١٤١]. وە ئەفەرمووێ: "خۆشەویستی بەخشینی تێكۆشراوە، ئیتر خۆشەویست چۆنی بووێ وا ئەكا"[١٤٢]، واتە: بە خۆشەویستەكەی، وە لە پێغەمبەری خواوە گێردراوەتەوە كەوا ئەفەرمووێ: (إِنَّ اللّهَ يُبْغِضُ الْعِفْرِيَةَ النِّفْرِيَةَ، الَّذِي لا يُرْزَأُ فِي وَلَدِهِ وَلا يُصَابُ فِي مَالِهِ)[١٤٣]. واتە: خوای گەورە ڕقی لەو كەسە پیس و نگریسە زۆر فێڵاویكەرە هەیە كەوا هیچ بەڵاو موسیبەتێك دووچاری خۆی ماڵ و منداڵەكەی نابێت)، ئەمەش پشتگیری كراوە بە فەرموودەی موصعەبی كوری سەعد ئەویش لە باوكیەوە كە ئەفەرمووێ: (قُلْتُ يَارَسُولَ اللهِ، أَيُّ النَّاسِ أَشَدُّ بَلاءً؟ قَالَ: اَلأَنْبِيَاءُ، ثُمَّ الصَّالِحُونَ، ثُمَّ الأَمْثَلُ، فَالأَمْثَلُ مِنَ النَّاسِ، يُبْتَلَى الرَّجُلُ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ، فَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ صَلاَبَةٌ زِيدَ فِي بَلائِهِ، وَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ رِقَّةٌ خُفِّفَ عَنْهُ، وَمَا يَزالُ البَلاءُ بِالْعَبْدِ حَتَّى يَمْشِيَ عَلَى

---

١٤٠ بڕوانە: (روح البيان)(ب٨/ل٣٨٨) هی ئەبو فیداء إسماعیلی حەققی كوڕی مصطفی ئیستانبۆڵی حەنەفی خەلووتی(و١١٢٧ھ). دانەر

١٤١ بڕوانە: (حلية الأولياء)(ب٣/١٠٨). وە (إحياء علوم الدين)(ب٤/ل٢٩٥).

١٤٢ بڕوانە: (الرسالة القشيرية)(ب٢/ل٤٩٠)

١٤٣ زەعیفە. بڕوانە: (بغية الباحث عن زوائد مسند الحارث)(ب١/ل٣٥١). هی ئەبو محمد حاریسی كوڕی محمدی كوڕی داهیر ناسراو بە ئیبن و ئەبی ئوسامە (و٢٨٢) دانەر. منیش ئەڵێم: بەیهەقی لە (شعب الإيمان بتحقيق مختار أحمد الندوی)(ب١٢/ل٣٠٩/ژ٩٤٤٠) طبعة مكتبة الرشد. وە ئیمامی قوزاعی لە (مسند الشهاب)(ب٢/ل١٥٥/ژ١٠٨٦) طبعة مؤسسة الرسالة. لە ئەبو عوسمانی نەهدیەوە ڕیوایەتیان كردووە. وە ڕامەهورموز لە (الأمثال)(ل١٦٠) طبعة حيدر آباد. ڕیوایەتی كردووە. موختار نەدەوی ئەفەرمووێت: سەنەدەكەی زەعیف و موڕسەلە، محمدی كوڕی یونس كە كودەیمیە پیاوێكی زەعیفە". حافیزی سیوتی بە زەعیفی داناوە، حافیزی مەنناویش لەسەر زەعیف دانانەكەی سیوتی بێ دەنگە، بڕوانە: (الفيض القدير)(ب٢/ل٤٠٧/ژ٢١٦٢) طبعة دار المعرفة. حافیزی مەنناوی ئەفەرمووێت: (عفريت) واتە: خراپەكارو پیس، وە (نفريت)یش واتە: بەهێز لە فێڵ و شەیتانیەكەی. رَزَأَ، واتە: دووچاربوون بە بەڵاو نەهامەتی.

ظَهْرِ الأَرْضِ لَيْسَ عَلَيْهِ خَطِيئَةٌ)[١٤٤]. واته: وتم: ئەی پێغەمبەری خواز کامە لە خەڵکی ناخۆشترین بەڵای لەسەرە؟ فەرمووی: پەیامبەران، ئینجا پیاوچاکان، ئینجا لە خوارووی ئەوانەوە ئینجا لەخوارووی ئەوانەوە لە نێو خەڵك، پیاو بە ئەندازەی دینەکەی تاقی ئەکرێتەوە، جا ئەگەر بێت و خۆڕاگری لە دینەکەی هەبوو ئەوە بەڵایەکەی بۆ زیاد ئەکرێ، وە ئەگەر لە دینەکەیدا نەرمیەك هەبێ ئەوە بۆی ئاسان ئەکرێ، وە بەردەوامیش بەڵاو نەهامەتی بە بەندە لکاوە هەتاوەکوو بەسەر زەویدا ئەڕوات لە کاتێکا هیچ گوناهو تاوانێکی بەسەرەوە نیە.

خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ﴾[١٤٥]، واتە: خوای گەورە ئەو زاتەیە کەوا ژیان و مردنی بۆ ئێوە درووست کردووە تاوەکوو تاقیتان بکاتەوە کەوا کێ لە ئێوە چاکترین کاروکردەوە ئەکات، جا بەڕاستی خوای گەورە زاتێکی زاڵ و لێبووردەیە.

ـ گێڕدراوەتەوە لە گەورەمان عیسا (علیه السلام) کەوا بەلای سێ کەسدا تێپەڕی، بینی لاشەکانیان زەعیف بۆوە (واتە: کێشیان دابەزی بوو)، وە ڕەنگشیان گۆڕابوو، ئیتر پێیانی فەرموو: کێ وای لە ئێوە کردووە تا بەو حاڵە بگەن؟ گوتیان: ترسان لە ئاگری دۆزەخ، ئەویش فەرمووی: ئەمە حەقێکە لەسەر خوای گەورە کەوا ئارامی و دڵنیایی بداتە کەسی ترساو. دواتر ئەوانی بەجێ هێشت و گەیشتە سێ کەسی تر، بینی لاشەو ڕەنگ و ڕووخساریان زیاتر زەعیف ببوو گۆڕابوو، ئەوەبوو پێیان فەرموو: کێ وای لە ئێوە کردووە تا بەو حاڵە بگەن؟ گوتیان: تاسەمەندی و تامەزرۆیی بەهەشت، ئەویش فەرمووی: ئەمە حەقێکە لەسەر خوای گەورە ئەوەتان بداتێ کەوا داوای ئەکەن. دواتر ئەوانی بەجێ هێشت و

---

[١٤٤] حەسەنە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٣/ل٧٨/ژ١٤٨١) ڕیوایەتی کردووە. شوعەیب ئەرنائووت ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی حەسەنە".

[١٤٥] سورة الملك آية ٢.

گەیشتە سێ کەسی تر، بینی لاشەو ڕەنگ و ڕووخساریان زۆر زیاتر زەعیف ببوو گۆڕابوو لە چاو ئەوانی تر، وە ڕووخساریشیان وەك بڵێی ئاوێنەبوو لە نووردا، ئەوەبوو پێیانی فەرموو: کێ وای لە ئێوە کردووە تا بەو حاڵە بگەن؟ گوتیان: خۆشەویستی بۆ خوای گەورە، ئەویش فەرمووی: ئێوە نزیکەکانن. ئێوە نزیکەکانن. ئێوە نزیکەکانن)[١٤٦]. هەڕەمی کوڕی حەییان ئەفەرمووێ: ئەگەر ئیماندار خوای خۆی بناسێ ئەوە خۆشی ئەوێ، وە کاتێکیش خۆشی ویست ئەوە ڕووی تێ ئەکات، جا ئەگەر بێت و چێژی ڕووتێکردنەکەی چەشت ئەوە بەچاوی شەهوەت و ئارەزووبازییەوە سەیری دونیا ناکات، وە بە چاوێکی حەوانەوەو پشووش سەیری دوارۆژ ناکات، ئەو بەلاشەی لە دونیایە، وە بەڕووحیش لە دوارۆژە"[١٤٧]. وە هەروەها یەحیای کوڕی مەعاز ئەفەرمووێ: "لێخۆشبوونەکەی گوناهـ ئەگرێتەوە ئەی ئەبێ ڕەزامەندیەکەی چۆن بێ؟!! وە ڕەزامەندیەکەشی هیواکان ئەگرێتەوە ئەی ئەبێ خۆشەویستیەکەی چۆن بێ؟!! وە خۆشەویستیەکەشی ژیریی سەرسام ئەکات ئەی ئەبێ دۆستایەتیەکەی چۆن بێ؟!! وە دۆستایەتیەکەشی غەیری ئەو لە بیر ئەکات ئەی ئەبێ سۆزەکەی چۆن بێ"[١٤٨]. هەر بۆیەش لە پەروەردگاری ئەپاڕایەوەو ئەیفەرموو: "پەروەردگارم دڵێك سزا مەدە کەوا تۆ خۆشەویستی ئەوێ، پەروەردگارم ئەگەر سزام بدەی سزای ئەو کەسەت داوە کەوا تۆی خۆش ویستووە، وە ئەگەر ڕیسواشم بکەی ئەو کەسەت ڕیسوا کردووە کەوا تۆی خۆش ویستووە، وە ئەگەر ڕێزیشم لێ بگری ئەوە ڕێزت لەو

---

[١٤٦] حلية الأولياء (ب١٠/ل٧). دانەر

[١٤٧] إحياء علوم الدين (ب٤/ل٢٩٦).

[١٤٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کەسە ناوە کەوا تۆی خۆش ویستووە"[١٤٩]. سەمنوون ئەفەرمووێ: "خۆشەویستی پاکی دۆستایەتیە لەگەڵ بەردەوامی زیکر کرد، لەبەر ئەوەی گەر کەسێك شتێکی خۆش بووێ ئەوە زۆر یادی ئەکات"[١٥٠]، وە سەبارەت بە خۆشەویستیش پرسیار لە شێخ جونەیدی بەغدادی کرا، ئەویش فەرمووی: "چوونە ژوورەوەی سیفاتی خۆشویستراوە لەبری سیفاتی خۆشەویست"، واتە: زاڵ بوونی زیکرو یادو سیفات و ناوەکانی خۆشویستراوە لەسەر دڵی خۆشەویست هەتاوەکوو ئەوەی بەسەریدا زاڵ بیێ تەنیا ئەمە ئەبێ، وە هەست و نەستەکانی ئەوەی کە زاڵ بیێ بە زۆری تەنیا بەهۆی ئەمەوە ئەبێ، ئیتر لەمەوە ئەبێتە هەست و نەستەکانی ئەو لەبری هەست و نەستەکانی بە سیفاتی نەفسی خۆی، وە ئەشکرێ مانایەکی لەمە مەزنتر لە خۆ هەڵبگرێ: سیفاتە زەمکراوەکانی خۆشەویست ئەگۆڕێ ـ ئەوانەی کە هاوشان و جێگای ڕەزامەندی سیفاتەکانی خۆش ویستراو نیە، بە سیفاتە ستایش کراوەکان ئەوانەی کە جێگای ڕەزامەندی ئەون[١٥١].

"بەڵێ خۆشەویستان": ئەمە خۆشەویستی موسڵمانە بۆ موسڵمان لە پێناو خوای گەورە، ئەی ئەبێ خۆشەویستی موسڵمان بۆ خۆشەویستەکەی (کە پێغەمبەری خوایە) چۆن بێ لە پێناو خوای گەورە، جا لەسەر موسڵمان پێویستە پارێزگاری لە سوننەتە شەرعیەکان بکات، بگرە لە نزیکخەرەوە بە دەستهاتووەکەش بەهۆی (صەلات و سەلام) لەسەر پێغەمبەری خۆشەویست،

---

[١٤٩] اللمع في تأريخ التصوف الإسلامي (ل٥٤) هی ئەبو نەصر عبد الله کوڕی عەلی سیڕاج (و٣٨٧هـ). دانەر

[١٥٠] هەمان سەرچاوەی پێشوو (ل٥٢_٥٣).

[١٥١] جەنابی شێخ عەباس ئەو چەند وتە پیرۆزانەی سەرەوەی لەم کتێبە نەقڵ کردووە (مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين)(ب٣/ل١٤) هی محمدی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی ئەیوبی کوڕی سعد شمس الدين ئیبن ولقەیمی جەوزی (و١٥٧ه).

درودو سلاو لەسەر خۆیی و خانەوادەکەیی و هاوەڵە بەڕێزەکانی بێ، "چونکە خۆشەویستی و ڕێزلێنان و بە گەورەزانینی ئەو واجبێکی شەرعیە"، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ۝٨ لِّتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُۚ وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا ۝٩﴾[١٥٢]، واتە: (ئەی محمدﷺ! ئێمە تۆمان ناردووە بۆ ئەوەی پێ بە شایەت لەسەر گوفتارو کرداری ئوممەت و، موژدەی بەهەشتیان بدەیتێ ئەگەر فەرمانبەرداری خوا بکەن و، لە سزای خوایان بترسێنی کە لە ڕۆژی قیامەتا سزایان ئەدا ئەگەر گوێی بۆ شل نەکەن، بۆئەوەی ئیمان بەخواو پێغەمبەرەکەی بهێنن و بە بەهێزکردنی ئایینەکەی بەهێزی بکەن و قەدرو حورمەتی بگرن و قوڕس تەماشای بکەن و بەیانی و ئێوارە لە هەموو ناتەواوییەك پاك و خاوێ‌ی ڕابگرن). وە ئەدەب کردن لە کاتی ناوهێنانی ناوی پیرۆزی، وە لەکاتی باسی سوننەتە داوەکراوەکان و غەیری ئەویش" هەروەکوو خوای گەورە کە ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصۡوَٰتَهُمۡ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱمۡتَحَنَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ لِلتَّقۡوَىٰۚ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٌ﴾[١٥٣]، واتە: (بێگومان ئەوانەی کەوا دەنگی خۆیان لای پێغەمبەری خواﷺ نزم ئەکەنەوەو بە ئەدەبەوە قسە ئەکەن ئەوانەن کە خوا دڵی تاقی کردوونەتەوەو بۆ لە خوا ترسان ئەشێن، ئەوانە لێبوردنیان بۆ هەیە لە لایەن خواوەو پاداشتی گەورەیان بە نسیب ئەبێ). "هەر بۆیەش کاتێ ئیمامی مالیك باسی پێغەمبەری بکردایەز ئەوە ڕەنگی ئەگۆڕاو لار ئەبوویەوە، وە ئیمامی جەعفەری کوڕی محمدی صادق ئەگەر باسی پێغەمبەری

[١٥٢] سورة الفتح آية ٨ ـ ٩.

[١٥٣] سورة الحجرات آية ٣.

لـه لا بكرايه ﷺ ئەوە ڕەنگی زەرد هەڵئەگەڕا"[١٥٤]، وە عبد الرحمن كوڕی قاسمی كوڕی خالیدی كوڕی جەنادە ـ كە هاوەڵی ئیمام مالیك بووەـ هەروەكوو ئیمامی بدر الـدینی كوڕی جەماعەی كینانی لـە كتێبە بە نرخەكەی "تژكرە الـسامع والمتكلـم فی أدب العالم والمتعلـم" باسی كردووەو ئەفەرمووێ: "كاتێ باسی پێغەمبەری خوای ئەكرد زمانی لە نێو دەمیا وشك ئەبوو لەبەر هەیبەت و گەورەیی پێغەمبەری خواﷺ، وە لـە ئەبو عەمری شەیبانیەوە گێڕدراوەتەوە كەوا فەرموویەتی: "ماوەی ساڵێك لـە لای ئیبن و مەسعود دائەنیشتم نەئ ئەفەرموو پێغەمبەری خواز ئەفەرمووێ ئیللا لـە ترسان تێك ئەچوو و ئەیگوت: ئا بەو شێوەیە یاخود وێنەی ئەوە یاخود نزیك لەوە"[١٥٥].

---

[١٥٤] بڕوانە: (سبل الهدى والرشاد فی سیرة خیر العباد)(ب١١/ل٤٤٠). هی محمدی كوڕی یوسفی صالحی شامی (و٩٤٢هـ). دانەر

[١٥٥] بڕوانە: (تذكرة السامع والمتكلم في أدب العالم والمتعلم)(ل١٤) هی ئەبو عبد الله بدر الدین محمدی كوڕی ئیبراهیمی كوڕی سعد الله كوڕی ئیبن و جەماعەی كینانی (و٧٣٣هـ). دانەر

**گەورەیی خۆشویستنی سەروەرمان**

وە یەكێك لە پایەكانی مەزنێتی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری پارێزراوی مەزن (صلی الله علیه وسلم) ئەو فەرموودەیە كەوا ئەحمەدو بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە لە ئەنەسی كوڕی مالیك (ڕەزای خوای لێ بێ) (أَنَّ رَجُلاً سَأَلَ النَّبِيَّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ ـ مَتَى السَّاعَةُ؟ فَقَالَ: "مَا أَعْدَدْتَ لَهَا؟" فَقَالَ: مَا أَعْدَدْتُ لَهَا مِنْ كَثِيرِ صَلاةٍ وَلاَ صَوْمٍ وَلاَ صَدَقَةٍ إِلاَّ أَنِّي أُحِبُ اللهَ وَرَسُولَهُ، فَقَالَ:"أَنْتَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ"، قَالَ أَنَسُ: "فَمَا فَرِحْنَا بَعْدَ الإِسْلامِ فَرْحاً أَشَدَّ مِنْ قَوْلِ النَّبِيِّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ ـ "فَإِنَّكَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ")[١٥٦]. واتە: ئەنەس ئەفەرمووێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا كرد ـ صلی الله علیه وسلم ـ گوتی: كەی قیامەت هەڵئەستێ؟ ئەویش فەرمووی: "چیت ئامادە كردووە بۆی؟" پیاوەكەش گوتی: "شتێكی وا زۆرم لە نوێژو ڕۆژوو بەخشین بۆ ئامادە نەكردووە ئیللا ئەوە نەبێ كە خواو پێغەمبەرەكەیم خۆش ئەوێ ـ صلی الله علیه وسلم"حەزرەتیش فەرمووی: "تۆ لەگەڵ ئەو كەسەدای كەوا خۆشت ئەوێ"، جا ئەنەس ئەفەرمووێ: "لە دوای ئیسلامەوە لەوە دڵخۆش تر نەبووینە ئەویش بە دڵخۆشی ئەو وتەیەی پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ "تۆ لەگەڵ ئەو كەسەی كەوا خۆشت ئەوێ". سەیری تێگەیشتنی هاوەڵ بكە لە وتەی دڵخۆش نەبووینە، واتە: تێكڕای خانەوادەی پێغەمبەرو هاوەڵان، بە دینی پیرۆزی خوای گەورە وەكوو دڵخۆش بوونمان بەو خۆشەویستیەی لە بۆ خواو پێغەمبەرەكەی ـ صلی الله علیه وسلم.

---

[١٥٦] صەحیحە. بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٦١٧١) كتاب الأدب ـ باب علامة حب الله عز وجل. وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٦٣٩) كتاب البر والصلة والآداب ـ باب المرء مع من أحب. وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٢٠/ل٤٠٥/ژ١٣١٦٧). دانەر

## هۆكارەكانی بە دەستهێنانی خۆشەویستی

عەلـلامەی ئیبن ولقەیم ئەفەرمووێ: هۆكارەكانی بە دەستهێنانی خۆشەویستی، وە ئەوانەی كەوا پێویست ئەكەن بۆی بریتیە لـە ١٠ هۆكار:-

یەكەمیان: خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بە بیر لـیێ كردنەوە، وە تێگەیشتن لـە ماناكانی، وە مەبەست پێی چیەتی، وەكوو بیر لـیێ كردنەوەی ئەو كتێبەی كەوا بەندە لـەبەری ئەكات و ڕوونی ئەكاتەوە، بۆئەوەی لـە مەبەستی خاوەنەكەی تیێ بگات.

دووەم: نزیك بوونەوە لـە خوای گەورە بە سوننەتەكان لـە دوای واجبەكان، لـەبەرئەوەی ئەیگەیێنێتە پلـەی خۆشەویستی یەتی لـە دوای خۆشەویستی.

سێیەم: بەردەوام زیكرو ید كردنی لـە هەموو حالـەتەكان، بە زوبان و بەدڵ، بەكردەوەو بە حاڵ، جا پشكی لـەو خۆشەویستیە بە ئەندازەی پشكەكەیەتی لـە زیكرەكە.

چوارەم: خۆنەویستی خۆشەویستیەكەی بەسەر خۆشەویستیەكەت لـە كاتی زاڵـبوونی هەواو ئارەزوو، وە بەرزبوونەوە بۆ لـوتكەی خۆشەویستەكەی، ئەگەر چی بەرز بوونەوەكەش گران بیێ.

پێنجەم: خوێندنەوەی دڵ بۆ ناوو سیفاتەكانی، وە ڕوانینیان و ناسینیان، وە وەرچەرخانی لـە بێستانی ئەو ناسینەو دەرخستنەكانی، جا هەر كەسێك خوای گەورە بناسیێ بە هۆی ناوو سیفات و كردەوەكانی: ئەوە بێگومان خۆشی ئەویێ.

**شەشەم: ڕوانینی چاکەو بەخشش و نیعمەتەکانی ئەوە، وە نیعمەتەکانی ژوورەوەو دەرەوە، لەبەرئەوەی بانگهێشتکەرە بۆ خۆشەویستی ئەو.**

**حەوتەم: ئەمە لە هەموویان عەجایب ترە، ئەویش شکانەوەی دڵە بە هەموویەتی خۆی لەبەردەمی خوای گەورە، ئا لێرەدا هیچ گوزارشتێك دەربارەی ئەو مانایە نیە جگە لە ناوەکان و دەستەواژەکان نەبێ.**

**هەشتەم: خەڵوەت و خۆ تەنیا کردنەوە لەگەڵی لە کاتی دابەزینی پەروەردگاریێتی، بۆ موناجات کردن و خوێندنەوەی وتەی، وە بە دڵ ڕاوەستان و ئەدەب کردن بەهۆی ئادابی بەندایەتی لەبەر دەمی، پاشان کۆتایی بەوە بهێنرێ بەهۆی داوای لێ خۆش بوون و تەوبە کردن[157].**

---

[157] **عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قال: قَالَ رَسُولُ اللهِ: (يَنْزِلُ رَبُّنَا تَبَارَكَ وَتَعَالَى كُـلَّ لَيْلَـةٍ إِلَـى السَّـمَاءِ الدُّنْيَا حِينَ يَبْقَى ثُلُثُ اللَّيْلِ يَقُولُ مَنْ يَدْعُونِي فَأَسْتَجِيبَ لَهُ، مَنْ يَسْأَلُنِي فَأُعْطِيَهُ، مَنْ يَسْتَغْفِرُنِي فَأَغْفِرُ لَـهُ).**

له ئەبو هوریرەوە ڕیوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: (لەسێ یەکی کۆتایی هـەموو شـەوێکدا پەروەردگارمان (دائەبەزێ) بۆ ئاسمانی دونیاو ئەفەرموێت: کێ لێم ئەپاڕێتەوە تا وەڵامی بدەمەوە، کێ داوام لێ دەکات تا پێی ببەخشم، کێ داوای لێ خۆش بوونم لێ ئەکات تـا لـێ ی خـۆش بم). صـەحیحە. بوخـاری (ژ١١٤٥) وە موسلم (ژ٧٥٨) وە غەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردووە.

ئەم فەرموودەیە یەکێکە لەو فەرموودانەی کە باسی سیفاتی خوای گەورە ئەکات، جـا بـۆ چـوون و ڕای دوو مەزهەبی لەسەرە کە زۆر بەناوبانگە لای زانستخوازان.

مەزهەبی یەکەم: مەزهـەبی سـەلەفی سـاڵح و غـەیری ئەوانـەن کـە ئەفـەرموون: بەسـەریدا تێدەپـەڕێ هەروەکوو چۆن هاتووە بێ ئەوەی واتایەکی تری بۆ دابنرێت یاخود سیفەتەکە پەك بخرێت، وە تەرکی قسەکردن ئەکرێت تێیدا لەو و لەوێنەی ئەویش کە لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە لەگەڵ ئیمان هێنانیش پێی، وە پـاك ڕاگرتنی پەروەردگاریش لەوەی بشوبهێنرێت بەسیفاتی لاشەکان، ئیتر بڕوامان پێی هەبێت و بەبێ چـۆنیەتی و لێ کۆڵینەوە لێی.

**نۆیەم: دانیشتن لە مەجلیسی کەسە خۆشەویستە ڕاستگۆیەکان، وە چنینەوە بەروبوومی وتە پاکەکانیان هەروەکوو چۆن بەروبوومە پاکەکان هەڵئەبژێرێ، وە گوفتاریش ناکات مەگەر پێویستیەکی قسەکردن بێتە کایەوە، وە ئەزانێ کەوا ئەو قسە کردنە زیاد کردنی حاڵی تۆی تێدایە، وە سوودی غەیری تۆیشی تێدایە.**

**دەیەم: دوورکەوتنەوە لە هەموو هۆکارێك کە ئەکەوێتە نێوان دڵ و نێوان خوای گەورە عَزَّ وَجَلَّ.**

**ـ جا یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو دەیەمە: گەیشتنی خۆش ویستراوە بۆ جێگاکانی خۆشەویستی، وە ئەچنە ژوورەوە بۆ لای خۆشەویست، جا بۆ دەست خستنی هەموو ئەمانە دوو شتە: ئامادەیی ڕۆحە بۆ ئەم کارە، وە کرانەوەی چاوی بیناییە. تەوفیق و یارمەتیش هەر بەخواوەیە[158].**

---

مەزهەبی دووەم: قسەی کۆمەڵێك لە زانا موتەکەللیمینەکان و غەیری ئەوانەن کە ئەفەرموون: بەرزبوونەوەو دابەزین لە سیفاتی لاشەو جیسمەکانە، خوای گەورەش(ﷻ) پاك و بێ گەردە لەسیفەتی لاشەو بەرزبوونەوەو دابەزین، جا لەسەر ئەوە دەکرێ واتاکەی دابەزینی سۆزو میهربانی خوای گەورە بێت (ﷻ) وە نزیکی ئەم لەبەندەکانی، وە ڕووکردنە ئەو کەسانە بێ کە لەو شەوەدا ئەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی لە سۆزو میهرەبانی خوا بێ بەش نەبن.

جا ڕێگای کەسە بەتەقواکانی سەلەفی سالح بەپاك ڕاگرتنی خودایە (ﷻ) لەوەی کە بەڕووکەش دیارە لە قورئان و فەرموودە، وە مەبەست بە واتای ڕووکەشی شتەکەش حەواڵەی زانستی خوا بکرێت هەر بەو جۆرەش دینی ئەو کەسە سەلامەت ئەبێت) ئیمامی شافعی (ڕەزای خوای لێ بێ) ئەفەرمووێت: "هەر کەسێك ڕێگا بگرێ بۆ ناسینی پەروەردگاری لەوەوە کۆتایی بە بوونێك هێنا کە فیکرو خەیاڵی بەوەوە کۆتایی پێ بێ نێ، ئەوە کەسێکی پێکچووێنەرە (موشەببیهەیە). وە ئەگەر دڵیشی بۆ لای نەبوونێکی ڕووت ئۆقرەی گرت ئەوە کەسێکی پەکخەرە (موعەططیلەیە). وە ئەگەر دڵی بە بوونێك ئۆقرەی گرت، وە دانی بە بێ دەسەڵاتی خۆیشی نا لە درك پێ کردنی ئەوە کەسێکی یەکتاپەرستە. بۆیە ئاگاداربە!! دانەر

[158] (مدارج السالكين)(ب٣/ل١٨ـ ١٩). دانەر

شێخ ئیبنو لقەیم دووبارە ئەفەرمووێ: "دانیشتن لەگەڵ کەسی عاریف بانگهێشت ئەکات لە شەش شتەوە بۆ شەش شت: لە گومانەوە بۆ یەقین، لە رڕووپامایيەوە بۆ نیەت پاکی، لە بێ ئاگاییەوە بۆ زیکر کردن، لە ویستنی دونیا بۆ بۆ ویستنی دوارۆژ، لە خۆبەگەورەزانینەوە بۆ خۆبەکەم گرتن، لە خراپی ڕازو ویستەوە بۆ ئامۆژگاری کردن"[159].

گەورەکان ئەفەرموون: "نیشانەی خۆشبەختی سێ شتە: دەست گرتن بە سوننەتی ڕەهبەری هەڵبژێردراو، وە هاوەڵایەتی کردنیش لەگەڵ ئەولیا چاکەکان، وە شەرم کردنیش لە پاشای زاڵ و کاربەدەست.

ئیمامی موحاسیی ئەفەرمووێ: "خۆشەویستی ئەو سێ شتەی لەگەڵدا نەبێ پێی ناگوترێ خۆشەویستی بۆ خوا ـ یەکەم: خۆشەویستی ئیمانداران ﻓﻲ لە پێناو خوای گەورە، نیشانەی ئەوەش خۆپاراستنە لە ئەزیەتدانیان، وە هەروەها وەدەستخستنی سوود بۆیان. دووەم: خۆشەویستی پێغەمبەرﷺ لە پێناو خوای گەورە (واتە: پێغەمبەرت خۆش بووێ لەبەر فەرمانی خوای گەورە بە خۆشویستنی ئەو). وە نیشانەی ئەوەش شوێنکەوتنی سوننەتی ئەوە، خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ﴾[160]. واتە: (ئەی **محمد**ﷺ تۆ پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە بەڕاستی خواتان خۆش ئەوێ شوێن من بکەون، بۆئەوەی خوای گەورەش ئێوەی خۆشبووێ). سێیەم: خۆشەویستی خوای گەورەیە ئەمەش بە پێش خستنی گوێڕایەڵی بەسەر سەرپێچی کردندا، هەروەکوو گوتراوە: یادی بەخشش و نیعمەت خۆشەویستی لە دوای خۆی جێ ئەهێڵێ.

---

[159] هەمان سەرچاوەی پێشوو (ب٣/ل٣٢٢).

[160] سورة آل عمران: آية ٣١

## خۆشەویستی سەرەتاو كۆتایی هەیە

وە خۆشەویستیش سەرەتاو كۆتایی هەیە، جا یەكەمینیان: خۆشەویستی خوای گەورەیە بەهۆی دەستەكان {واتە: بەهۆی نیعمەتەكان و بەخششەكان}، ئیبن و مەسعود ئەفەرمووێ: (جُبِلَتِ الْقُلُوبُ عَلَى حُبِّ مَنْ أَحْسَنَ إِلَيهَا)[١٦١] سروشت و

[١٦١] زەعیفە. ئیبن و حیببان لە (روضة العقلاء)(ل٢٥٥). وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٤/ل١٢١). وە ئیبن و عەدی لە (الكامل في الضعفاء)(ب٢/ل٧٠١) وە خەتیبی بەغدادی لە (تأريخ بغداد)(ب٤/ل٢٧٧ ـ ب١١/٩٤). وە ئیبنو لئەعرابی لە (المعجم الشيوخ)(ب١/ل١٥٢/ژ١٩١) طبعة دار الكتب العلمية. وە قوزاعی لە (مسند الشهاب)(ب١/ل٣٥١ــ ب٢/ل٤٩). وە ئەبو موسای مەدەنی لە (جزء من أدركه الخلال من أصحاب إبن مندة)(ل١٥٠). هەموویان لە ئیسماعیلی كوڕی ئەبان ئەویش لە ئەعمەشەوە ئەویش لە خەیسەمەوە ئەویش لە ئیبن و مەسعوودەوە بە مەرفووعی ڕیوایەتیان كردووە. ئەبو نوعەیم ئەفەرمووێ: "فەرموودەیەكی غەریبە نەمان نوسیوەتەوە تەنیا لەو ڕێگایەوە نەبێ"، وە حافیزی سەخاوی و مەنناوی و ئەلبانیش هەر دوو ڕێگای مەرفوع و مەوقووفەكەیان بە هەڵبەستراو داناوە، وە ئەلبانی ئەفەرمووێ: "ئەو ئسماعیلە ئەحمەد لەبارەیەوە ئەفەرمووێ: فەرموودەی هەڵبەستراو لە فیطرو غەیری ئەویش ئەگێڕێتەوە، بۆیە ئێمەش وازمان لێ هێناوە"، وە ئیبن و حیبانیش ئەفەرمووێ: "فەرموودەی هەڵئەبست لە كەسە متمانەپێكراوەكان"، وە مەنناویش لە كتێبی (لسان الميزان) نەقڵی كردووە كەوا ئەزدی ئەفەرمووێ: "كوفیەكی لارە، ئەو فەرموودەیە باتڵە، وە ئیبن و حیببان ئەفەرمووێ: "فەرموودەی هەڵئەبەست، وە مەنناوی ئەفەرمووێ: "بە دەست و خەتی ئیبن و عبد الهادی لە (تذكرة) كەی كە موهەننەء ئەفەرمووێ: پرسیارم لە ئەحمەد و یەحیا كرد دەربارەی ئەو فەرموودەیە، ئەوانیش گوتیان: "هیچ بنەمایەكی نیەو هەڵبەستراوە"، بڕوانە: (مقاصد الحسنة)(ل٢٠٢/٣٦٤) طبعة دار الكتب العلمية. وە (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٢/ل٦٥/ژ٦٠٠). حافیزی سیوتی ئەفەرمووێت: "بەیهەقی بەصەحیحی داناوە لە ئیبن و مەسعودەوە، بەڵام سیوتی بە زەعیفی داناوە. بڕوانە: (فيض القدير لشرح الجامع الصغير)(ب٣/ل٣٤٤/ژ٣٥٨٠) طبعة دار المعرفة. حافیزی عیجلی لە كتێبی متمانە پێكراوەكان هێناویەتی بەڵام ئەفەرمووێ: "ئیسماعیلی كوڕی ئەبانی غەنەوی كوفی فەرموودەی زەعیفە، لە ئیبن و ئەبی خالید و عوروەی كوڕی هیشامەوە فەرموودەی ئەگێڕێتەوە، وە پێی گەیشتووین بەڵام هیچ فەرموودەیەكمان لەوەوە نەنوسیوە". بڕوانە: (كتاب الثقات)(ل٦٣/ژ٨٢). حافیزی ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێ: "فەرموودەی واز لێ هێنراوەو هەڵبەستراوی دراوەتە پاڵ، لە چینی نۆیەمەو لەساڵی ٢١٠كۆچی وەفاتی كردووە. بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ل١٣٥/ژ٤١٥) طبعة دار العاصمة. وە تەواوكەری فەرموودەكەش (**وَبُغْضُ مَنْ أَسَاءَ إِلَيْهَا**)، واتە: بەهۆی كینەو بوغزەوەش ناڕەحەت و بێ ئارام ئەبێ بەرامبەر ئەو كەسانەی كەوا خراپەی بەرامبەر ئەكەن. وەرگێڕ

خیلقەتی دڵ لەسەر خۆشەویستی ئەو کەسانە ئارام ئەگرێت و ئەحەسێتەوە کەوا چاکەی بەرامبەر ئەکەن" وە بەرزترینیان: خۆشەویستی لەبەر واجبونی حەقی خوای گەورە. عەلی کوڕی فوزەیلیش ئەفەرمووێ: "بێگومان خوای گەورە خۆش ئەویستێ لەبەرئەوەی خوایە". پیاوێك بە ئیمامی تاوسی گوت: "ئامۆژگاریم کە، ئەویش فەرمووی: "ئامۆژگاریت ئەکەم خوای گەورەت خۆش بووێ بەجۆرێك کەوا هیچ لەلات هێندە خۆشەویستر نەبێ لەو، وە لێشی بترسێ بە ئەندازەیەك کەوا ترسناکترین شت بەلای تۆوە هەر ئەو بێ، وە هیوا بکە لە خوای گەورە بە هیوایەك کەوا لە نێوان خۆت و ترسەکەدا هاتوو بێت، وە ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە بۆ خەڵکیشت پێ خۆش بێ".

گەورەیی و مەزنێتی لە شەرمەوەیە، وە شەرمیش وەکوو شوێن پێگەی سەر وایە بۆ جەستە، کەوا لە خاوەنەکەی ئەکات پێویستی بە هەردووکیان بێت، جا ئەگەر بەندە لە پەروەردگاری ترسا ئەوەی گەورەی ئەکا. وە گەورەترین شەرمیش، چاودێری کردنە بۆ خوای گەورە.

چاودێری کردن لە شتدایە: چاودێری خوای گەورە لە گوێڕایەڵی کردنی بەهۆی کردەوە، وە چاودێری خوای گەورە لە سەرپێچی کردنی بە واز لێ هێنانی، وە چاودێری کردنی خوای گەورە لە غەم و ئەندێشە، لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەرﷺ ((أَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ فَإِنْ لَكُمْ تَرَاهُ، فَإِنَّهُ يَرَاكَ))[١٦٢] بوخاری و

[١٦٢] بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٥٠) كتاب الإيمان. باب سؤال جبريل النبِي ٥ عن الإيمان والإسلام والإحسان. وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٥) كتاب الإيمان. باب بيان عن الإيمان والإسلام والإحسان. لە عومەری کوڕی خەتتابەوە ڕیوایەتیان کردووە. دانەر

موسلیم کۆکن لەسەری. واتە: خوای گەورە بەجۆرێ بپەرستی کەوا وەك بڵێی ئەو ببینی، وە بێگومان ئەگەر تۆش ئەو نەبینێ ئەو تۆ ئەبینێ.

وە چاودێری کردنی دڵ بۆ خوای گەورە ماندووبوون و ئازار چەشتنەکەی زۆر زیاترە لە ماندووبوون و ئازار چەشتنی شەو نوێژوو ڕۆژی گرتن و ماڵ بەخشین لە پێناوی ئەودا.

هەروەکوو گێڕدراوەتەوە لە گەورەمان عەلی کوڕی ئەبو تاڵب (سەلامی خوای لەسەر بێت) کە ئەفەرمووێ: "إِنَّ لِلَّهِ فِي أَرْضِهِ آنِيَةً، وَإِنَّ مِنْ آنِيَتِهِ فِيهَا الْقُلُوبُ، فَلا يَقْبَلُ مِنْهَا إِلاَّ مَا صُفِّي وَصَلُبَ وَرَقَّ"[١٦٣] بێگومان خوای گەورە لە زەوی خۆیدا دەفرو قاپی هەیە، جا یەکێك لە دەفرەکانی لە دڵەکاندایە، هیچ شتێك وەرناگرێت تەنیا ئەوە نەبێ کە پاڵفتە کرابێ، وە پتەو ئەبێ و نەرمیش ئەبێ.

ـ مانای وایە دڵ پاڵفتە بکرێت وخاوێن بکرێتەوە، ئەمەش بە شوێن کەوتنی فەرمانەکانی و قەدەغەکراوەکانی، وە لە ڕووانینی ڕاستگۆیانەو سۆز نواندندا، وە خاوێنی بکاتەوە بۆ پێغەمبەری خوا ئەمەش بە ڕازی بوونی ئەوەی کەوا هێناویەتی لە ڕازو وتەو کرداردا، وە خاوێنی بکاتەوە بۆ ئیمانداران ئەمەش بە دەست هەڵگرتن لە ئەزیەتتدانیان و گەیاندنی سوودو قازانج بۆیان.

ـ وە هەرچی مانای (صَلُبَ)ـیە: ئەوە بەهێزبووە لە دانانی سنوورەکان بۆ خوای گەورە، وە لە فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپە، وە هەروەها وتەی (رَقَّ) دوو ڕووی هەیە: نەرمە لە گریاندا (واتە: خێرایە بۆ فرمێسك

---

[١٦٣] ئیمامی ئەحمەد لە کتێبی (الزهد)(ل٣٨٤) ڕیوایەتی کردووە، وە وێنەی ئەو وتەیەش بەرزکراوەتەوە بۆ پێغەمبەرە کەوا فەرموویەتی: (.....) بڕوانە فەرموودەکە لە لاپەڕە(١٢) ئەو کتێبە. دانەر

**ڕێژتن)، وە نەرمە لە سۆز نواندندا، وە تەوفیقیش هەر لە خواوەیە، ئەو بەسە بۆ ئێمەو چاکترین پشت پێ بەستراوە[١٦٤].**

**وە ئەشگوترێ: پاکترینیان بۆ خوا لە کاتی چاودێری کردنایە، وە پتەوترینیان لە دینی خوای گەورە لە کاتی گوفتارکردنایە، وە نەرمترینیشیان لەسەر برایان لە کاتی هاوەڵایەتی کردنایە.**

**وە هەرچی شوێنەواری خۆشەویستی و بەرووبوومەکەیەتی ئەوە پێنجن: تامەزرۆیی هۆگری و نزیکی و پەیوەندی و خۆشەویستی خوای گەورەیە بۆ بەندە، جا تامەزرۆیی ئەوە گوتویانە: زاڵ بوونی خۆشەویستیە لە مەقامی چێژوەرگرتن. وە ئەشگوترێ: تامەزرۆیی ئاگرێکی داگیرساوی خوای گەورەیە لە نووری بەڵاکانی بۆ دۆستەکانی، ئیتر دایئەگیرسێنێ لە دڵی ئەولیاکانی هەتاوەکوو ئەو ئەندێشانە بسووتێنێ کە لە دڵەکانیاندا بوونی هەیە، وە ئەو ویست و ڕێگرو پێویستیانەش بسووتێنێ، ئیتر لەوەوە ببێتە پوختەی ئەصفیای خۆی[١٦٥].**

**وە تامەزرۆیش سێ پایەی هەیە:-**

**پایەی یەکەم: تامەزرۆیی بۆ بەهەشت، ئەمەش بەخششێکی جێگا حەوانەوەیە بە میهرەبانی خوای ڕێزدار ـ جَلَّ جَلالُهُ، وَعَمَّ فَضْلُهُ وَنَوالُهُ.**

[١٦٤] ئەمە کۆتا وتەی حارسی مەحاسبی بوو، بڕوانە: (رساله المسترشدین)(ل١٧٩ـ ١٨٣) هی ئەبو عبد الله حارسی کوڕی ئەسەدی مەحاسبی (و٢٤٣ھ). دانەر

[١٦٥] ناوی ئەصفیا لە (صَفِيَ)ـوە هاتووە: واتە: پاڵفتەی کردو خاوێنی کردەوە، کۆکەی (أصفیا)یە، وەکوو دەگوترێ: صفی من کل شیء، واتە: هەڵبژێردراو و ڕوون و جیاکراوە لە هەموو شتێك، جا کە ئەگوترێ: ئەصفیای خوا واتە کەسێکی پاك و خاوێن و هەڵبژێردراوی خوای گەورەیە، والله اعلم. وەرگێڕ

**پایەی دووەم: تامەزرۆیی بۆ گەیشتنە ڕەزامەندیەکەی، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو، جا هەر ئەمەش داوای بەندە ئیماندارەکانیەتی، وە ئەمەش لە ڕێزو بەخشین و فرەیی ئەوینیەتی ـ پاکی و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی کە جگە لەو خوایەکی تر نیە.**

**پایەی سێیەم: تامەزرۆیی بۆ بینین و سەیر کردنی، ئەمەش لە زیادە میهرەبانی زاتی خۆیەتی، وە مەزنی خۆدەرخستنەکانیەتی ـ پایەداری و بەرەکەتداری و گەورەیی و پیرۆزی هەر بۆ ئەوە، جا ئەمە ئاوات و پشکی دۆست و ئەصفیاکانیەتی، هەر بۆیەش پێغەمبەرمان ﷺ ئەپاڕایەوەو ئەیفەرموو: (( اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الرِّضَا بَعْدَ الْقَضَاءِ، وَبَرْدَ الْعَيْشِ بَعْدَ الْمَوْتِ، وَلَذَّةَ النَّظَرِ إِلَى وَجْهِكَ، وَالشَّوْقَ إِلَى لِقَائِكَ))[١٦٦]، واتە: پەروەردگارمان داوای ڕازیبوونت لێ ئەکەم لە دوای هاتنی قەزاو قەدەرەوە، وە داوای خۆشی و دڵڕفێنی ژیانت لێ ئەکەم لە دوای مردنەوە، وە داوای چێژ وەرگرتنی سەیرکردن بۆ زاتی تۆ ئەکەم، وە داوای تامەزرۆیی گەیشتنی تۆ ئەکەم.**

**وە یەکێکی تر لە نزاکانی خۆشەویستی مەزن ﷺ ئەوەیە کە ئەیفەرموو: ((إِذا قَرَّتْ أَعْيُنَ أَهْلِ الدُّنْيا مِنْ دُنْياهُمْ، فَأَقِرْ عَيْنِي بِكَ، وَأَقِرْ عَيْنِي بِلَذائِذِ أُنْسِكَ،**

---

[١٦٦] صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٣٥/ل٥٢٠/ژ٢١٦٦٦). وە نەسائی لە (سنن النسائی)(ژ١٣٠٦) کتاب السهوـ هی ئەبو عبد الرحمن ئەحمەدی کوڕی شوعەیبی کوڕی عەلی خۆڕاسانی نەسائی (و٣٠٣ه). وە حاکم لە (مستدرك حاكم)(ب١/ل٦٩٧/ژ١٩٠٠) ڕیوایەتیان کردووە. دانەر / منیش ئەڵێم: حاکم بە صەحیحی داناوەو زەهەبیش موافقە لەسەری بڕوانە: (مستدرك حاكم مع تلخيص الذهبِي)(ب١/ل٥٢٤) كتاب الدعاء ـ دعاء عمار بن ياسر. مطبعة مجلس دائرة المعارف النظامية. وە ئیمامی ئەلبانیش ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی جەییدە"، بڕوانە: (تخريج مشكاة المصابيح)(ب١/ل٧٦٩/ژ٢٤٩٧) طبعة المكتبة الإسلامي

**وَالشَّوْقَ إِلَى لِقَائِكَ))[١٦٧]، واته: پەروەردگارە، ئەگەر دونیا ویستەکان چاوەکانیان شادو کامەرانە بە دونیاکەیان، ئەوە چاوی منیش شادومان بکە بە خۆت، وە چاوی من شادەمان بکە بە چێژەکانی هۆگری خۆت و تامەزرۆیی دیداری خۆت.**

---

[١٦٧] وەکوو ئەو دەقەی سەرەوە لە سەرچاوەکان نەم دۆزیەوە کە وتەی پێغەمبەری خوا بێ ﷺ، ئەو دەقەی سەرەوە بەتەواوەتی گەورەمان ئەحمەدی ریفاعی لە کتێبەکەی خۆی هێناویەتی وداویەتە پاڵ پێغەمبەری خواﷺ بەبێ ئەوەی سەنەدەکەی باس کردبێ، بڕوانە: (حالة أهل الحقيقة مع الله تعالى)(ل١٦٤) طبعة دار الكتب العلمية. بەڵام پێغەمبەری خواﷺ ئەو نزایەی کردووە: (**اللَّهُمَّ اجْعَلْ حُبَّكَ أَحَبَّ الأَشْيَاءِ إِلَيَّ، وَاجْعَلْ خَوْفَكَ أَخْوَفَ الأَشْيَاءِ إِلَيَّ، وَاقْطَعْ عَنِّي حَاجَاتِ الدُّنْيَا بِالشَّوْقِ إِلَى لِقَائِكَ، وَإِذَا أَقْرَرْتَ أَعْيُنَ أَهْلِ الدُّنْيَا مِنْ دُنْيَاهُمْ فَأَقِرَّ عَيْنِي مِنْ عِبَادَتِكَ**)، واته: پەروەردگارمان وا بکە کەوا خۆشەویستی تۆ خۆشەویسترین شت بێ لە لای من، وە وابکە کەوا ترسی خۆشت بە ترسترین شت بێ لەلای من، وە بەهۆی تامەزرۆیی و تاسەمەندی دیداری خۆت پێویستیەکانی دونیام بپچڕێنە، وە ئەگەر شادومانیت خستە نێو چاوانی دونیا ویستان بۆ دونیاکەیان ئەوە چاوەکانی من شادومان بکە بەهۆی پەرستشەکانی خۆتەوە. ئەم ڕیوایەتە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٨/ل٢٨٢) لە هەیسەمی کوڕی مالیکی طائیەوە کە ئەبو محمدی شامی ئەعمایە. وە دەیلەمی لە (مسند الفردوس)(ژ١٩٦٥) لە عبد الله کوڕی صالحەوە کە هاوەڵایەتی هەبووە ڕیوایەتیان کردووە. وە ئیمامی سەفارینی حەنبەلی ئەفەرمووێ: ئیبن و ئەبی دونیا ڕیوایەتی کردووە، وە فەرموودەیەکی موڕسلەیشە"، بڕوانە: (ثلاثيات مسند الإمام أحمد)(ب١/ل٦٤٢) طبعة المكتب الإسلامي. حافیزی سیوتی داویەتە پاڵ حولەیمی و بە زەعیفیشی داناوە، وە حافیزی غوماریش ئەفەرمووێ: هەیسەمی کوڕی مالیك هاوەڵی پێغەمبەر نیە، وا شایانتر بوو کەوا مەنناوی بیگوتایە فەرموودەیەکی موڕسەلە یاخود موعضەلە، تاوەکوو گومان نەبرێت کە فەرموودەکە گەیەنراوەو هاوەڵە (واتە: سەنەدی فەرموودەکە پچڕانی نیەو هاوەڵی پێغەمبەریشە). ئەلبانیش ئەڵێ: "سەنەدەکەی زەعیف و موعضەلە". بڕوانە: (فيض القدير شرح الجامع الصغير للمناوي)(ب٢/ل١٣٨/ژ١٥١٧) طبعة دار الكتبِي. وە (المداوي لعلل الجامع الصغير وشرح المناوي)(ب٢/ل١٦٧/ژ١٥١٧). (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٦/ل٤٤٨/٢٩٠٣) طبعة مكتبة المعارف. هۆکاری زەعیفیەکەش ئەوەیە هەروەکوو ئەلبانی ئاماژەی پێ کردووە: دەیلەمی لە ئیبراهیمی کوڕی حوسێنەوە ئەویش لە عبد الله کوڕی صاڵحەوە ئەوە لەو کەسەوە کە بۆی باسکراوە (واتە: نەزانراوە کێ بۆی باس کردووە) ئەویش لە پێغەمبەری خواوەﷺ، عبد الله کوڕی صاڵح ئەوە کاتبی ئیمامی لیثە، زەعیفیەکی تێدا هەیە، وە ئیبراهیمی کوڕی حوسەینیش ئەوە ئیبن و دیزیلی کەسائی کە ناسراوە بە دابەی عەففان، ئەمە یەکێکە لە حافیزە ناسراوەکان. وە سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی ئەبو نوعەیمیش ئەو لە ڕێگەی عوببادی خەواصەوە ئەویش لە ئەبو بەکری کوڕی ئەبو مەریەمەوە ئەویش لە هەیسەمی کوڕی مالیکی طائیەوە ئەویش لە خۆشەویست و سەردرامانەوە ڕیوایەتی کردووە. ئەم ڕیوایەتەش زەعیفە یاخود زۆر

بۆیه ئەو کەسەی کە خۆشی ئەوێ ئەڵێ: ((ئەی چاکترین هاودەم و هۆگر، ئەی چاکترین هاوەڵ و دانیشتن، خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کە بە تۆوە تۆی بەسە، خوایە گیان لە خزمەتتدام لە خزمەتتدام ئەی خۆشەویستی دڵەکان، لە خزمەتتدام ئەی دڵخۆشکەری دڵەکان، لە خزمەتتدام لە خزمەتتدام ئەی هیوای دڵەکان، لە خزمەتتدام پەروەردگارم بەتۆوە سوێند بەتۆ ئەخۆم هەرگیز بەتۆوە لە خۆتم دوورمەخەرەوە، وە هەرگیز بەتۆوە لە خۆتم پەردەپۆش مەکە))[١٦٨].

دووەم: هۆگرو هاودەمێتی: ئەمەش زاڵبوونی دڵخۆشیە بۆ نزیکی لە پەروەردگار، وە کورتکردنەوەی بینینەکان لە چاودێری و تەماشاکردنەکانی ـ جل جلاله، ئیتر هەر کەسێك هۆگری خوا بێ ئەوە پێویستی بە دروستکراوانی خوا نابێ، وە دڵپەست ئەبێ بە ئەهلی دونیا، هەروەکوو ئەگوترێ خوای گەورە کرد وەحی بۆ داود (علیه السلام): ئەی داود بە خەڵکی سەر زەوی بڵێ من خۆشەویستم بۆ ئەو کەسە کە منی خۆش ئەوێ، وە دانیشتنم بۆ ئەوکەسەی کەوا بۆ من دائەنیشێ، وە هاودەمم بۆ ئەو کەسەی کەوا هاودەمی یادی منە، وە هاوەڵم بۆ ئەوکەسەی کەوا هاوەڵایەتی من ئەکا، وە هەڵبژێرەرم بۆ ئەو کەسەی کەوا من هەڵئەبژێرێ، وە گوێڕایەڵم بۆ ئەو کەسەی کەوا گوێڕایەڵی من ئەکا، گەر بەندە بە

---

زەعیفە، لەگەڵ ئەوەی هەیسەمی طائی فەرموودەکەی داویەتە پاڵ پێغەمبەری خواﷺ خۆی کەسێکی متمانە پێکراوەو لە شوێنکەوتووانە، وە هەروەها ئەبو بەکری کوڕی ئەبو مەڕیەمی تێدایە کە (فەرموودەکانی لێ تێکەڵ ئەبوو). وە عوببادیش ئەوە ئیبن و عوببادی خەوواصە کە حافیزی عەسقەلانی لەبارەیەوە ئەفەرمووێ: "کەسێکی ڕاستگۆیەو وەهمیش ئەکات، ئیبن و حیببانیش ئەفەرمووێ شایەنە (فەرموودەی) تەرك بکرێت". بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە ئەو لەفزەی کە جەنابی شێخ عەباس هێناویەتی فەرموودە نیە، بەڵکوو ئەوەی ڕاست بێ خودی نزاکە ڕستەی تری بۆ زیاد کراوە، والله اعلم. وەرگێڕ

[١٦٨] بڕوانە: (حالة أهل الحقيقة مع الله)(ل١٤١ ـ ١٤٢) هی گەورەمان ئەحمەد ریفاعی (و٥٧٨ھ). دانەر

یەقینەوە لەدڵیەوە بزانێ کە منی خۆش ئەوێ ئیللا بۆ نەفسی خۆمم قەبوڵ کردووە، وە بە خۆشەویستیەکیش خۆشم ئەوێ کەوا هیچ کەسێ لە دروستکراوەکانم بە پێشی ناکەون، هەرکەسێ بە ڕاستی داوام بکات ئەوە منی دەست ئەکەوێ، وە هەرکەسێکیش داوای غەیری من بکات منی دەست ناکەوێ، ئەی خەڵکی سەر زەوی واز لەو غروریەتان بێنن کە یەخەی ئێوەی گرتووە، وە پەلە بکەن بۆ ڕێزو هاوەڵایەتی و دانیشتنی من، وە هاودەمی من بن هاودەمتان ئەبم و پەلەش ئەکەم بۆ خۆشەویستی ئێوە))[١٦٩].

دەربارەی هۆگرو هاودەمەکانەوە باپیرەمان عەلی کوڕی ئەبو تاڵیی مورتەزا (ڕەزاو سەلامی خوای لەسەر بێ) لەبارەیانەوە ئەفەرمووێ: "ئەمانە کۆمەڵەیەکن بەهۆی فەرمانەوە هێرشیان کردووەتە سەر حەقیقەتی فەرمانەکە هەر بۆیەش تێکلاوی کاکڵەو ڕۆحی یەقین بوونە، نەرم بوونەوە لەکاتێکا وازلێهێنراوەکان بەسەختیان ئەزانی، وە هاودەم بوون بەوەی کە نەزانەکان خۆیان لێ کەنارگیر ئەکردو دڵیان پێی خۆش نەبوو، هاوەڵایەتی دونیایان کرد بە جەستە، ڕۆحەکانیشیان بەشوێنێکی زۆر بەرزا هەڵواسراوە، ئا ئەمانە خەلیفەو جێنشینی خوای گەورەن لەسەر زەویەکەی، وە بانگخوازیشن بۆ دینەکەی".

ئەو کەسەی کە ئەم وتە جوانە ئەفەرمووێ دایکی شیری بۆ خوا پێداوە:

الأُنْسُ بِــاللهِ لا يَحْوِيهِ بَــطَّـــالُ　　وَلَيْسَ يُدْرِكُهُ بِالْحَوْلِ مُحْتَالُ
وَالآنِسُونَ رِجَالٌ كُـــلُّــهُمْ نَجِبٌ　　وَكُلُّهُمْ صَــفْــوَةٌ لِلَّهِ عُمَّالُ[١٧٠]

---

[١٦٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو (ل١١٨). دانەر

[١٧٠] بڕوانە: (إحياء علوم الدين)(ب٤/ل٣٤٠). دانەر

واته: هۆگر بوون بەخوا پووچی و بەتاڵیتی نایگرێتەوە، پەی پێ نابا فێڵکەر بەهۆی فێڵکردنەوە، هاودەمەکان پیاون گشتیان ڕەسەنن، وە هەموشیان هەڵبژێردراون کرێکارن بۆ خوا.

منیش ئەڵێم:

یا رُوحَ رُوحِي مَنْ لِي سِواكَ          شَغَفَ الفُؤادُ بِسِرِّ هَواكا

یا طِبْ قَلبِـي رِضــًا بِقَضَـاكَ          أنت حبِي أملي لقياكا[171]

واتە: ئەی ڕۆحی ڕۆحم کێم هەیە سیوای تۆ، شەیدایە دڵی بەو سیررەی هەوای تۆ، دڵم بۆندار کە بەڕەزای قەزای خۆت، من شەیداتم زۆر هیوامە لیقای تۆ.

سێیەم: نزیکی هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ﴾[172]، واتە: ئەی محمدز هەر کاتێ بەندەکانم دەربارەی من پرسیاریان لێت ئەوە من لێیانەوە نزیکم. وە ئەفەرمووێ: ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ﴾، واتە: ئێمە لە شا دەماری ڕا لەو نزیکترین. وە ئەفەرمووێ: ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَـٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ﴾[173]، واتە: ئێمە نزیکترین لە ئێوە بۆ ئەو بەڵام ئەوەندە هەیە ئێوە ئێمە نابینن. وە هەروەها دەربارەی سیفەتی فریشتەکانیشی ئەفەرمووێ: ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ﴾[174]، واتە:

---

[171] ئەم شیعرە هی خودی جەنابی شێخ عەبباسە، بۆیە پێم خۆش بوو هەر بە دەقی شیعری وەری بگێڕمە سەر کوردی. وەرگێڕ

[172] سورة البقرة آية ١٨٦.

[173] سورة الواقعة آية ٨٥.

[174] سورة الإسراء آية ٥٧.

ئەوانەی ئەو کافرانە بانگیان لێ ئەکەن تا بەهاواریانەوە بێن و فریایان بکەون، کامیان بە خوداپەرستی و لە خودا ترسان لێیەوە نزیکترن، بۆ خۆیان لە هۆیەك ئەگەڕێن پێی نزیك ببنەوە لێی. جا وەسیلە بەمانای: نزیکی دێت، وە هەروەها وتەی ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ﴾ ئیمامی گوسی ئەفەرمووێ: "خوای گەورە باسی نزیکی ئەوانی کردووە لەو کەسەوە، پاشان باسی نزیکی ئەوانی کردووە بە واتای پاڕانەوەو تکاکردنیان بۆ لای خوای گەورە بەهۆی نزیکیەوە کەوا کامەیان نزیکترن لەو"، وە ئەفەرمووێ: "حاڵی نزیکی بۆ بەندە بەدڵی شایەتی ئەداو ئامادەی نزیکی خوا ئەبێ لێیەوە، ئیتر بەهۆی پەرستش و گوێڕایەڵیەکانیەوە لەخوای گەورە نزیك ئەبێتەوە، وە هەموو غەم و پەژارەشی بەردەوام زیکرو یادێتی لە بەردەستی ئەو بە نهێنی و بە ئاشکرا"[١٧٥].

منیش ئەڵێم: ڕووکردنە خوای گەورە بەهۆی پلەو مەقامی ئەوان لای خوای گەورە (واتە: پیاو چاکە وەلیەکانی خوای گەورە کە لە پەروەردگارەوە نزیکن)، وە بەهۆی خۆشەویستی خوای گەورە بۆیان، ئیتر خوای گەورەش تۆی خۆش ئەوێ بەهۆی خۆشەویستی ئەو بۆیان، لەوەوە بە هۆی خوای گەورەوە ئەڕۆیت بۆ لای خوای مەزن، وە ناویشت لە دۆستەکانی ئەو ئەنوسرێت بەهۆی خۆشەویستی ئەو بۆیان، هەر بۆیەش خۆشەویستی ئەو پێشخە بەسەر خۆشەویستی ئێمە، خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ﴾[١٧٦]، واتە: خوای گەورە ئەوانی خۆش ئەوێ و ئەوانیش خوای گەورەیان خۆش ئەوێ.

---

[١٧٥] بڕوانە: (اللمع في تأريخ التصوف الإسلامي)(ل٥٢ ـ ٥٣). دانەر

[١٧٦] سورة الواقعة آية ٥٤.

پەروەردگارمان بەهۆی تۆوە بە هەژاری و خۆشەویستیەوە هاتووینەتە لای تۆ، یا الله الله. خوای گەورە لەبەر ڕێزو حورمەتی خۆی لە کەسەکانی خۆی بمانگێڕێ لە هەردوو دونیا، بەبێ ئازارو مەینەتی ـ پاکی و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی کە جگە لەو خوایەکی تر نیە ـ یا لطیف یا واسع یا علیم، یا الله.

وە ئەشگوترێ: نزیکی، ئەوە لاچوونی هەموو نارەزایکەرێکە، کە بریتیە: لە نەفس و شەیتان و بوونەوەران و دونیا.

## نەفس و شەیتان

سەبارەت بە نەفسیش: ئەوە سەرسەختترینی دوژمنەکانە، بۆیە پێویستە واز لە هەواو گوێڕایەڵی ئارەزووەکانی بهێنیێ، هەروەکوو خوای مەزن ئەفەرمووێ: ﴿أَفَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ﴾[177]، واتە: ئایا کەسێ ئارەزووی نەفسی خۆی بۆ خۆی کردبێ بەخوای خۆی و بەگوێرەی ئەو نەفسەی بجولێتەوە هەروەك بلێی بیپەرستی. وە لە فەرموودەیەکدا هاتووە: (أَبْغَضُ اِلهٍ عُبِدَ فِي الأَرْضِ عِنْدَ اللهِ الهَوَى)[178]. واتە: ڕق لێکراوترین خوایەك لای خوا کە لەسەر زەویا پەرسترابێت ئەوە هەواو ئارەزووە.

---

[177] سورة الفرقان آية ٢٣.

[178] زەعیفە. تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ژ٧٥٠٢) لە ئەبوئومامەوە بە سەنەدێکی زەعیف ڕیوایەتی کردووە. بڕوانە: (المغني حمل الأسفار في الأسفار، في تخريج ما في الإحياء من الأخبار)(ب١/ل٤٣) هی ئەو فەزڵ زەینو ددین عبد الرحيمی کوڕی حوسێنی عێراقی (و٨٠٦ھ). دانەر // منیش ئەڵێم: ئەو فەرموودەی کە لەسەرەوەدا هاتووە بەم لەفزە نەم دۆزیەوە، بەڵام نزیك لەو لەفزە هەروەکوو حافیزی عێراقی هێناویەتی ئەوەیە: (مَا تَحْتَ ظِلِّ السَّمَاءِ مِنْ إِلَهٍ يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللهِ أَعْظَمُ مِنْ عِنْدِ اللهِ مِنْ هَوًى مُتَّبَعٍ). واتە: لەژێر ئاسمانی دونیادا گوناهێك لەوە مەزنتر نیە لای خوا کەوا شوێن هەواو ئارەزوو بکەوێ و بپەرستێ. گوناهەکەی هێندە مەزن بێت لای خوا کەوا لای خوا حافیزی عێراقی ئەفەرمووێ: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووە لە إسماعیلی کوڕی عەییاشەوە ئەویش لە حەسەنی کوڕی دینارەوە، ئەویش لە خەصیبی کوڕی جەحدەرەوە، ئەویش لە راشیدی کوڕی سەعدەوە، ئەویش لە ئەبو ئومامەوە ئەویش بەرزی کردووەتەوە بەو لەفزە، وە ئەبو نوعەیمیش ڕیوایەتی کردووە لە بەقیەوە، ئەویش عیسای کوڕی ابراهیمەوە ئەویش لە ڕاشیدەوە، جا خەصیب و عیسا فەرموودەیان واز لێ هێنراوە". بڕوانە: (إتحاف السادة المتقين بشرح إحياء علوم الدين)(ب١/ل٣٧٩) طبعة دار الكتب العلمية، هی ئەبو فەیزی محمدی کوڕی محمدی حوسێنی مورتەزای زەبیدیە (١٢٠٥ھ). وە هەروەها ئیبن و حەجەری هەیسەمی ئەفەرمووێ: تەبەڕانی لە (كبير) ڕیوایەتی کردووە، جا حەسەنی کوڕی دیناری تێدایە، کە فەرموودەی وازلێ هێنراوە. بڕوانە: (ب١/ل١٨٨) ط. قدسي. ئەو فەرموودە دەیلەمی لە (مسند الفردوس)(ب٤/ل١٠٦/ژ٦٣٣٥). وە ئەبو عاصم لە (السنة لأبي عاصم)(ب١/ل٣٧)، وە ئیبن و عەدی لە (الكامل في الضعفاء)(ب٢/ل٣٠١) طبعة دار الفكر. لە ئەبو ئومامەوە ڕیوایەتیان کردووە. وەرگێڕ

**وە هەروەها گوتراوە: (مَنْ عَرَفَ نَفْسَهُ فَقَدْ عَرَفَ رَبَّهُ)[١٧٩]، واتە: هەر کەسێ نەفسی خۆی بناسێ بێگومان خوای خۆی ناسیوە، واتە: هەرکەسێ بەهۆی پەرستشەکانەوە دەروونی خۆی بناسێ ئەو کاتە بەهۆی خوایەتی خواوە پەروەردگاری خۆی ناسیوە، وە هەرکەسێکیش دەروونی خۆی بە فانی و لەناوچوو بناسێ ئەوە پەروەردگاری خۆی بەمانەوە ناسیوە، وە هەرکەسێکیش دەروونی خۆی بە وشکی و هەڵەکار بناسێ، ئەوکاتە پەروەردگاری بە وەفاو**

[١٧٩] ئەمە فەرموودە نیە: بەڵکوو وتەی گەورە ئەولیای ئەو ئوممەتە یەحیای کوڕی موعازە هەروەکوو سەخاوی وای فەرمووە، وە ئیمامی نەوەویش ئەفەرمووێ: "نەچەسپاوە کەوا فەرموودەی پێغەمبەرﷺ بێت، بڕوانە: (مقاصد الحسنة للحافظ السخاوي)(ل٤٨١/ژ١١٤٧). طبعة دار الكتب العلمية. وە ئیمامی زەڕقانی و ئیبن و حەجەری هەیتەمیش ئەفەرموون:"ئەوە فەرموودە نیە". بڕوانە: (مختصر المقاصد الحسنة للإمام الزرقاني)(ل٢٢١/ژ١٠٥٢) طبعة المكتب الإسلامي. ئیمامی عەجلونی ئەفەرمووێ: "ئیبن و تەیمیە فەرموویەتی: "ئەوە فەرموودەیەکی هەڵبەستراوە"، وە ئیبن ولغەرسیش ئەفەرمووێ: پەرتووکی صۆفیەکان وەکوو شێخ محی الدینی ئیبن و عەرەبی و غەیری ئەویش پڕە لەو وتانە، وە ئەفەرمووێ: شێخمان شێخی حیجازو ئامۆژگاریکەرو ڕوونکەرەوەی کتێبی (الجامع الصغير) هی ئیمامی سیوتی باسی ئەوەی کردووە کەوا شێخ محی الدینی ئیبن و عەرەبی لە حافیزەکان هەژمار ئەکرێ، وە هەندێ لە هاوەڵانیش باسی ئەوەیان کردووە کەوا شێخ محی الدين فەرموویەتی: "ئەم فەرموودەیە ئەگەرچی لە ڕێگای ڕیوایەتەوە صەحیح نیە بەڵام لای ئێمە لە ڕێگای کەشف و(کەرامەتەوە) صەحیحە"، وە حافیزی سیوتیش کتێبی خۆشی لەسەر ئەم فەرموودەیە هەیە ناوی لێناوە (القول الأشبه في حديث من عرف نفسه فقد عرف ربه)، وە نەجمیش ئەفەرمووێ: "لە کتێبی (أدب الدين والدنيا) هی ئیمامی ماوەردی لە عائیشەوە هاتووە کەوا پرسیار لە پێغەمبەری خوا کراﷺ: (من أعرف الناس بربه؟ قال أعرفهم بنفسه)، واتە: کێ لە هەموو کەس زیاتر عاریفترو خواناسترە بەخوای خۆی؟ ئەویش فەرمووی: "کامەیان نەفسی خۆی لە هەموان زیاتر ناسیوە. بڕوانە: (كشف الخفاء ومزيل الإلباس عما اشتهر من الأحاديث على ألسنة الناس)(ب١/ل٢٣٤/ژ٢٥٣٠) طبعة دار الكتب العلمية. سەبارەت بەو ڕیوایەتەی کە لە عائیشەوە هاتووە بەم شێوازەیە نەك بەو شێوازەی کەوا عەجلونی نەقڵی کردووە، وە ڕیوایەتەکەش ئیمامی ماوەردیە بەبێ سەنەد هێناویەتی: (قالت عائشة: يا رسول الله متى يعرف الإنسان ربه؟ فقال: إذا عرف نفسه). جا لێکۆڵەرانی کتێبەکەی ئیمامی ماوەردی ئەفەرمووێ: "ئەمە فەرموودە نیە، بەڵکوو لەفزێکە لە یەحیای کوڕی موعازی ڕازیەوە گێردراوەتەوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) بڕوانە: (قواطع الأدلة)(ب٢/ل٦٠)، وە (المسائل المنثورة)(ل٢٤٨)". بڕوانە: (أدب الدين والدنيا للماوردي بتحقيق الجنة العلمية بمركز دار المنهاج )(ل١٣١) فصل في آداب العالم. خوای گەورەش زاناترە ئایا فەرموودەیە یاننا من نەم دۆزیەوە. وەرگێڕ

بەخشین ناسیوە، وە هەرکەسێکیش دەروونی خۆی بە هەژاریەوە ناسی، ئەوە بۆ خوای گەورە هەڵساوەتەوە بەناچاری لەسەر پێ کانی، وە هەرکەسێکیش دەروونی خۆی بناسێ بۆ گەورەکەی، ئەڵێم: پێداویستیەکانی بۆ لای ئەو ئەبێ، لە پێغەمبەری خواشەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە کەوا فەرموویەتی: (مَنْ عَرَفَ اللهَ قَامَ بِحَقِّهِ)[180]، واتە: هەر کەسێك خوا بناسێ ئەوە بەو حەق و مافانە هەڵئەستێ و ئەدای ئەکات کەوا خوای گەورە لەسەری واجب کردووە.

ـ سەبارەت بە شەیتانیش ـ خوای گەورە پەنامان بدات لێی، لەبەر ئەوەی ئەو بانگی تاقم و دەستەکەی خۆی ئەکات بۆ یاخی بوون لە دونیاو ئاگری دۆزەخیش لە دواڕۆژدا، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿كَمَثَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَٰنِ ٱكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَٰلِدَيْنِ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٧﴾﴾[181]، واتە: میسالی ئەم دووڕووانە لە هاندانی جوولەکەدا کە بە گژ موسڵمانانا بچن وەك میسالی شەیتان وایە کە کەوتە بن کلێشەی ئادەمیزادو پێی وت: کافر ببەو باوەڕت بەخواو پێغەمبەرەکەی نەبێ، جا کە کافر بوو حاشای لێ کردو وتی: من بێ بەریم لە تۆ، من لە خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیەکان ئەترسم. جا سەرەنجامی هەردوولایان ئەوەبوو کە هەردوولا لەناو ئاگری دۆزەخدان و هەمیشە تیایا ئەمێننەوەو، ئەمەیش پاداشی ستەمکارانە. نەفرینی خوای لەسەر بێ بەهۆی برسیەتی

[180] بڕوانە: (حالة أهل الحقيقة مع الله)(ل٤٩ ـ ٥٠) دانەر. منیش ئەڵێم: ئەو وتانەی سەرەوە جگە لە وتەکەی یەحیای کوڕی موعاز نەبێ گشتی هی سەید ئەحمەدی ریفاعیەو جەنابی شێخ عەباس لەوێوە نەقڵی کردووە. ئەو فەرموودەیەشم نەدۆزیەوە. وەرگێڕ

[181] سورة الحشر آية ١٦ ـ ١٧.

و زیکرەوە لەسەری تەنگ کرایەوە، هەرچی برسیەتیە لەبەر وتەی خوای گەورە کە ئەفەرمووێ: ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾[١٨٢]، واتە: بخۆن و بخۆنەوە بەڵام زیادەڕەوی تیا مەکەن، چونکە خوای گەورە کەسە زیادەڕەوەکانی خۆش ناوێ. ئەم ئایەتە مەزنترین پەروەردەیە بۆ دۆستەکانی خۆی ـ جل جلالە، سەبارەت بە خواردن، بۆیە ئەگەر برسی بوویت بخۆ، وە ئەگەر خواردیشت خۆت تێر مەکە، پاشان ناوی خوا لەسەر خواردنەکەت بێنە، وە بەنهێنی موناجاتی پەروەردگارت بکە لەکاتێکا کە نانەکە ئەخۆی، وە بڵێ: (پەروەردگارم ئەمە ڕۆزی تۆیە، منیش بەندەی تۆم، ئەمەت بەمن بەخشی، ئەوە منیش بەهۆی میهرەبانی تۆوە ئەیخۆم، بۆیە با لە ڕەزامەندی تۆو بەرەکەتی یادی تۆ بەکاری بهێنم، پاشان بڵێ: یارمەتیم بدە بەهۆی نیعمەتەکانی خۆت لەسەر ئەوەی حەمدو سوپاسی تۆ بکەم، وە لەو کاتەیا دڵت ئامادەو سەرقاڵ بێ بە خاوەنی نیعمەتەکە (کە پەروەردگاری مەزنە جل جلالە، وە لە کۆتاییشدا شوکرو سوپاسی خوا بکە، بەم شێوازە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەوا خواردن و خواردنەوەی پێدام بەبێ هێزو توانای خۆم، وە پێش ئەمەش صەلاوات لەسەر پێغەمبەری خوا لێ بدە.

"بەڵێ خۆشەویستان": مەنهەج و بەرنامەی ئێمە سەبارەت بە خواردن ئەوە وتەی خوای گەورەیە: (بخۆن و بخۆنەوە بەڵام زیادەڕەوی تیا مەکەن، چونکە خوای گەورە کەسە زیادەڕەوەکانی خۆش ناوێ). بۆیە ئاگادار بن!!!

پێغەمبەری خواﷺ ئەفەرمووێ: (مَا مَلأَ آدَمِيٌّ وِعَاءً شَرًّا مِنْ بَطْنٍ، حَسْبُ الآدَمِيُّ لُقَيْمَاتٌ يُقِمْنَ صُلْبَهُ، فَإِنْ غَلَبَتْ الآدَمِيُّ نَفْسُهُ، فَثُلُثٌ لِلطَّعَامِ، وَثُلُثٌ

[١٨٢] سورة الأعراف آية ٣١.

**لِلشَّرابِ، وَثُلُثٌ لِلنَّفَسِ)[١٨٣]، واته: ئادەمیزاد قاپێکی لەوە خراپتری پڕنەکردووەتەوە بەقەد هێندەی پڕکردنەوەی سك، هەر بۆیەش ئادەمیزاد چەند لوقمەیەك بەسیەتی بۆئەوەی پشتی پێ ڕاگرێ و بەهۆیەوە توانای هەبێت و بووەستێ، جا ئەگەر نەفسی هەر پێداگری کرد لەوەی کەوا زۆر بخواو حەزی لێیەتی ئەوە با سێیەکی بۆ خواردنەکە بێ، وە سێیەکی تری بۆ خواردنەوەکە بێ، وە سێیەکەی تریش با بۆ هەناسەدانی بێ.**

**ـ وە سەبارەت زیکر کردنیش: هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ:** ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ﴾[١٨٤]**، واته: بێگومان ئەوانەی کەوا ئیمانیان هێناوە دڵەکانیان تەنیا بە زیکرو یادی خوا ئارام ساکین ئەبێ. وە پێغەمبەری خواش ئەفەرمووێ: (إِنَّ الشَّيْطَانَ وَاضِعٌ خَطْمَهُ عَلَى قَلْبِ ابْنِ آدَمَ، فَإِنْ ذَكَرَ اللهَ خَنَسَ، وَإِنْ نَسِيَ الْتَقَمَ قَلْبَهُ، فَذلِكَ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ)[١٨٥]، واته: بێگومان شەیتان لووتی خۆی لەسەر دڵی ئادەمیزادەکان**

---

[١٨٣] حەسەن و صەحیحە. ئیبن و ماجە لە (سنن إبن ماجه)(ژ٣٣٤٩). كتاب الأطعمة ـ باب الإقتصاد في الأكل، وكراهية الشبع. دانەر / منیش ئەڵێم: ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٣٨٠). وە نەسائی لە (سنن الكبرى)(ژ٦٧٦٩). وە ئیبن و حیببان لە (صحيح إبن حبان)(ژ٥٢٦٣). وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٤/ل١٣٢). وە حاکم لە (مستدرك حاكم)(ب٤/ل١٢١/ژ٣٣١). لە میقدامی کوڕی مەعدی کەریبەوە ڕیوایەتیان کردووە. ترمذی ئەفەرمووێ: "ئەمە فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە". وە حافیزی ئیبن و حەجەر بە حەسەنی داناوە، بڕوانە: (فتح الباري شرح صحيح البخاري بتحقيق محمد فؤاد)(ب٩/ل٥٢٨) طبعة دار المعرفة سنة ١٣٧٩هـ. وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە بڕوانە: (صحيح الجامع الصغير وزيادته)(ژ٥٦٧٤) طبعة المكتب الإسلامي. وەرگێڕ

[١٨٤] سورة الرعد آية ٢٨.

[١٨٥] زەعیفە. تەبەڕانی لە (الدعاء)(ل٥٢١/ژ١٨٦٢). وە ئەبو یەعلا لە (مسند أبي يعلى الموصلي)(ب٧/ل٢٧٨/ژ٤٣٠١). وە لێرەش ڕیوایەتی کردووە (المقصد العلى في زوائد أبي يعلى الموصلي)(ب٣/ل١١٩/ژ١٢١٣) هی ئەبو حەسەن عەلی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی سلێمانی هەیثەمی

**داناوە، جا ئەگەر بێت و ئەو کەسە زیکرو یادی خوای گەورەی کرد ئەوە دوور ئەکەوێتەوەو لووتی لا ئەدا، وە ئەگەر زیکرو یادی خوای گەورەی لەبیر کرد ئەوکاتە دڵی ئەو کەسە وەکوو لوقمەو پارو قووت ئەدات، جا ئەگەر ئەو حاڵەتەی بەسەرهات ئەوە پێی ئەگوترێ وەسوەسەی خەنناس.**

---

(و٨٠٧هـ). دانەر / منیش ئەڵێم: ئیبن و ئەبی دونیا لە (مكائد الشيطان)(ژ١٣) باب الثاني. وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٦/ل٢٦٨) طبعة دار الفكر. وە ئیبن و شاهین لە (الترغيب لإبن شاهين)(ل١٨٩/ژ١٥٤) طبعة دار إبن الجوزي. وەکوو تەبەڕانی و ئەبو یەعلا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتیان کردووە، وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب٢/ل٧٥/ژ٥٣٦) طبعة مكتبة الرشد. لە ئەنەسەوە ڕیوایەتی کردووە. جا لێکۆڵەری کتێبەکەی بەیهەقی دکتۆر عبد العلي عبد الحميد حامد ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی زەعیفە". وە لێکۆڵەری کتێبەکەی تەبەڕانی دکتۆر محمد سەعید ئەفەرمووێ: "سەنەدی فەرموودەکە زەعیفە لەبەر ئەوەی زیادی کوڕی عبد الله نومەیری تێدایە کە زەعیفە". وە حافیزی ئیبن و حەجەریش ئەفەرمووێ: "پیاوێکی زەعیفە". بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ل٣٤٧/ژ٢٠٩٨). وە ئیبن و حیببانیش متمانەی پێداوە بەڵام ئەوەندە هەیە ئەفەرمووێ: "هەڵە ئەکا، وە یەکێك بووە لە عابیدەکان (واتە: بەندە خواناس و خواپەرستەکان)". بڕوانە: (تقريب الثقات)(ل٤٨٤/ژ٤٨٧٠). زەهەبیش ئەفەرمووێ: "زەعیفە، وە هەندێکیش متمانەیان پێداوە". بڕوانە: (الكاشف في معرفة من له رواية في الكتب الستة)(ب١/ل٤١١/ژ١٦٩٨). وە ئیبن و شاهینیش ئەفەرمووێ: "یەحیای کوڕی مەعین فەرموویەتی: هیچ خراپەیەکی پێوە نیە". بڕوانە: (تأريخ أسماء الثقات لإبن شاهين)(ل٩٢/ژ٣٩٦). طبعة دار السلفية. وە ئیبن و ئەبی حاتەمیش لە ئەبو حاتەمی باوکیەوە نەقڵ ئەکات کەوا فەرموویەتی: "زیادی نومەیری فەرموودەی ئەنوسرێتەوە بەڵام ناکرێتە بەڵگە"، وە یەحیای کوڕی مەعینیش زیادی بە زەعیف داناوە. بڕوانە: (ب٣/ل٥٣٦/ژ٢٤١٩) طبعة دار المعارف العثمانية. وە حافیزی میززیش گشت وتەی زاناکانی لەبارەیەوە هێناوە بۆ زیاتر شارەزابوون لەو پیاوە بڕوانە: (تهذيب الكمال للحافظ المزي)(ب٩/ل٤٩٢/ژ٢٠٥٥) طبعة مؤسسة الرسالة. ئیمامی سیوتی و مەنناوی و حافیزی ئیبن و حەجەری هەیثەمی بە زەعیفیان داناوە، هەتا هەیثەمی ئەفەرمووێ: "ئەبو یەعلا ڕیوایەتی کردووەو ئەبو عومارەی تێدایە زەعیفە". واتە: ئەو باسی زیادی نومەیری ناکات، بڕوانە: (فيض القدير شرح الجامع الصغير)(ب٢/ل٣٥٤/ژ٢٠٣١) طبعة دار المعرفة. (مجمع الزوائد)(ب٧/ل١٤٩) طبعة قدسی. وە ئەلبانیش بە زەعیفی داناوە، بڕوانە: (ضعيف الجامع)(ژ١٤٨٠). وە (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٣/ل٥٤٧/ژ١٣٦٧). وە ئیمامی ترمذی یەك فەرموودەی لە زیادی نومەیریەوە ڕیوایەت کردووە لە (سنن الترمذي)(ژ٣١٩) لەوێش سەنەدەکەی زەعیفە، حوکمی فەرموودەکە: زۆرینەی زاناکان ئەو پیاوەیان بە زەعیف داناوە، وە بەپێی ڕای کەمینەش فەرموودەکە حەسەنە والله أعلم. هەروەها ئەم فەرموودەیە شاهێدیشی هەیە هەروەکوو ئیمامی سیوتی لە خاوەنی کتێبی (الذم الوسوسة لإبن أبي داود) هێناویەتی: (بڕوانە: (تفسير الدر المنثور للإمام السيوطي)(ب١٥/ل٨٠٥) طبعة مركز هجر. وەرگێڕ

**وه هەروەها گێڕدراوەتەوە: (هەر کاتێ زیکرو یادی خوا لە دڵدا تەواو و پێگەیی، ئەوکاتە شەیتان گەشکە ئەگرێ و تووشی صەرع ئەبێ، ئیتر هاوەڵە جنۆکەکانیشی ئەڵێن: ئەوە مرۆڤێك دەستی لە جنێك وەشاندووە). خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ إِذَا مَسَّهُمۡ طَٰٓئِفٞ مِّنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبۡصِرُونَ﴾[186]، واتە: بێگومان ئەوانەی لە خوا ئەترسن و خۆیان لە گوناهـ دوور ئەخەنەوە ئەگەر خەتەرەیەك یاخود دەستێك لە شەیتانەوە لێیان بداو غافڵیان بکا گورج بیر ئەکەنەوە لە گەورەیی و زانایی خوداو ئەبینی گورج چاویان بینایەو دڵیان زانایەو ڕۆحیان ئاشنایە. وە ئیبن و عەبباسیش ئەفەرمووێ: (مَا مِنْ مُؤْمِنٍ إِلاَّ عَلَى قَلْبِهِ شَيْطَانٌ إِذا ذَكَرَ اللهَ خَنَسَ، وَإِذا نَسِيَ اللهَ وَسْوَسَ)[187]، واتە: هیچ ئیماندارێ نیە ئیللا لەسەر دڵی شەیتانێك هەیە، جا هەرکاتێ زیکرو یادی خوای گەورەی کرد ئەوە دوور ئەکەوێتەوە، وە هەرکاتێکیش خوای گەورەی لە بیر کرد ئەوە دووچاری وەسوەسەو ختووکەی ئەکات. ئیتر برسیەتی و زیکری ڕوون کردووەتەوە، وە بە ئیمامی واسیگیش گوترا: کامە خۆراك بەتام و چێژترە؟ فەرمووی: پاروویەکە کە لە زیکرو یادی خوا، بە دەستێکی یەقینەوە**

---

[186] سورة الأعراف آية ٢٠١.

[187] بڕوانە: (حالة أهل الحقيقة). دانەر / منیش ئەڵێم: ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف إبن أبی شيبه)(ب٧/ل١٥٠/ژ٣٤٧٦٣) طبعة دار الكتب العلمية. بەو شێوازە بە وەستاوی لە ئیبن و عەبباسەوە ڕیوایەتی کردووە: (**الشيطان جاثم على قلب إبن آدم، فإذا سها وغفل وسوس، وإذا ذكر الله خنس**). وە ضیائی مەقدیسی لە ئیبن و عەباسەوە بەو شێوازە ڕیوایەتی کردووە: (**يولد الإنسان والشيطان جاثم على قلبه، فإذا عقل وذكر الله خنس، وإذا غفل وسوس**)، جا لێکۆڵەری کتێبەکەی أستاذ دکتۆر عبد الملك کوڕی دوهێش ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی صەحیحە" بڕوانە: (الأحاديث المختارة)(ب١٠/ل٣٦٧/ژ٣٩٣) طبعة دار خضر. وە حاکم لە (مستدرك حاكم)(ب٢/٦٣٦/ژ٤٠٤٩) طبعة دار الحرمين. بەو شێوازە لە ئیبن و عەبباسەوە ڕیوایەتی کردووە: (**ما من مولود إلا على قلبه الوسواس، فإن ذكر الله خنس، وإن غفل وسوس**) حاکم ئەفەرمووێ: "ئەمە فەرموودەیەکی صەحیحە لەسەر شەرتی شەیخەین". وەرگێڕ

بەرزئەكرێتەوە، لە خوانێكی هەتایی، لەگەڵ گومانی چاك بردنیش بە خوای گەورە.

## مەشغەڵەتی دونیاو تێکەڵاوبوونی خەڵك

وە سەبارەت بە خەڵکیش: بێگومان تێکەڵاوی کردنیان بە زۆری سەر ئەکێشێ بۆ غەیبەت کردن و دووربوون لە نزیکی پەروەردگار، وە زیادەڕۆیی کردن لە خۆشەویستی کەس و کارو منداڵ و هاوەڵان و دۆستان و شتومەکی ناوماڵ و خانوو، هەتا گریان لەبەر خۆشی دەنگی باڵندەکان و خۆشی نەسیمی دارەکان، ئیتر بە ئەندازەی هاودەمێتی و نزیکی بۆ لای غەیری خوای گەورە ـ ئەوە دوور ئەکەوێتەوە لە هاودەمی و نزیکی مەولاکەی، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلۡبَنِينَ وَٱلۡقَنَٰطِيرِ ٱلۡمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلۡفِضَّةِ وَٱلۡخَيۡلِ ٱلۡمُسَوَّمَةِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ وَٱلۡحَرۡثِۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ﴾[١٨٨]، واتە: ئارەزووەکانی نەفس جوان کراوە بۆ خەڵکی کەوا حەز بە ئافرەتی جوان و کچ و کوڕی زۆرو کۆمەڵە ئاڵتوون و زیوی یەك لەسەر یەك و زۆرو بەندە. وە هەروەها وەك ئەسپی نیشانەدارو دیاری کراوو وشترو مەڕو بزن و کشتوکاڵ، ئەمانە گشتی خۆشی و ڕابواردنی دونیان. بۆیە هەموو ئەو شتانە با لەناو دەست بێ نەك لەناو دڵ، ئەمە لە بەخششەکانی خوای گەورەیە بەسەرتۆوە، جا شوکرانە بژێری نیعمەتەکانی ئەوە، هەموو ئەو شتانە سەرقاڵی ناکەن لە هاودەمی و خۆشەویستی و پەرستش و شوکرانەبژێری ئەو تا ئەگاتە مەقامی نزیکی و خۆشەویستی ئەو، لەبەر وتەی خوای گەورە ﴿قُلۡ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيۡرٖ مِّن ذَٰلِكُمۡۚ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَأَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞ

[١٨٨] سورة آل عمران آية ١٤.

وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ﴾[189]، واته: ئەی پێغەمبەرﷺ پێیان بڵێ: ئایا خەبەرتان بدەمێ بە نیعمەتەكانی چاكتر لەمانە كە باسمان كردن؟ بۆ ئەوانەی خۆیان لە گوناهـ ئەپارێزن و لە خودای خۆیان ئەترسن چەند باخێكی زۆرو جوان و ڕازاوەی وەها هەیە كە چەند جۆگای پاك و خاوێن بە نێوانیاندا ئەڕوا. ئەو لە خوداترسانە لەو باغ و لالەزارانەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە لەگەڵ ژنی پاك و خاوێن، بێگە ئەوەی كە نیعمەتی هەرە گەورەی ڕەزامەندیی خوایان هەیە. خودا بینایەو ئاگای لە بەندەكانی خۆی و لە كردارەكانیان هەیە. وە ئەفەرمووێ: ﴿وَأَمَّا مَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ ۝ فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ۝﴾[190]، واته: هەركەسێ لەگەورەیی خوای خۆی ترسابێ و ڕێی لە نەفسی خۆی گرتبێ لە شوێنكەوتنی ئارەزووبازی، ئەوە بەهەشت شوێن و جێگایەتی. واتە: ئەوكەسەی كە ترسی وەستانی بەردەم پەروەردگاری هەیە لە ڕۆژی دواییدا، بۆیە ئەو ترسە كاریگەری لەسەر دڵی ئەبێ، لەوەوە ڕێگری لە نەفسی خۆی ئەكات لەو هەواو ئارەزووەی كە هەیەتی و هۆكارە لە كۆت و بەندكردنی لە گوێڕایەڵی خوای مەزن، ئیتر هەواو ئارەزووەكەی شوێنكەوتەی ئەوە ئەبێ كە پێغەمبەر پێی هاتووە، بۆیە كەسی تێكۆشەریش لە دژی هەواو ئارەزووەكانی نەفسی ئەوە دوو بەهەشتی بۆ هەیە، بەهەشتێكیان لە دونیا، بەهۆی خۆشەویستی و مەعریفەتەوە، وە لە دواڕۆژیشدا بەهەشت و بینینە.

بزانە: هەركەسێ هاوەڵی زۆر بووبێ بۆ غەیری خوای گەورە ئەوە دوژمنی دڵی زۆر بووە، وە هەركەسێكیش خۆشەویستانی زۆر بووبێ بۆ خوای گەورە ئەوە

---

[189] سورة آل عمران آية ١٥.

[190] سورة النازعات آية ٤٠ ـ ٤١.

تکاکاری زۆر بووە لەبەر وتەی خوای گەورە ﴿ٱلۡأَخِلَّآءُ يَوۡمَئِذِۭ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلۡمُتَّقِينَ﴾[191]، دۆست و برادەران لەو ڕۆژەدا هەندێکیان دوژمنی هەندێکیانن چونکە تێئەگەن کە ئەوان بوون بەهۆی گومڕا بوونیان، تەنها دۆست و برادەرانی وا نەبێ لە دونیادا لە خواترس و بووبن ئەوانە هەر لەسەر دۆستایەتی خۆیان ئەمێننەوە. وە ئەفەرمووێ: ﴿فَمَا لَنَا مِن شَٰفِعِينَ ۝١٠٠ وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ ۝١٠١﴾[192]، واتە: جا ئێستاکە هیچ تکاکارێکمان نیە کەوا تکامان بۆ بکاو لەم حاڵە ڕزگارمان بکات، وە هیچ دۆستێکی گەرم و ڕاستەقینەشمان نیە. وە لەبەر وتەی پێغەمبەری تکاکار کە ئەفەرمووێ: (إِسْتَكْثِرُوا مِنَ الإِخْوَانِ، فَإِنَّ لِكُلِّ مُؤْمِنٍ شَفَاعَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[193]. واتە: دۆست و برادەرتان با زۆر بێ و هەوڵدەن زۆری کەن، چونکە بۆ هەموو ئیماندارێك تکاکەرێك هەیە لە ڕۆژی دواییدا. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (أَكْثِرُوا مِنَ الْمَعَارِفِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ، فَإِنَّ لِكُلِّ مُؤْمِنٍ شَفَاعَةً عِنْدَ اللهِ

---

[191] سورة الزخرف آية ٦٧.

[192] سورة الشعراء آية ١٠٠ ـ ١٠١.

[193] زەعیفە. (كنز العمال في سنن الأقوال والأفعال)(ب٩/ل٤) هی عەلائە ددین عەلی کوڕی حوسامە ددینی موتتەقی هیندی بورهان فۆری (و٩٧٥هـ). دانەر / منیش ئەڵێم: لەبارەی ئەو فەرموودەیەوە موتتەقی هیندی ئەفەرمووێ: "ئیبن و نەججار لە (تاريخ) لە ئەنەسەوە ڕیوایەتی کردووە. وە ئیمامی سیوتیش داویەتە پاڵ ئیبن و نەججار، وە بە زەعیفیشی داناوە، وە مەنناویش موافیقە لەسەر بە زەعیف دانانەکەی. بڕوانە: (فيض القدير)(ب١/ل٥٠٠/ژ١٠٠١). وە حافیزی ئیبن و عەساکیر بە وەستاوی لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە ئەم فەرموودەیە ڕیوایەت ئەکات کە وەهب ئەفەرمووێ: (**إستكثر من الإخوان ما استطعت، فإنك إنستغنيت عنهم لم يضروك، وإن احتجت إليهم نفعوك**)، واتە: بەپێی توانا هەوڵدە دۆست و برادەرانت زۆر بکەی، چونکە گەر پێویستیشت پێیان نەبێ زەرەرو زیانت پێ ناگەیێنن، وە ئەگەر پێویستیش پێیان بێ ئەوە سوودت پێ ئەگەیێنن. بڕوانە: (تأريخ مدينة دمشق للحافظ إبن عساكر الشافعي)(ب٦٣/ل٣٩٠) طبعة دار الفكر. وەرگێڕ

يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[١٩٤]، واته: هەوڵدەن با خەڵكی زیاتر بناسن لە ئیمانداران، چونكە بۆ هەموو ئیماندارێك تكاكەرێك هەیە لای خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی. وە لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە: (أكثروا من الإخوة، فإن لكل أخ شفاعة يوم القيامة)[١٩٥]، براو دۆستان با زۆر بێ و زۆری بكەن، چونكە بۆ هەموو برایەك تكاكەرێك هەیە لە ڕۆژی دوایی.

---

[١٩٤] هەڵبەستراوە. شێرەوەیهی كوڕی شەهرەداری كوڕی شێرەوەیهی كوڕی فەناخەسرەوی ئەبو شوجاع دەیلەمی هەمەذانی (و٥٠٩هـ) لە (مسند الفردوس بمأثور الخطاب)(ب١/ل٨١) ڕیوایەتی كردووە. وە (كنز العمال)(ب٩/ل٤). دانەر / منیش ئەڵێم: حافیزی غوماری ئەفەرمووێ: "ئەو فەرمووودەیە حاكم لە (تأريخ النيسابور) لە ئەنەسەوە ڕیوایەتی كردووە بەو جۆرە: (أخبرنا أبو حامد أحمد بن الحسين الهمذاني ببخارى ثنا داود بن نصر المروزي ثنا محمد بن عقدة أخبرنا أحمد بن خالد بن حماد ثنا أصرم بن حوشب ثنا إسحاق بن الجعد عن أنس: ..... فەرمووودەكە) جا غوماری ئەفەرمووێ: "ئەصرەمی كوڕی حەوشەب درۆزنە، وە ناوی شەیخەكەشیم تەحقیق نەكردووە، پاشان وا گومان نابەم كەوا بە یەكێك لە هاوەڵانی ئەنەس گەیشتبێ، جا فەرمووودەكە باتڵ و هەڵبەستراوە". بڕوانە: (المداوي لعلل الجامع الصغير)(ب١/ل٥٤٢/ژ١٠٠١) طبعة دار الكتبي. وەرگێڕ

[١٩٥] دانەر هیچ شتێكی لەسەر ئەم ڕیوایەتە نەنووسیوە. منیش ئەڵێم: بەو شێوازە هیچ فەرمووودەیەكم نەدۆزیەوە تەنها ئەم دەقە نەبێ كە شێخ فادانی مەككی بە سەنەدێكی زنجیرەی یەك بەدوای یەك تا ئەگاتە ئەنەسی كوڕی مالیك ئەویش لە پێغەمبەرەوەﷺ (جا لە نێوان شێخ فادانی و پێغەمبەری خواﷺ ٢٩ پیاو لە سەنەدەكە هەیە) كە ئەمە فەرمووودەی (مسلسل) مەشهوورە لای زاناكان، ئەنەس ئەفەرمووێ: (قال أنس: لقيت النبي، فسألني عن إسمي وكنيتي ونسبي وبلدي وأين أنزل؟ فأخبرته بذلك، وقال: يا أنس أكثر من الأصدقاء، فإنكم شفعاء بعضكم بعضا) جا ئیبن و طیب ئەفەرمووێ: "ئیمامی كەتتانی حافیزی سیلەفی غەیری ئەمانەش لە موسەلسەلاتەخوازەكان ڕیوایەتیان كردووە، وە دەیلەمیش بە دوای یەك لە موسنەدەكەی خۆی ڕیوایەتی كردووە، وە ڕێگایەكی تریشی هەیە لە لای كەتتانی بەبێ تەسەلسول لە ڕێگای ئەصڕەمی كوڕی حەوشەبەوە ئەویش لە ئیسحاقی كوڕی جەعدەوە ئەویش لە ئەنەسەوە ئەویش بەرزی كردووەتەوە، (إستكثروا من الإخوان فإن لكل مؤمن شفاعة)، پوختەی وتە ئەوەیە مەتنەكەی شاهێدانێكی هەیە، وە تەسەلسولبونەكەشی خاڵی نابێ لە جێگای تێڕامان وەكوو تەسەلسولەكانی تر(مەبەستی ئەوەیە فەرمووودەی تەسەلسول جێگای تێڕامانە لای حافیزو فەرمووودەناسەكان)". بڕوانە: (العجالة في الأحاديث المسلسلة)(ل٨٧). هی ئەبو فەیز علم الدين محمد یاسینی كوڕی محمد عیسای فادانی مەككی (و١٤١٠هـ)، طبعة دار البصائر. وەرگێڕ

ـ وە سەبارەت بە دونیاش، بێگومان دابڕان لێی و، ڕێگری کردن لە کۆسپ و تەگەرەکانی، وە دەرکردنی خۆشەویستی غەیری خوای گەورە لە دڵ ئەوە پێویستە بۆ نزیکی لە پەروەردگار، چونکە دڵ وەکوو دەفرو قاپ وایە کە جێگای سرکە یاخود هەوا نابێتەوە مادەم خاڵی نەبۆتەوە لە ئاو، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ ﴿مَّا جَعَلَ ٱللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلۡبَيۡنِ فِي جَوۡفِهِۦ﴾[١٩٦]، واتە: خوای گەورە دوو دڵی لەناو هەناوی هیچ پیاوێکا دانەناوە. وە کەماڵی خۆشەویستی میراتگر بۆ نزیك بوونەوە ئەوەیە خوای گەورەی خۆشبووێ بە هەموو دڵیەوە، وە مادەم لابکاتەوەو پشت تێ بکا بۆ لای غەیری خۆشەویستی ئەو، ئەوە گۆشەیەکی دڵی سەرقاڵە بە غەیری ئەو، ئیتر بە ئەندازەی سەرقاڵ بوونی بە غەیری خوای گەورە ئەوە دوور ئەکەوێتەوە لە نزیکی پەروەردگاری، وە بە ئەندازەی مانەوەی ئاوەکە لە ناو دەفرەکە ئەوە لە سرکەکە یاخود هەواکە کەم ئەکات[١٩٧]، بۆیە ئەو وتەی خوای گەورە ئاماژە بەو بە تاکگرتن و خۆداماڵینە ئەکات ﴿قُلِ ٱللَّهُۖ ثُمَّ ذَرۡهُمۡ فِي خَوۡضِهِمۡ يَلۡعَبُونَ﴾[١٩٨]، واتە: ئەی پێغەمبەر بڵێ: الله، پاشان واز لەو بێ باوەڕانە بێنە با لەناو بیروباوەڕە پووچەکان و نەفس و هەواو ئارەزووی خۆیان یاری بکەن. وە پێغەمبەری خواش ئەفەرمووێ: (أَلا إِنَّ الدُّنْيَا مَلْعُونَةٌ مَلْعُونٌ مَا فِيهَا، إِلا ذِكْرَ اللَّهِ

---

[١٩٦] سورة الأحزاب آية ٤.

[١٩٧] مەبەستی جەنابی شێخ لەو سرکەو هەواو ئاوە ئەوەیە: بۆ نموونە قاپێك نیوەی ئاو بێ وە هەندێك سرکەش کە پێی ئەگوترێ: خەل تێ بکرێتە نێو ئاوەکە، وە قاپەکەش با ئەوەندە جێگای هەواشی تێدا ماوەتەوە، ئیتر گەر قاپەکە پڕ ئاوەکە بای ئەوەندە جێگای سرکەو هەواکە نە ئەبوویەوە، ئاوەکە ئیخلاص و خۆشەویستی و ئیمانە، وە سرکەو هەواکەش نەفس و شەیتان و هەواو ئارەزووی بێ سنووری ئینسانە، کاتێ کە مرۆڤ دڵی خاوێن ئەکاتەوە لەو دەردو بەڵایانە ئەوە دڵێکی صاف و بێ خەوشی بۆ خوا صوڵحاوی ئەبێ، والله أعلم. بۆیە با بیرکەینەوە. وەرگێڕ

[١٩٨] سورة الأنعام آية ٩١.

**وَمَا وَالاهُ، وَعَالِمٌ أَوْ مُتَعَلِّمٌ)[١٩٩]، وە هەروەها ئەفەرمووێ: (فَوَاللَّهِ لَا الْفَقْرَ أَخْشَى عَلَيْكُمْ وَلَكِنْ أَخشَى عَلَيْكُمْ أَنْ تُبْسَطَ عَلَيْكُمُ الدُّنْيَا كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ فَتَنَافَسُوهَا كَمَا تَنَافَسُوهَا وَتُهْلِكَكُمْ كَمَا أَهْلَكَتْهُمْ)[٢٠٠]، واتە: سوێند بەخوا لە هەژاری ئێوە ناترسم، بەڵکوو لەوە ئەترسم دونیا بەسەرتانە بکرێتەوە لە خۆشی و ڕابواردنەکانی نێویەوە، ئیتر ئێوەش کێ بکڕکێ و موونافەسە بکەن و لەناوتان ببات هەروەکوو گەلەکانی پێش ئێوە کە موونافەسەیان ئەکرد لە ناویانی برد. وە هەروەها ئەفەرمووێ: (مَوْضِعُ سَوْطٍ فِي الْجَنَّةِ خَيْرٌ مِنْ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا وَلَغَدْوَةٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوْ رَوْحَةٌ خَيْرٌ مِنْ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا)[٢٠١]، واتە: شوێنی قامچیەك لە بەهەشتدا**

---

[١٩٩] حەسەنە. ترمذی لە (سنن الترمذی)(ژ٢٣٢٢) کتاب الزهد. وە ئیبن و ماجە لە (سنن إبن ماجة)(ژ٤١١٢) باب مثل الدنيا. لە ئەبوو هوڕەیڕەوە بە مەڕفووعی ڕیوایەتیان کردووە. دانەر / منیش ئەڵێم: غەیری ئەم دووانەش ڕیوایەتیان کردووە، وە ترمذی ئەفەرمووێ: "فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە". ئەلبانیش موافیقە لەسەر وتەکانی ترمذی و ئەفەرمووێ: "حەسەنە هەروەکوو گوتوویەتی یاخود لە (حەسەنیەت) نزیکە، وە مونذیریش دانی پیا ناوە لە (الترغيب والترهيب)(ب١ل٥٦)، کەوا پیاوەکانی گشتی متمانە پێکراو و ناسراون، جگە لە عەطائی کوڕی قرە نەبێ کە ئیبن و حیببان متمانەی پێداوە لە (أتباع التابعين)(ب٧/ل٢٥٢)، بەڵام (حافیزی ئیبن و حەجەر) لە (التهذيب) باسی کردووە کەوا کۆمەڵێکی متمانە پێکراو ڕیوایەتیان لێوە کردووە، لەوانە: ئەوزاعی و سەوری، وەك بڵێی لەبەر هەندێش لە (التقريب) فەرموویێتی: "ڕاستگۆیەو هەڵە ئەکات". بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٦/ل٧٠٣/ژ٢٧٩٧). وە حافیزی سیوتی مەنناوی و غوماریش بە حەسەنیان داناوە، بڕوانە: (فيض القدير)(ب٣/ل٥٤٩/٤٢٨١). وە (المداوي لعلل الجامع الصغير)(ب٤/ل٤١/ژ٤٢٨١). وەرگێڕ

[٢٠٠] صحیحە. بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٣١٥٨). كتاب الجزية ـ باب الجزية والموادعة مع أهل العرب. وە موسلیم لە (صحيح المسسلم)(ژ٢٩٦١) كتاب الزهد والرقائق. دانەر / منیش ئەڵێم: هەر دووکیان لە عەمری کوڕی عەوفی ئەنساریەوە ڕیوایەتیان کردووە. وەرگێڕ

[٢٠١] صحیحە. بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٦٤١٥). كتاب الرقائق ـ باب مثل الدنيا في الآخرة. وە موسلیم لە (صحيح المسسلم)(ژ١٨٨٠) كتاب الإمارة ـ باب فضل الغدوة والروحة في سبيل الله. دانەر / منیش ئەڵێم: بوخاری لە سەهلی کوڕی سەعدی ساعدیەوە، وە موسلیمیش لە ئەنەس و سەهلەوە ڕیوایەتیان کردووە، وە لەفزەکەی سەرەوەش هی بوخاریە. وە هەوەها ئیمامی نەوەوی ئەفەرمووێ: "(الغَدوة): ئەوە ڕۆیشتنە لە سەرەتای بەیانی تا کاتێ خۆر لائەدا (واتە: تاپێش نیوەڕۆ کە زەوال ئەبێ). وە (الرَّوْحَةُ): ئەوە

**چاكتره له دونیاو لەوەی كه تیایەتی، وه ڕۆیشتنێك له كاتی بەیانی یاخود لەكاتی ئێواره له پێناو خوای گەوره چاكتره له دونیاو لەوەش كه تیایەتی.**[202]

**ـ چوارەم شت له شوێنەوارەكانی خۆشەویستی و بەروبوومەكەی: پەیوەندی كردنه، ئەمەش چاودێری كردن و بینینه: خوای گەوره ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُۥ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى ٱلسَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ﴾**[203]**، واته: بەڕاستی لەم بابەتانەدا كه له قوڕئاندا باسەكانمان هێنا مایەی بیر لێ كردنەوەو پەندوەرگرتن هەیه بۆ كەسێ كەوا دڵێكی فامیدەی هەبێ یا گوێ شل كاو ئامۆژگاری وەربگرێ و زەینی لای خۆی بێ له شت بگا. واته ك دڵی ئاماده بێ به خوای گەوره، خوای گەوره ئەفەرمووێ: ﴿وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ﴾**[204]**، واته: سوێند بەو كەسەی كەوا له ئەحواڵی هەموو عالەم ئاگاداره كه خوایەو بەوشته سەیرو عەجایبانەی لەو ڕۆژەدا ئەبینرێن، یا سوێند به پێغەمبەرو ئوممەتەكەی یا به پێغەمبەران و ئوممەتەكەیان**[205]**. جا**

---

لەكاتی لادانیەوه (واته لەنیوەڕۆوه) دەست پێ ئەكات تا كۆتایی ڕۆژەكه (واته: تاخۆر ئاوابوون).بڕوانه: (صحيح المسلم بشرح النووي)(ل١٢١٠/ژ١٨٨٠) طبعة بيت الأفكار الدولية. وەرگێڕ

[202] ئیمامی طیبی له ئیمامی توربەشتیەوه نەقڵی كردووه كەوا ئەفەرمووێ: "بێگومان باسكردنی قامچی لێرەدا بۆیه تایبەتكراوه كەوا كەسی سوارچاك عادەتی وایه ئەگەر ویستی له شوێنێك دابەزێ ئەوه یەكەمجار قامچیەكەی دەستی دائەنێ، پێش ئەوەی زانیاری بداته هیچ كەسێ سەبارەت بەو شوێنه تاوەكوو هیچ كەسێك پێشی نەكەوێ". بڕوانه: (شرح مشكاة المصابيح للعلامة الطيبي)(ب١٠/ل٢٥٠/ژ٥٦١٣) طبعة دار الكتب العلمية. وەرگێڕ

[203] سورة ق آية ٣٧.

[204] سورة البروج آية ٣.

[205] یەكێك له حیكمەتەكانی جەنابی شێخ عەباس له هێنانەوەی ئەو ئایەته لەو مەقامه ئەوەیە: ئەو كەسەی كەوا دڵی بەردەوام ئامادەو حازر بێ و غافڵ نەبێ بەخوای گەوره ئەوكاته له دەلاقەی دڵیەوه تیشكی نوور پڕشنگ ئەدات، تاوەكوو بەهێزی ئەو تیشكەوه هێزی بینین و موشاهەدەی گەردوون و ئەحواڵەكان و ناو و سیفەتەكانی خوای گەوره لەو كەسەدا دێته بوون. بۆ زیاتر شارەزابوون بۆ ئەو باسه ئەوه بگەڕێوه كتێبی (ژیانەوەی دڵی ئیمانداران) كه یەكێكه له دانراوەكانمان. وەرگێڕ

**یەکێك لە ماناکانی: ئەبو بەکری واسیطی ئەفەرمووێ: "الشاهد ئەوە پەروەردگارە، وە مەشهودیش گەردوونە، نەبوونی کردبوون پاشان بەدیهێنان". وە ئەبو سەعیدی خەڕڕازیش ئەفەرمووێ: "هەرکەسێ بەدڵێ ئامادەو شاهێد بێ ئەوە جگە لەو لێی دوورئەکەونەوە، هەموو شتێ بەرەو نەمان و ونبوون ئەڕوا لە کاتی وجوودی مەزنێتی خوای مەزندا، هیچ شتێك نامێنێتەوە جگە لە خوای گەورە نەبێ جل جلاله وعم فضله ونواله". وە پرسیاریش لە ئیمام محمدی کوڕی واسیعیان کرد، ئایا پەروەردگارت ناسیوە؟ ئەوەبوو بۆ سەعاتێك بێ دەنگ بوو پاشان فەرمووی: هەرکەسێ خوای گەورە بناسێ گوفتاری کەم ئەبێ، وە سەرسامیەکەشی بەردەوام ئەبێ هەتاوەکوو فەنا ئەبێ لە شکڵ و شوێوەی کردەوەکان، وە سەرسام ئەبێ لەگەڵ پەیوەندی کردنا، نزیکە لە گشت حاڵەتەکان، خۆی دابڕاندووە لە حاڵەوە بۆ سەرپەرشتیکەری حاڵ چونکە کاروبارەکان بەندە بە حەقیقەتەکانیانەوە نەك بەهۆی هەست و وێنەکانیان. ئەو کەسەی کە ئەم وتە جوانە ئەفەرمووێ دایکی شیری بۆ خوا پێداوە:-**

**إنـي أبتليت بـأربعٍ مـاسلـطـوا ...إلا لشدة شقـوتـي وعنـائي**
**إبليس والدنيـــا ونفسي والهوى...كيف النجاة وكلهم أعدائي**

**وأرى الهوى تدعو إليه خواطري...في ظلـمـة الـشـهـوات والآراءِ[٢٠٦]**

---

[٢٠٦] ناوی شاعیرەکەم نەدۆزیەوە، بەس ئیمامی غەزالی بەسەرهاتێکی هێناوە ئیتر ڕاستەوخۆ لە دوای چیرۆکەکە یەکسەر ئەو سێ بەیتە شیعرەی هێناوە، جا ڕەنگە هەر ئەوکەسە خاوەنی ئەو بەیتە شیعرە بێ، لە ئەبو حەسەنی ڕازیەوە ئەگێڕنەوە کەوا باوکی خۆی بینی لەخەوا دوای دوو ساڵان لەدوای وەفاتی، دوو جلی لە ئاگری لەبەرا بوو، ئەویش پێی گوت: باوکە ئەوە چیە جلی دۆزەخیانەت لەبەرا ئەبینم؟ فەرمووی: کوڕەکەم نەفسم پەلکێشی کردم بۆ ئاگر، بۆیە ئاگاداری فێلەکانی نەفست بە! ئینجا شیعرەکەی هێناوە. بڕوانە: (مكاشفة القلوب للإمام حجة الإسلام أبي حامد الغزالي)(ل٢٠) طبعة دار الكتب العلمية. وەرگێڕ

**واته: گرفتاری چوار شتم زاڵ نەبوون بەسەرما، مەگەر لەبەر زۆری بەدبەختی و ماندووبوونما، ئەوە ئیبلیسەو ئەوەش دونیاو نەفس و هەوا، چۆن کۆتایی دێ گشتیان ژەهرو دوژمنما، ئەبینم ئەندێشەکانم بانگی هەوا کەن، لە نێو تاریکی ئارەزوو و بۆچوونەکانما.**

**ـ پێنجەمین: خۆشەویستی خوای گەورە بۆ بەندە، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾[٢٠٧]، جا هەروەکوو چۆن خوای گەورە بە زاتی پیرۆزی خۆی ئەوانی خۆش ئەوێ، ئەوانیش زاتی خوای گەورەیان خۆش ئەوێ، خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ﴾[٢٠٨]، واتە: بێگومان خوای گەورە تەوبەکاران و پاکەکانی خۆش ئەوێ. وە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە گێڕدراوەتەوە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە کەوا فەرموویەتی: (التَّائِبُ مِنَ الذَّنْبِ كَمَنْ لاَ ذَنْبَ لَهُ، وَإِذا أَحَبَّ اللهُ عَبْدًا لَمْ يَضُرُّهُ ذَنْبٌ)[٢٠٩] ثُمَّ تَلا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ﴾[٢١٠]، واتە: کەسی تەوبەکار کە تەوبە لە گوناهەکە ئەکات وەکوو ئەوە وایە کە هیچ گوناهێکی نەبێ، وە ئەگەر خوای گەورەش بەندەیەکی خۆش**

---

[٢٠٧] سورة المائدة آية ٥٤.

[٢٠٨] سورة البقرة آية ٢٢٢.

[٢٠٩] حەسەنە. دەیلەمی لە (مسند الفردوس)(ب٢/ل٧٧/ژ٢٤٣٢) طبعة دار الكتب العلمية، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتی کردووە. ئیمامی سیوطی ئەفەرمووێ: "ئیمامی قوشەیری لە کتێبی (الرسالة القشيرية) وە ئیبن و نەججار لە (تأريخ إبن النجار) لە ئەنەسەوە ڕیوایەتیان کردووە، فەرموودەیەکی حەسەنە"، وە ئیمامی مەنناویش موافیقە لەسەر بە حەسەن دانانەکەی. بڕوانە: (فيض القدير)(ب٣/ل٢٧٦/ژ٣٣٦٨). ئیبن و ئەبی دونیاش وتەی (وَإِذا أَحَبَّ اللهُ عَبْدًا لَمْ يَضُرُّهُ ذَنْبٌ) داوەتە پاڵ شەعبی، بڕوانە: (منهاج المخلصين شرح كتاب اليقين للحافظ إبن أبي الدنيا)(ل٤٩) طبعة دار الكتب العلمية. وەرگێڕ

[٢١٠] لە ڕیوایەتەکە ئەو زیادەیەی تێدا نیە: **ثُمَّ تَلا** ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ﴾. وەرگێڕ

ویست ئەوە هیچ گوناهو تاوانێك زیانی پێ ناگەیێنێ[٢١١]، پاشان ئایەتەکەی خوێندەوە: خوای گەورە تەوبەکارانی خۆش ئەوێ. "مانای وایە ئەگەر کەسێکی خۆش ویست ئەوە لە پێش مردنی تەوبەی بە قیسمەت ئەبێ و تەوبە ئەکات لە گوناهەکانی، ئەویش لێی خۆش ئەبێ، لەوەوە هیچ گوناهێکی ڕابووردووی زیانی پێ ناگەیێنێ ئەگەرچی گەلێکیش زۆربن، هەروەکوو چۆن کوفری ڕابووردووی کەسێ زیان بەو کەسە ناگەیێنێ لە دوای ئیسلامەتیەکەی"[٢١٢].

وە مەرجی خۆشەویستی خوای گەورەش لێخۆشبوونی گوناهو تاوانە، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾[٢١٣]، واتە: ئەی پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە بەڕاستی خوای گەورەتان خۆش ئەوێ ئەوە شوێن ڕێبازەکەی من بکەون، جا ئەگەر ئەوەتان کرد ئەوە خوای گەورەش ئێوەی خۆش ئەوێ، وە هەم لە تاوانەکانیشتان ئەبووری، چونکە بەڕاستی خوای گەورە زاتێکە

[٢١١] ئیمامی مەنناوی ئەفەرمووێ: "لەبەرئەوەی تەوبەکار خۆشەویستی خوایە، چونکە خوای گەورە خۆشەویستی خۆی سزا نادات، بەڵکوو لێی خۆش ئەبێ و دایئەپۆشی و لێی ئەبووری، وە لەبەرئەوەش چونکە کەسی خۆشەویست خۆشەویستی خۆی دائەپۆشێ، جا ئەگەر شتێکی لێ وەدەرکەوت ئەوە لێی خۆش ئەبێ، وە کاتێ بەندەیەکی خۆش ویست ئەگەر ئەو بەندە تاوان بکات ئەوە دایئەپۆشێ، ئەمە وەکوو ئەوە وایە کە هیچ تاوانێکی نەکردبێ، چونکە گوناهو تاوان بەندە پیس ئەکات، وە گەڕانەوەش بۆلای خوای گەورە ئەوە پاکی ئەکاتەوە ئەویش بە تەوبەکردن، جا کاتێ گەڕایەوە بۆلای ئیتر لەو نزیك بووەتەوە، ئا بەو شێوازە ڕوونکردنەوەکەی بۆم دەرکەوتووە". بڕوانە: (فیض القدیر)(ب٣/ل٢٧٦/ژ٣٣٦٨). وەرگێڕ

[٢١٢] بڕوانە: (إحیاء علوم الدین)(ب٤/ل٣٢٧) دانەر. منیش ئەڵێم: "وتەکەی کۆتایی (مانای وایە ئەگەر کەسێکی خۆشویست ئەوە....) هی حوججەتولئیسلام (امامی غەزالیە)، جا شێخ عەباسیش هەم فەرموودەکەو هەم وتەکەی ئەوی نەقڵ کردووە، بەبێ ئەوەی تەخریجی فەرموودەکەو ئاماژەی بە وتەکەی غەزالی کردبێ". وەرگێڕ

[٢١٣] سورة آل عمران آیة ٣١. تێبینی: ئەو وتەیەش هی غەزالیە لە هەمان سەرچاوەی پێشوو هاتووە. وەرگێڕ

زۆر لێبوردەو میهرەبانە. جا بۆ بەدەستهێنانی ئەمانە: بەهۆی خۆشەویستی و گوێڕایەڵیەوە ئەبێ، وە هیچ یەکێکیان لەوی تر دانەبڕێت، بۆیە "خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا (٨٣) جار باسی خۆشەویستی کردووە، وە (٨٣) جاریش باسی گوێڕایەڵی کردووە ". بیرکەنەوە!

ئیمامی غەزالی (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) ئەفەرمووێ: "لە بەرووبوومەکانی خۆشەویستی ـ گوێڕایەڵیە، ئەگەر کەسێك کەسێی خۆش بووێ ئەوە گوێڕایەڵی ئەکات، بۆیە تەصەوڕی خۆشەویستیەك ناکرێت لەگەڵ سەرپێچی کردنا، وە لە نیشانەکانی خۆشەویستی خوای گەورە پێش خستنی فەرمانەکانیەتی بەسەر هەواو نەفسدا، وە خۆپارێزی بەهۆی وەرع و تەقواوە، وە پاراستنی سنووری شەرع، وە ڕازی بوون بە قەزاو قەدەر. پێغەمبەری خوا ئەفەرمووێ: (إِنَّ اللَّهَ قَسَمَ بَيْنَكُمْ أَخْلَاقَكُمْ، كَمَا قَسَمَ بَيْنَكُمْ أَرْزَاقَكُمْ، وَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُعْطِي الدُّنْيَا مَنْ يُحِبُّ وَمَنْ لَا يُحِبُّ، وَلَا يُعْطِي الدِّينَ إِلَّا لِمَنْ أَحَبَّ، فَمَنْ أَعْطَاهُ اللَّهُ الدِّينَ، فَقَدْ أَحَبَّهُ)[٢١٤]، واتە:

---

[٢١٤] صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٣/ل٥٣٩/ژ٣٦٧٢). وە حاكم لە (مستدرك حاكم)(ب١/ل٨٨/ژ٩٩) ڕیوایەتیان کردووە، وە حاكم ئەفەرمووێ: "فەرموودەیەکی صەحیحە". دانەر / منیش ئەڵێم: زەهەبیش موافیقە لەسەر قسەکانی حاكم، وە لەفزەکەش هی ئەحمەدە. بڕوانە: (تلخيص الذهبِي على مستدرك حاكم)(ب١/ل٣٣). وە بوخاری لە (أدب المفرد)(ل١٠١/ژ٢٧٥) باب حسن الخلق. وە تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ب٩/ل٢٢٩/ژ٨٩٩٠). وە لە کتێبی (الدعاء للطبراني)(ل٢٧٤/ژ٩٧) لە عوبەیدی کوڕی لیپەوە. وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب١/ل٤٢٥/ژ٦٠٧). وە دەیلەمی لە (مسند الفردوس)(ب١/ل١٥٠/ژ٥٤٥) لە ئیبن و مەسعودەوە ڕیوایەتیان کردووە. وە ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێ: "تەبەڕانی بە وەستاوی (لە ئیبن و مەسعودەوە) ڕیوایەتی کردووە، پیاوەکانیشی پیاوانێکی صەحیحن". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠/ل٩٠). وە داڕە قوطنی ئەفەرمووێ: "ئەوەی صەحیح بێ ئەوە مەوقووفە) بڕوانە: (علل الدارقطني)(ب٥/ل٢٦٩/ژ٨٧٢). وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوەو ئەفەرمووێ: "لەو تەخریجاتانە دەرئەکەوێ ئەوەی صەحیحتر بێ بۆ سەنەدی ئەو فەرموودەیە کەوا مەوقوفە، بەڵام ناشاردرێتەوە لە حوکمی مەرفوع دایە...." بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٦/ل٤٨٢/ژ٢٧١٤). وە (صحيح أدب المفرد بتحقيق الشيخ الألباني)(ب١/ل١١٩/ژ٢٠٩) طبعة مكتبة الدليل.

بێگومان خوای گەورە ڕەوشتی لە نێو ئەوەدا دابەش کردووە، هەروەکوو چۆن ڕیزق و ڕۆزی لە ناوتان دابەش کردووە، وە خوای گەورە دونیا ئەداتە کەسێ کە خۆشی ئەوێ و کە خۆشی ناوێ، بەڵام دینەکەی خۆی ناداتە کەسێك ئیللا خۆشەویستی خۆی نەبێ، جا هەرکەسێك خوای گەورە دینی پێ بدا ئەوە خۆشی ئەوێ. وە هەروەها ئەفەرمووێ: (فَمَنْ تَوَاضَعَ لِلَّهِ رَفَعَهُ اللَّهُ، وَمَنْ تَكَبَّرَ وَضَعَهُ اللَّهُ، وَمَنِ اقْتَصَدَ أَغْنَاهُ اللَّهُ، وَمَنْ أَكْثَرَ ذِكْرَ الْمَوْتِ أَحَبَّهُ اللَّهُ)[٢١٥]، هەرکەسێ خۆی

---

تێبینی: مەوقوف: واتە: (وەستێنراو)، ڕیوایەتێکە چ وتە بێ یاخود کردەوە بێ یاخود وێنەی ئەوەش بە گەیاندن یاخود بە بچڕاوی لە هاوەڵێکەوە ئەگێردرێتەوە، وە لە غەیری ئەوانەش بە موقەییەدی بەکارئەهێنرێ، کە ئەگوترێ: فلان کەس وەستاندوویەتە سەر زوهری وە وێنەی ئەوەش، وە لای شەرعناسەکانی خۆراسان ناوی مەوقوف بە ئەسەر ئەگوترێ، وە مەرفوعیش بە خەبەر ئەگوترێ، وە لای فەرموودەناسەکانیش بەهەموو ئەوانە ئەگوترێ: ئەسەر.

مەرفوع: بەرزکراو، وتەی هاوەڵێکە (بۆ نموونە) ئێمە ئەمان گوت یاخود ئەوەمان ئەکرد، ئەگەر بێت و نەدرێتە پاڵ زەمانی پێغەمبەرﷺ ئەمە مەوقوفە، وە ئەگەر درایە پاڵ زەمانی پێغەمبەر ئەوەی صەحیح بێ ئەوە پێی ئەگوترێ: مەرفوع. ئەم دوو پێناسەیە ئیمامی نەوەوی فەرموویەتی، بڕوانە: (تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي)(ب١/ل٩٣) طبعة دار أحياء تراث العربي. وەرگێڕ

[٢١٥] زەعیفە. تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ب٥/ل١٣٩/ژ٤٨٩٤) ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی متمانە پێکراون. دانەر/ منیش ئەڵێم: فەرموودەیەکی مەرفووعە لە عائیشەوە ڕیوایەتی کردووە. ئیبن وحەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێ: "تەبەڕانی لە (أوسط) ڕیوایەتی کردووە، نوعەیمی کوڕی موەڕریعی عەنبەری تێدایە ئیبن و حیببان متمانەی پێداوە، وە لە یەکێك زیاتر بە زەعیفیان داناوە. وە باقی پیاوەکانی تریشی متمانە پێکراون". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠/ل٣٢٥). ئیبن و حیببان لەگەڵ ئەوەی لە کتێبی (متمانە پێکراوەکان) ناوی نوعەیمی هێناوە بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەفەرمووێ: "نوعەیمی عەنبەری شەیخە"، بڕوانە: (تقريب الثقات)(ل١٢٣٢/ژ١٤٦١٨). وە ئەم فەرموودەیە ئەبێتە شاهێد بۆ ڕیوایەتەکەی سەرەوە، فەرموودەکە درێژە تەنها ئەو بەشە ئەهێنین کە شایەتە لەسەر بابەتەکەی ئێمە (**حدثنا عمران بن هارون البصري، وكان شيخا مستورا، وكان عنده هذا الحديث وحده، وكان ينزل ناحية الخريبة، وكان الناس ينتابونه في هذا الحديث يسمعونه عنه قال: نا عبد الله بن محمد القرشي قال: نا محمد بن طلحة بن يحيى بن طلحة، عن أبيه، عن جده، عن طلحة بن عبيد الله قال: ........ مَنِ اقْتَصَدَ أَغْنَاهُ اللهُ، وَمَنْ بَذَرَ أَفْقَرَهُ اللهُ، وَمَنْ تَوَاضَعَ رَفَعَهُ اللهُ، وَمَنْ تَجَبَّرَ قَصَمَهُ الله**). واتە: هەرکەسێ لە ڕووی ماڵ و سامانەوە ئیقتیصادو دەست و پێوەندگربێ ئەوە خوای گەورە بێ ئیحتیاجی ئەکات و پێویستی بەکەس نەبێ، وە هەرکەسێ

بەکەم بگرێ لەبەر خوا ئەوە خوای گەورە بەرزی ئەکاتەوە، وە هەرکەسێکیش خۆی بەگەورە بگرێ ئەوە خوای گەورە دایئەبەزێنێ و نزمی ئەکاتەوە، وە هەرکەسێکیش لە ڕووی ماڵ و سامانەوە ئیقتیصادو دەست و پێوەندگربێ ئەوە خوای گەورە بێ ئیحتیاجی ئەکات و پێویستی بەکەس نەبێ، وە هەرکەسێکیش زۆر یادی مردن بکات ئەوە خوای گەورە خۆشی ئەوێ.

---

زیادەڕەوی و ئیسرافی بکات ئەوە خوای گەورە هەژاری ئەکات، وە هەرکەسێك خۆی بەکەم بگرێ ئەوە خوای گەورە بەرزی ئەکاتەوە، وە هەرکەسێکیش خۆی بەگەورە بزانێ ئەوە خوای گەورە تێکی ئەشکێنێ و لووتی بەعەرزا ئەدا. بەززار لە (مسند البزار)(ب٣/ل١٦٠/ژ٩٤٦) طبعة مكتبة العلوم والحكم. لە طەڵحەی کوڕی عبيد الله ڕیوایەتی کردووە. بەززار ئەفەرمووێ: "ئەم فەرموودەیە نازانین کەوا لە پێغەمبەری خواوەﷺ ڕیوایەت کرابێ تەنها لەو ڕێگایەوە نەبێ بەو سەنەدەوە، وە گوێشمان لێ نەبووە تەنیا لە عیمڕانی کوڕی هاڕوونەوە نەبێ. هەیثەمیش ئەفەرمووێ: "بەززار ڕیوایەتی کردووەو دوو لەو پیاوانەی کە تیایدایە ئەیانناسم". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠/ل٢٥٣). وەرگێڕ

**تاقیکردنەوە**

وەهبی کوڕی مونەببیهە ئەفەرمووێ: "ئێمە لە کتێبی دابەزیوی خوای گەورە ئەوە ئەبینین کەوا بەندە نیەت پاك و موخلیسەکان ئەگەر ڕێگای ناخۆشی و بەڵاو نەهامەتی بگرنەبەر ئەوە دڵخۆش ئەبن و موژدەش ئەدەن، وە ئەڵێن: ئێستاکە پەروەردگارمان پەیمانمان پێ ئەدا، وە لە فەرموودەدا هاتووە: (إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ قَوْمًا ابْتَلاهُمْ ، فَمَنْ صَبَرَ فَلَهُ الصَّبْرُ ، وَمَنْ جَزِعَ فَلَهُ الْجَزَعُ)[٢١٦]، واتە: کاتێ خوای گەورە کۆمەڵێکی خۆش بووێ ئەوە گیرۆدەی بەڵاو نەهامەتیان ئەکات، ئیتر ئەوەی ئارام بگرێ ئەوە بۆ خۆی چاکەو پاداشت وەرئەگرێتەوەو هەم حاڵەتی دەروونیشی ئاسایی ئەبێ بۆیە ئارام گرتنەکەی بۆخۆیەتی و با منەت بەسەر کەسەوە نەکات، وە ئەوەش ئارام نەگرێ ئەوە دووچاری دوودڵی و نەخۆشیە دەروونیەکانی تر ئەبێتەوەو بۆیە ئارام نەگرتنەکەی بۆخۆیەتی کەس بەرپرس نیە لەوەیا. هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾[٢١٧]، واتە: بێگومان خوای گەورە پاداشتی ئارامگرەکان لە ڕۆژی دواییدا بەبێ هەژمار ئەدا. وە دیسانەوە ئەفەرمووێ: ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾[٢١٨]، واتە:

---

[٢١٦] صەحیحە. ئیمامی لە (مسند أحمد)(ب٣٩/ل٤١/ژ٢٣٦٣٢) ڕیوایەتی کردووە، وە شوعەیب ئەڕنائووت ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی باشە". دانەر / منیش ئەڵێم: بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب٧/ل١٤٥/ژ٩٧٨٤) وەکوو ئەحمەد لە محمودی کوڕی لە بیدەوە ڕیوایەتیان کردووە. وە حافیزی مونژیری ئەفەرمووێ: "ئەحمەد ڕیوایەتی کردووەو ڕاویەکانیشی متمانە پێکراون، وە محمودی کوڕی لەبید پێغەمبەری خوای بینیوەﷺ، بەڵام ڕاجیایی لە گوێ بیستوونی هەیە". وە هەیپەمیش ئەفەرمووێ: "پیاوەکانی متمانە پێکراون". وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە. بڕوانە: (صحيح الترغيب والترهيب)(ب٣/ل٣٣١/ژ٣٤٠٦). طبعة مكتبة المعارف. (مجمع الزوائد)(ب٢/ل٢٩١). وەرگێڕ

[٢١٧] سورة الزمر آية ١٠.

[٢١٨] سورة آل عمران أية ١٤٦.

**خوای گەورە ئارامگرانی خۆش ئەوێ. وە پێغەمبەری خواش ئەفەرمووێ: (مَثَلُ الْمُؤْمِنِ كَمَثَلِ الزَّرْعِ لا تَزَالُ الرِّيحُ تُمِيلُهُ، وَلا يَزَالُ الْمُؤْمِنُ يُصِيبُهُ الْبَلاءُ، وَمَثَلُ الْمُنَافِقِ كَمَثَلِ شَجَرَةِ الأَرْزِ لا تَهْتَزُّ حَتَّى تَسْتَحْصِدَ)[٢١٩]، واتە: نموونەی ئیماندار وەکوو چاندنی کشتوکاڵ و ڕووەك وایە، چونکە بەردەوام با ئەیجولێنیتەوە، بۆیە کەسی ئیمانداریش بەردەوام بەڵاو موسیبەت تووشی ئەبێ، وە نموونەی کەسی مونافیقیش وەکوو داری ئەرزە[٢٢٠] وایە کە ناجووڵێ و گۆڕانکاری بەسەرا نایەت هەتاوەکوو دەرئەهێنرێ و لێ ئەکرێتەوە. وە لە ڕیوایەتی تردا هاتووە: (مَثَلُ الْمُؤْمِنِ كَمَثَلِ الخَامَةِ مِنَ الزَّرْعِ، مِنْ حَيْثُ أَتَتْهَا الرِّيحُ كَفَأَتْهَا، فَإِذَا اعْتَدَلَتْ تَكَفَّأُ بِالْبَلاَءِ، وَالفَاجِرُ كَالأَرْزَةِ، صَمَّاءَ مُعْتَدِلَةً، حَتَّى يَقْصِمَهَا اللَّهُ إِذَا شَاءَ)[٢٢١]، واتە: نموونەی ئیماندار وەکوو قامیش و قەدێکی نەرمی ڕووەك وایە لە چاندنا، ئیتر لە هەر لایەکەوە بای بەرکەوێ مەیلان ئەکات، جا کاتێ ڕاست ئەبێتەوەو دێتە شوێنی خۆی ئەوە دووبارە نەهامەتی باکەی بەسەرا دێت و مەیلانی پێ ئەکات، وە کەسی گوناهباری مونافیقیش وەکوو داری ئەرزە وایە کە لە شوێنی خۆی لەنگەری**

[٢١٩] صەحیحە. بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٥٦٤٤) كتاب المرضي ـ باب ما جاء في كفارة المرض. وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٨٠٩) صفة القيامة والجنة والنار ـ باب مثل المؤمن كالزرع، ومثل الكافر كشجر الأرز، ڕیوایەتیان کردووە. دانەر / منیش ئەڵێم: بوخاری و موسلیم لە ئەبو هورەیرەو کەعبی کوڕی مالیکی ئەنسارییەوە ڕیوایەتیان کردووەو لەفزەکەش هی موسلیمە. وەرگێڕ

[٢٢٠] ئیمامی مونذیری ئەفەرمووێ: "زمانەوانان ئەفەرموون ئەمە دارێکی ناسراوە، وە پێی ئەگوترێ: ئەرزەن بە داری سنۆبەر ئەچێ، وە لە شام و ولاَتی ئەرمەنایە، وە ئەشگوترێ: ئەوە داری سنۆبەرە". بڕوانە: (السراج الوهاج في كشف مطالب مسلم بن الحجاج للحافظ المنذري)(ب١/ل٨٩/ژ٢٨) طبعة دار الكتب العلمية. وەرگێڕ

[٢٢١] صەحیحە. بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٥٦٤٤) كتاب المرضي ـ باب ما جاء في كفارة المرض. وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب١٢/ل٣٠٥/ژ١٥٧٠٩) ڕیوایەتیان کردووە. دانەر / منیش ئەڵێم: موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٨١٠) لە کەعبی کوڕی مالیکەوە، وە بوخاریش لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووەو لەفزەکەش هی بوخارییە. وەرگێڕ

گرتووەو ڕێکەو ناجوڵێ، هەتاوەکوو ئەو کاتەی خوای گەورە ویستی لەسەر شکانی ئەبێ.

خۆشەویستانم ئەوە بزانن: کەوا ئەوەی بەسەر گەورەمان حوسێن هات لە ڕۆژی عاشورا ئەوە گەواهیدانێکە لەسەر ڕاستگۆیی خۆشەویستیەکەی، وە بۆ بەرزبوونەوەی پلەو پایەیەتی لە لای خوای گەورە، وە گەیشتنێتی بە پلەکانی خانەوادە پاك و چاکەکانی، کاتێ ئەو کارەساتە مەترسیدارە بە یادمان دادێ و ئەیخوێنینەوە ئەوە پەندو ئامۆژگاری وەرئەگرین لە ئارام گرتن و جیهاد کردنیان لە پێناو خوای گەورەدا، وامان لێ ئەکات بگەڕێینەوە بۆ گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی خوای گەورە، ئەوەی کە ئەڵێ: ﴿ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ﴾[222]، یەکێك لە سیفەتی ئیماندارە ڕاستەقینەکان ئەوەیە کەوا ئەگەر دووچاری بەڵاو ناخۆشیەك بن ئەوە ئەڵێن: ئێمە هەر هی خوای گەورەینەو هەر بۆ لای ئەویش ئەگەڕێینەوە. "جا نیشانەی ڕازیبوونی خوای گەورە ڕازیبوونە بە قەدەری خوای گەورە"، یەکێك لە خواناسەکان پیاوێکی بینی بە دارێك لە بەندەکەی خۆی ئەدا، بەندەکەش بەڕووی پیاوەکەوە پێ ئەکەنی، بۆیە پێی گوترا: ها گەورەکەت بە قامچی لێت ئەدات و تۆش پێ ئەکەنی؟ ئەویش فەرمووی: لەبەر تام و چێژی خۆشەویستیەکەی هەست بە ئازاری لێدان ناکەم[223]، ئەی ئەبێ حاڵی گوێڕایەڵی کەران و خۆشەویستان چۆن بێ لەگەڵ خۆشەویست و ڕازو نیازیان،

---

[222] سورة البقرة آية ١٥٦.

[223] بڕوانە: (حالة أهل الحقيقة مع الله)(ل١٣٦). دانەر

**بێژەر خوایە جل جلالە: ﴿فَرَوۡحٌ وَرَيۡحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ﴾[٢٢٤]، فسبحان اللطيف الواسع العليم.**

---

[٢٢٤] سورة الواقعة آية ٨٩. ئیمامی سەعلەبی ئەفەرمووویٚ: "فَرَوْحٌ، قەتادەو حەسەن و یەعقوب بە (فَرُوحٌ) بە زەممەی ڕاء خوێندوویانەتەوە، بەو مانایەی کەوا ڕووحی (ئەو ئیمانداره) لە ناو ڕێحانا دەرئەچێ. ئەمە حەسەن فەرموویەتی. وە قەتادەش ئەفەرمووێ: (رَوْحٌ) ڕەحمەتە، وە ئەشگوترێ: مانای وایە ژیان و مانەوەیان بۆ هەیە، وە باسی ئەوەی کردووە کەوا ئەوە خوێندنەوەی پێغەمبەرە. وە دوو ڕیوایەتیشی هێناوە بەسەنەدەوە ئێمە سەنەدەکانی لائەبەین لەبەر قەبارەی کتێبەکە، لە عائیشەوە ڕیوایەتکراوە کەوا پێغەمبەری خوا ئەو پیتەی بە (فَرُوحٌ وَرَيْحَانٌ) ڕائەکەی بە زەممە ئەخوێندەوە. وە ڕیوایەتەکەی تریش هەر لە عائیشەوە ڕیوایەتکراوە کەوا ئەفەرمووێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو بە (فَرُوحٌ وَرَيْحَانٌ) ئەیخوێندەوە. وە باقی ئەوانی تر ڕائەکە بە فەتحە ئەخوێننەوە (فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ). وە ڕاجیایش لە مانای (رَوْحٌ) هەیە، ئیبن و عەباس و موجاهید ئەفەرموون: ئەوە حەوانەوەیە، سەعیدی کوڕی جوبەیریش ئەفەرمووێ: دڵخۆشیە، چەححاکیش ئەفەرمووێ: لێخۆشبوون و ڕەحمەتە. وە (رَيْحَانٌ) ئیبن و عەباس ئەفەرمووێ: ئارامگەو شوێنی حەوانەوەیە، موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەفەرموون: ڕۆزیە، موقاتیلیش ئەفەرمووێ: بە زمانی حیمیەری ئەگوترێ: دەرچووم و داوای ڕێحانی خوای گەورە ئەکەم واتە ڕۆزیەکەی. وە ڕەبیعی کوڕی خەیپەم و ئیبن و زەید ئەفەرموون: (فَرَوْحٌ) لە کاتی مردنە، وە (رَيْحَانٌ) بۆی ئەشاردرێتەوە لە دواڕۆژدا. وە ئەوانی تر فەرموویانە: ئەوە ڕێحانی ناسراوە ئەوەی کەوا بۆن ئەکرێ. وە ئەبو لعالیەش ئەفەرمووێ: هیچ یەکێك لە کەسە نزیکخراوەکان لە دونیا دەرناچێ هەتاوەکوو پەلی ڕێحانی لە بەهەشتەوە بۆ ئەهێنن ئەویش بۆنی ئەکاو پاشان ڕووحی دەرئەچێ. ئەبو بەکری وەڕڕاق ئەفەرمووێ: (رَوْحٌ) ڕزگاربوونە لە سزای دۆزەخ، وە (رَيْحَانٌ) چوونە خانووی ئارامگاو جێگیرە (واتە: بەهەشت). ترمذیش ئەفەرمووێ: (رَوْحٌ) حەسانەوەیە لە گۆڕدا، وە (رَيْحَانٌ) چوونە بەهەشتە. بەسسامی کوڕی عبد الله ئەفەرمووێ: (رَوْحٌ) سەلامەتیە، وە (رَيْحَانٌ) کەڕامەت و ڕێزلێنانە. وە ئەشگوترێ: (رَوْحٌ) حەسانەوەیە، وە (رَيْحَانٌ) ڕزگاربوونە لە بەلاّ. وە ئەشگوترێ: (رَوْحٌ) مردنە بە شەهیدیەوە، وە (رَيْحَانٌ) سەداو دەنگی خۆشبەختیە. وە ئەشگوترێ: (رَوْحٌ) ڕزگاربوونە لە ناخۆشیەکان، وە (رَيْحَانٌ) لێخۆشبوونی گوناهەکانە. وە ئەشگوترێ: (رَوْحٌ) مانەوەیە لەسەر ئیمان، وە (رَيْحَانٌ) بە دەستهێنانی ئەمن و ئەمانە. وە ئەشگوترێ: (رَوْحٌ) سووك و ئاسانی حیسابە، وە (رَيْحَانٌ) چەندانەکردنی پاداشتە. وە ئەشگوترێ: (رَوْحٌ) لێخۆشبوونە بەبێ سەرزەنشکردن، وە (رَيْحَانٌ) ڕۆزیەکە بەبێ حیساب. وە ئەگوترێ: (فَرَوْحٌ) لە بۆ پێشکەوتووەکانە، وە (رَيْحَانٌ) بۆ دەست و پێوەندگرەکانە، (وَجَنَّةُ نَعِيم) بۆ داواکەرەکانە. وە ئەشگوترێ: (رَوْحٌ) لە بۆ ڕووحەکانیانە، وە (رَيْحَانٌ) لە بۆ دڵەکانیانە، (وَجَنَّةُ نَعِيم) لە بۆ لاشەکانیانە، وە خوای حەقیش بۆ نهێنیەکانیانە. بڕوانە: (تفسير الثعلبي)(ب٩/ل٢٢٤) طبعة دار إحياء التراث العربي. وەرگێڕ

به هەندێکیان گوترا: ئەوە بۆ خۆشەویستەکان وەکوو وڕو گێژەکان وان؟ فەرمووی: لەبەرئەوەی شیرینی خۆشەویستیەکەیانی چەشتوون، وە گوێبیستی دەنگە سەراسیمەکانی چاکەی بانگهێشتی بوونە، هەتا وای لێ کردن بە عەقڵ و دڵەکانیان هەڵفڕن بۆ لای، وە بوونە سەرسوڕهێن بەهۆیەوە، "دوورە خۆشەویستی لە کوێیە؟ وە هەرەباشەکەی خۆشەویستی لە کوێیە؟ وە حەقیقەتەکانی خۆشەویستی لە کوێیە؟ وە ئەوەی شایەنی خۆشەویستیە لە کوێیە"؟

إنَّ المُحبَّ نهارُهُ مستوحشٌ ..... بين العبادِ يسيرُ كالمُتفردِ

فالعينُ منهُ قريرةٌ بحبيبِهِ ..... يرجوا لقاءَ الواحدِ المتوحدِ

يا حُسنَ موكبهم إذا ما أقبلوا ..... نحو الإلهِ مع النبي محمدِ

واته:

ئەویندار ڕۆژەکەی دڵتەنگ و جیایە[225]

لە نێو بەندەکان ڕێگا ئەبڕێ و تەنیایە

چاوی بیلبیلەیە بە خۆشەویستەکەی

ڕەجای دیداری خواوەندی یەکتایە

چەن خۆشە سوارگەیان کە ڕوو تێ ئەکەن

لەگەڵ موحەممەدا بەرەو لای خودایە.

---

[225] ئەو جیایەی ئێرە مەبەست پێی ئەوە نیە کەوا ڕۆژی ئەو کەسە جیاوازو جیایە نەخێر مەبەست پێی جیابۆتەوە لە خەڵك و تەنیایە. وەرگێڕ

لە کۆتاییدا: ئەوەی لەم زەمانەی ئێمەدا کە ئوممەتەکەمان ڕووبەڕووی ئەبێتەوە لەو میحنەت و فیتنەو بەڵاو موسیبەتانە ئەوە گشتی بەهۆی دووریە لە دینی خوای گەورەو کارکردن بە ئاداب و بانگەوازی پێغەمبەری خوا، وە ئەوەی کە لە دوژمنەکانیشمانەوە لەو ئازارو بەکەمدانانەی کە ئەکەوێتە سەر دین و پیرۆزیەکانی ئێمە ئەوە بەهۆی ناکۆکی و ڕاجیایی و سەربڕینی یەکترمانە لە نێو خۆدا، وە ناسین و بەڵگەی دوژمن بوون لە ڕووی دەقە (شەڕعیەکانەوە) ئەوەیە کەوا دوژمن نە دینی هەیە، وە نە پشکیشی هەیە (لە ڕۆژی دواییدا)، وە ئەبێ ژیریش بێ (سەلامەت بێ لە ئافاتەکان تێکچوونی ژیری)، جا ئەگەر بێت و بەو دینە بگەن و ڕێگای هیدایەت بگرنەبەر ئەوە بۆ ئەوان چاکترە هەم لە دونیا وە هەم بۆ دوارۆژیش.

ـ هەرچی دونیایە: ئەوە لە باری جێگیری فیکریدا ئەبێ ـ ئیتر پێکپڕژانی فیکری خۆکوشتن لە لایان کۆتایی پێ دێ، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾[226]، واتە: ئێوە وا ئەزانن بۆ گاڵتەجاری و بێهودە هەروا ئێوەمان دروستکردووەو بۆ لای ئێمە ناگەڕێنەوە؟

ـ وە هەرچی دوارۆژە: ئەوە ڕزگاربوونیانە لە مانەوەیان لە ئاگری دۆزەخ بە هەتایی، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾[227]، واتە: هەرکەسێك جگە لە دین و ڕێبازی ئیسلام دین و ڕێبازێکی تر هەڵبژێرێ ئەوە هەرگیزاو هەرگیز لێی قەبووڵ

[226] سورة المؤمنون آية ١١٥.

[227] سورة آل عمران آية ٨٥.

ناکرێت، بگره لـه ڕۆژی دوایشدا لـه خەسارەتمەندو ڕەنجەڕۆیەکان ئەبێت. وە چوونە نێو بەهەشتێك پانی و فراوانیەکەی بە قەد پانی و فراوانی ئاسمانەکان و زەوی ئەبێ کە بۆ کەسە موتتەقیەکان ئامادەکراوە، خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿إِلَّا مَن ظَلَمَ ثُمَّ بَدَّلَ حُسْنًا بَعْدَ سُوٓءٍ فَإِنِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[228]، واتە: "مەگەر ستەمی لـە کەسێ کردبێ و لـە پاش ئەو خراپەیە کاری خۆی بە باری چاکەدا گۆڕیێ، ئەوە من بەخشندەو میهرەبانم لـەگەڵی. وە بۆ پەند وەرگرتن بۆ کەسە ژیرەکان باسی ئەوە ئەکەین کەوا لـەو زەمانەی ئێمەدا کە دینمان ڕووبەڕووی ئەبێـەوە، بەڵام لـەگەڵ ئەوەش خوای گەورە خۆی پارێزەری دین و خۆشەویستەکەیەتی: هەروەکوو ئەفەرمووێ: ﴿يُرِيدُونَ لِيُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ۝٨ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ۝٩﴾[229]، کافرەکان ئەیانەوێ بە دەمە بۆ گەنەکانیان نووری خوای گەورە بکوژێننەوە، کەچی ئەوانە نازانن خوای گەورە خۆی تەواوکەرو کاملکەری نووری خۆیەتی و ئەو دینە بەهەموو جیهان ئەگەیێنێ ئەگەرچی کافرو موشریکەکانیش پێیان ناخۆش بێ، خوای گەورە ئەو زاتە مەزن و پیرۆزەیە کەوا پێغەمبەرەکەی خۆی بە قورئانێك و دینێکی ڕاست و حەقەوە ناردووە بۆ هیدایەتدانی خەڵك و دەرهێنانیان لـە بەندایەتی بەندەکان بۆ بەندایەتی خوای بەندەکان، وە هەتاوەکوو ئەو دینە حەقە دەرخاو بەرزی بکاتەوە بەسەر هەموو دینەکانی تردا ئەگەرچی کافرو موشریەکەکانیش پێیان ناخۆش بێ.

---

[228] سورة النمل آية ١١.

[229] سورة الصف آية ٨ ـ ٩.

**ئەو کەسەی جوێنی بە سەروەرماندا سەگەکە کوشتی**

ئیمامی ئیبن و حەجەری عەسقەلانی لە کتێبی (الدُّرَرُ الْكَامِنَةُ) باسی بەسەرهاتێك ئەکات کەوا دیانەکان بانگخوازەکانی خۆیان لە ناو هۆزەکانی مەغۆل بلاّو ئەکردەوە چونکە ئارەزووی بە گاورکردنیان هەبوو، ئەوەبوو هۆلاکۆی تاغوتیش ڕێوشوێنی بۆ خۆش کردبوون لەبەرئەوەی زەفەر خاتوونی خێزانەکەی دیان بوو، جا ڕۆژێکیان کۆمەڵێکی گەورە لە دیانەکان ڕوویان لە ئاهەنگێکی گەورەی مەغۆلی کرد، ئەمەش لەبەرئەوەی یەکێك لە سەرکردەکانی مەغۆل ببووە دیان، ئیتر یەکێك لە بانگخوازەکانی دیانەکان دەستی بە جوێندانی پێغەمبەر کردﷺ، لەوێشدا سەگێکی ڕاو هەبوو کە بەسترابۆوە، لە پڕێکدا دەنگی لێوەو هات و بۆی دەرچوو بە توندی پڕی دایێ، کابرای دیانیش دوای تێکۆشانێکی زۆر لە دەستی ڕزگار بوو، ئەوەبوو هەندێك لە ئامادەبووان گوتیان: ئەوە بەهۆی قسەکەتەوەبوو دەربارەی محمدﷺ، دیانەکەش گوتی: نەخێر، بەڵکوو ئەو سەگە نەفسێکی بە عیزەتی هەیە کاتێ کە منی بینی ئاماژە بە دەست ئەکەم ئیتر وا گومانی برد کەوا مەبەستم ئەوەیە لێی ئەدەم، پاشان دووبارە گەڕایەوە بۆ جوێندان بە پێغەمبەری خوا، وە جوێنی پیستری پێدا، ئەوجارە سەگەکە پەتەکەی ملی پچڕاندو پڕی دا گەرووی دیانەکە، ئەوەبوو هەر لەوکاتەدا گەرووی بڕی و دەست بەجێ دیانەکە مرد، ئیتر لەوکاتەدا نزیکەی چل هەزار کەس لە مەغۆلەکان موسڵمان بوون[٢٣٠]، خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿يُرِيدُونَ أَن يُطْفِئُواْ نُورَ ٱللَّهِ

[٢٣٠] بڕوانە: (الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة)(ب٤/ل١٥٣): هی ئەبو فەزڵ ئەحمەدی کوڕی عەلی کوڕی محمدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەجەری عەسقەلانی (و٨٥٢ھ). دانەر

بِأَفْوَٰهِهِمْ وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴾[231]، **كافرەكان ئەیانەوێ نووری خوای گەورە بکوژێننەوە بە دەمەکانیان، کەچی ئەوانە نازانن خوای گەورە ئەوەی ناوێ تەنیا ئەوە نەبێ نووری دینەکەی خۆی تەواو ئەکات و ئەو دینە بەهەموو جیهان ئەگەیێنێ ئەگەرچی کافرو موشریکەکانیش پێیان ناخۆش بێ.**

[231] سورة التوبة آية ٣٢.

## کۆتایی

لە خوای گەورە داواکارین هیدایەت و تەقواو پاکی و بێ ئیحتیاجی و عاقیبەت خێری و لیقاو پلەکانی ڕەزامەندی خۆی و سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانمان بە قیسمەت بکات، ئەی میهرەبانترینی میهرەبانان، وە ئەی ڕێزدارترینی ڕێزداران، وە ئەی بەخشندەترینی بەخشندەداران، یا اللّٰه.

ئەوە ئێوارەی شەوی ١٩موحەڕڕەمی ١٤٣٩ کۆچیە، کە تیایدا کتێبی (هاوسەنگیەکی ڕێك بۆ پاراستنی دین و ئەحواڵەکان) کە ناسراوە بە "خۆشویستراوەکان" لە بەرگی پێنجەمدا کەوتە بەردیدی خوێنەران، پاشان بە میهرەبانی و یارمەتی خوای مەزن دەست ئەکەین بە (مەعاریفی پەروەردگارێتی)[٢٣٢] لە مەقامی شوێنکەوتن و، خۆشەویستی و، خزمەتکردندا، وە داوای تەوفیق و پشتیوانی لەخوای مەزن ئەکەین، وە لەبەرەکەتی ئەو ئایەتەش بێ بەشمان نەکات ﴿يُؤْتِي ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾[٢٣٣]، سوپاس بۆ خوای گەورە لەسەرەتاو کۆتایی، وە لە ڕۆژی دوایی و پیشاندان لەبەردەم خوای گەورە ﴿يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾﴾[٢٣٤].

ئیتر سپاردەکەمان ئا بەو شێوەیە بەخوای خۆمان: ئەویش کارکردنە بە دینی کامڵ و چاك، لەگەڵ وورەبەرزی و بەرگە گرتن لە پێناو خوای گەورە،

---

[٢٣٢] ئەو کتێبەی تەواو بووە لە عەرەبیەکە کە بەرگی شەشەمی (میزان الإعتدال)ە. بەڵام گەر خوای گەورە عومر باقیدا وەری ئەگێڕین و ناوەکەشی ئەگۆڕین و ئەیکەینە (بەو جۆرە تۆم ناسی). وەرگێڕ

[٢٣٣] سورة البقرة آية ٢٦٩.

[٢٣٤] سورة الشعراء آية ٨٨ ـ ٨٩.

هەروەکوو ئەفەرمووێ: ﴿وَتُؤۡمِنُونَ بِٱلۡكِتَٰبِ كُلِّهِۦ﴾[٢٣٥]، واته: ئێوه ئیمانتان به هەموو کتێبێکی خوای گەوره هەیه. وه حاڵی دڵەکانیش لەگەڵ خوای غەیبزان که خۆی بێژەره: ﴿إِلَّا مَنۡ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلۡبٖ سَلِيمٖ﴾، وه خزمەتکردنی ئەو ئوممەته ڕەحم پێکراوه ـ بۆ کەسی تایبەت و عەوامەکەی، خوای گەوره ئەفەرمووێ: ﴿كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ﴾[٢٣٦]، واته: ئێوه چاکترین گەل و ئوممەتێکن که لەنێو خەڵکیدا هەڵبژێردران و دەرچوونه، چونکه فەرمان به چاکه ئەکەن و ڕێگریش له خراپه ئەکەن، وه هەم بڕواشتان بەخوای مەزن هەیه.

بەشی پێنجەم تەواو بوو به پشتیوانی خوای مەزن، هەر له ماڵەکەی خۆم و ڕیباتەکەی که لکاوه به مزگەوتی ڕیباگ له گەڕەکی قەلعەی موبارەك له شاری سامەڕای پیرۆز، له وڵاتی عێراق ـ که وڵاتێکی زانست و چاکەو جەنگ و ئاشتیه.

وه بەرگی شەشەمیش که کتێبی (المعرفة بالله) به یارمەتی و پشتیوانی و لوتفی خوای مەزن به دواوەیەتی، وه داوای قەبوڵی و ڕەزامەندی و هیدایەت و میهرەبانی له هەردوو دونیا بۆ ئەو ئوممەته ڕەحم پێکراوه له خوای گەوره ئەکەین، اللهم أمین، بەهۆی ئوممەتی ئیسلامەوه میهرەبانیمان لەگەڵ بکه، وه بەهۆی ئێمەشەوه میهرەبانی بەو ئوممەته بکه. ئامین

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

[٢٣٥] سورة آل عمران آية ١١٩.

[٢٣٦] سورة آل عمران آية ١١٠.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ. ﴿سُبْحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٨٠﴾ وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٨١﴾ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٨٢﴾﴾[٢٣٧].

**خزمەتکاری دین و ئوممەت**

**شێخ عباس سەید فازڵ حەسەنی**

---

[٢٣٧] سورة الصافات آية ١٨٠ ـ ١٨٢.

تێبینی: منیش بە میهرەبانی خوای گەورە لە وەرگێڕانی ئەو پەرتووکە پیرۆزو موبارەکە بوومەوە لە ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ٧/٩ ڕەجەبی / ساڵی ١٤٤٠ کۆچی کە ئەکاتە ٢٠١٩/٣/١٦ زاینی. وەرگێڕ

# ناوەڕۆك


| بابەتەكان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی وەرگێڕ | ١ |
| كورتەیەك لە ژیانی دانەر | ٥ |
| پێشەكی دانەر | ٩ |
| خۆشەویستانی خوای گەورە | ١١ |
| شوێنكەوتن و خۆشەویستی | ١٧ |
| مەزنێتی خۆشەویستی | ٢٠ |
| پایەكانی خۆشەویستی | ٢٦ |
| پوختەی پایەكانی خۆشەویستی و هاوەڵایەتی ئەولیاكان | ٥١ |
| خۆشەویستی ئال و بەیت | ٦٠ |
| خۆشەویستی هاوەڵە بەڕێزەكان | ٦٢ |
| خۆشەویستی ئەولیاكان | ٦٥ |
| خەم لە چی ئەخۆی | ٧١ |
| گەورەیی خۆشویستنی سەروەرمان | ٨١ |
| هۆكارەكانی بەدەستهێنانی خۆشەویستی | ٨٢ |
| خۆشەویستی سەرەتاو كۆتایی هەیە | ٨٦ |

| | |
|---|---|
| نەفس و شەیتان | ٩٧ |
| مەشغەڵەتی دونیاو تێکەڵابوونی خەڵك | ١٠٥ |
| تاقیکردنەوە | ١١٨ |
| ئەو کەسەی جوێنی بە سەروەرماندا سەگەکە کوشتی | ١٢٥ |
| کۆتایی | ١٢٧ |